# بەردەوام بوون لە سەر دینی خوا

## الإستقامة

نەک ساردبوونەوەو دابڕان لە دوای ئەو پەڕی هەوڵدان


نووسینی

م.فەرەیدون موحەممەد



چاپی دووەم

١٤٣١کۆچی

# ناسنامەی کتێبەکە

**ناوی کتێب**: بەردەوام بوون لە سەر دینی خوا ( الإستقامة )

**ناوی نوسەر**: م. فەرەیدون موحەممەد .

**پێداچوونەوەی**: م.صلاح الدین عبدالکریم

**ساڵی چاپ**: ١٤٣١ کۆچی .

**شوێنی چاپ**: چاپخانەی(سیڤا) .

**نۆبەتی چاپ**: چاپی دووەم

**تیراژ**: ١٠٠٠ دانە.

**ژمارەی سپاردن**: (١٠٣٧) وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ ساڵی (٢٠١٠)

**بنکەی بڵاوکردنەوە**: کتێبخانەی سیما/ چەمچەماڵ

ژ.مۆبایل (٠٧٧٠١٢٣٦٠٨٩).

**مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە**

## پێشکەش بێت بە :

- 🕮 دایك و باوکم بەتایبەتی.
- 🕮 مامۆستا و فێرکەرە بەڕێزەکانم،ئەوانەی دەستیان گرتم و بوونە هۆکاری ڕێنمایی کردنم بۆ سەر ڕێگای ڕاست.
- 🕮 مامۆستایانی سەرمینبەر میراتگرانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوانەی خاوەنی بیرو باوەڕی ڕاستەقینەن بەگوێرەی قورئان وسوونەت دەبێژن.
- 🕮 هەموو خوشك و برایەکی جێ بەجێ کەری دروشمە ئیسلامیەکان و بانگخوازانی گوێ نەدەر بە لۆمەی لۆمەکاران.
- 🕮 هەموو کەسێکی خۆڕاگرو دامەزراو لەسەر دینی خوای گەورە.
- 🕮 ئەوانەی خۆشەویستی ورق لێ بوونەوەیان تەنها لەبەرخوای گەورە یەو هەر لەو پێناوەشدا تێ دەکۆشن .

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إنَّ الْحَمْدَ لِلَّه نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللَّه مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَات أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِه اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِىَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠﴾

أَمَّا بَعْدُ...فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيث كِتَابُ اللَّـه وَأَحْسَنَ الْهَدْى هَدْىُ مُحَمَّد(ﷺ) وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَة بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِى النَّارِ.(١)

(١)ئەم پێشەکیە پێی دەوترێت(خطبة الحاجة)کەپێغەمبەری خوا(ﷺ)لەدەست پێکی وتارو ئامۆژگاریەکانیدا بەردەوام دەیخوێندو هاوەڵە خۆشەویستەکانیشی(رَضِيَ اللَّه عَنْهُمْ) فێر دەکرد.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ
عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ
بِٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ ٣٠ نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي
ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَشۡتَهِيٓ
أَنفُسُكُمۡ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ٣١﴾

(فصلت: ٣٠ – ٣١)

## پێشەکی

خوشکان و برایانی خوێنەر .....السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته......

هەمیشە و بەردەوام سوپاس و ستایش بۆ خوای میهرەبان، پەروەردگاری بەرزوبە توانا، چونکە بەیارمەتی ئەو توانیمان لە نوسراوێکی تردا بگەینەوە خزمەتی خوێنەری بەڕێز، هەر بۆیە یەکێك لە هەرە بەخششەگەورەکانی خوای گەورە بەسەر بەندەکانیەوە بریتیە لە(**ئاگادارکردنەوە و ڕونکردنەوە لە دونیادا پێش گەیشتن بە دواڕۆژ**)ئەویش بە ناردنی وەحی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کە موژدەدەرو ترسێنەرە، هەروەها بلأوکردنەوەی ئەو بانگەوازە کە خۆی لە بەتاك زانینی خواو ڕزگاربوون لە تاریکی گومڕایی بەرەو ڕوناکی و ڕێنومێنی خوادا دەبینێتەوە ، وە ڕێزو پلەو پایەی خواناسان دیاری دەکات و دەستیان دەگرێت تا شادیان بکات بە بەهەشتی پڕلە نازو نیعمەتی خوا، وە ڕزگاریان بکات و دووریان بخاتەوە لە ئاگری بلێسەداری گەرمی دۆزەخ، وەبێگومان ئەمانە هەمووی لە ژێر سایەی دینی پاکی ئیسلامدایەو پەیوەستە بەدامەزراوی وبەردەوامی لەسەر دینی خوای گەورە، وە ئەم بەردەوامیەش وای لێ بکات کەهەمیشە لەچاوەڕوانی مردندا ژیان بەسەر ببات. وەپێویستە تاکی موسوڵمان ئاگادارو هوشیاربێت، بزانێت کەئەم دونیایەی ئێمە دڵمان پێی خۆش کردووەو بەردەوام لەخەمیداین لای خوای گەورە نرخی باڵەمێشوولەیەکی نیەو خەڵکانێکی زۆریشی بەڕێ کردووەو ڕاپێچی نێو هەناوی زەوی کردوون، کە ئەوەی لەسەر ئێمەی هەڵگری ئەو پەیامە پیرۆزە پێویستە ئەوەیە کەبەردەوام بین ڕێ و شوێنی پێغەمبەری خوا ﷺ بگرین ولەسەر ڕێبازی پیاو چاکان بڕۆین و ساردبوونەوە ڕوومان تێ نەکات ، کەواتە بێتاقەت بوون وسارد بوونەوە پیشەی مرۆڤی خاوەن ژیرو چالاك نیە، مەحاڵە بۆکەسێك هەڵگری ڕێبازی خۆشەویستان بێت لە(( پێغەمبەران و هاوەڵان و پێشینانی چاك ))دابڕان و

دانیشتن بەرۆکی بگرێت و لە دوای ئەم هەموو پەرستن وەوڵدانە (ئەگەرخوای گەورە وەری گرتبێت) پەشیمان ببێتەوە بێگومان ئەوە تەنها لە شەیتانەوەیەو ئارەزووی پیس و چەپەڵ پاڵی پێوەدەنێت.بەڕاستی تاوانە بۆکەسێك لە دوای گەرم وگوڕی وجمو جوڵ و بانگەوازەوە بگۆڕێت بۆ کەسێکی ساردوسڕو تەمبەڵی وخاوو خلیچك کەهەموو ئەو پەیوەندیە ڕوحیانەی هەیبوو نەیهێڵێ و بە دەستی خۆی ئاگر بۆخۆی خۆشبکات ( پەنا بە خوای گەورە ) سەرەڕای ئەمانەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی کەسایەتی و خراپ بوونی پەیوەندیە کۆمەلأیەتیەکانی. داواکارم لە خوای بەخشەروبەتوانا دامەزراوو بەردەوامیمان پێ ببە خشێت لەسەر دینە پڕلە خۆشی و پاداشت دراوەکانی، وەخوای میهرەبانیش دڵێکی پڕ لە باوەڕو بێ فێڵمان بداتێ،تا ئەوکاتەی (مردن دەگاتە سەرمان و دونیای پڕ لە ئازار بە جێ دەهێڵین).

(اللَّهُمَّ إِنَّا نَعُوذُ بِكَ أَنْ نَرْجِعَ عَلَى أَعْقَابِنَا أَوْ نُفْتَنَ عَنْ دِينِنَا)(١)

واتە: ئەی پەروەردگار(خاوەنی هەموو ناوە جوانەکانت) پەنات پێ دەگرین لەوەی کە بگەڕێینەوە بەشوێن خۆماندا، دوابەدوا، یاخوود کە تووشی سەرلێشێوان و فیتنە ببین لە دینەکەماندا.

✍م. فەرەیدون موحەممەد

٢٠ جمادی دووەمی ١٤٣١ کۆچی

---

(١) پاڕانەوەی تابعی بەڕێز ابن أبی ملیکە یە(ڕەحمەتی خوای لێبێت ) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٦٥٩٣).

## پێناسەی بەردەوام بوون(الاستقامه )

**یەکەم** : لەڕووی زمانەوانیەوە.

الاستقامة: مصدراستقام على وزن استفعل،وهو مأخوذ من مادة ( قَ وَ مَ )التي تـــدل على شيء .انتصاب اوعزم، والى هذا المعنى ترجع الاستقامة في معنى الاعتدال، يقال قام الشيء واســـتقام.[1] **سەرچاوەی بەردەوامی یە لە سەر شتێك كە وەزنەكەی دەگەڕێتەوەبۆ وشەی(استفعل) وەهەروەها وەرگیراوە لەماددەی(ق وم) كەبەڵگەیە لە سەر شتتێك بە قیت و وەستاوی و دان بەخۆدا گرتووەوە وەستابێت، یاخود بە مانای مام ناوەندی هاتووە وەك دەڵێن: شتێك لە سەر قاچەكانی وەستاوە بەجێگیری.**

**دووەم: لە زاراوەی شەرعدا**

**الاستقامه:** ﴿ هي الوفاء بالعهود كلها، وملازمة الصراط المستقيم برعاية حد التوســـط في كل الأمور، من الطعام والشراب واللباس، وفي كل أمر ديني ودنيوي، فـــذلك هـــو الصراط المستقيم ، وأن يجمع بين أداء الطاعة واجتناب المعاصي،وقيل:الاســـتقامة ضـــد الاعوجاج،وهي مرور العبد في طريق العبودية بإرشاد الشرع والعقل،والمدومة ﴾ [2]

**واتە: بریتیەلە وەفابوون بەرامبەر بەو پەیمانەی كەداوتە بەخوا ،وە پەیوەست بوونە بەڕێگای ڕاست بە شێوەیەكی مام ناوەند ڕۆیشتن لە سەری، لە هەموو فەرمانە دنیایی و دواڕۆژەكاندا، ئەوەش بریتیە لە ڕێگای ڕاست، ڕێك خستنێك لە نێوان جێ بەجێ كردنی فەرمان و گوێڕایەڵ بوون بۆی، وە دووركەوتنەوە لە سەرپێچیەكان وەك دەڵێن: بەردەوام بوون و ڕاست ڕۆیشتن پێچەوانەی ساردبوونەوەو خوارو خێچ چوونە، وە بەردەوامی بەندە لەسەر ڕێگای ڕاست و**

---

(١) ( نضرة النعيم ٢/٣٠٢ )

(٢) (التعريفات ١/٦)

پەرستنی خوای گەورە و میهرەبان بەرێ نیشاندەرێتی شەرع و عەقڵ و بەردەوام بوون. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی بەردەوام بوون بریتیە لە:

﴿ ڕاست و ڕەوان و ڕێك ڕۆیشتن لە سەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام وە هاوئاست بوون لە شتە نهێنی و ئاشکراکاندا چ لە ناخی مرۆڤدا بێت یاخود لەهەڵس و کەوت و کردەوەیدا بێت ، وە بریتیە لە لانەدان و ماندوو نەبوون وئەملاو ئەو لانەکردن ، هەروەها بریتیە لە گوێ نەدان و سڵ نەکردنەوە لە بانگەوازکەرانی سەر ڕێچکە و ڕێبازە شەیتانیەکان وهەمیشەش ئاگادربێت زیادوکەم نەکات لە دینەکەیدا و بەردەوام بێت لە سەر کردەوەی چاك تاکو مردن دێتە سەری و ماڵ ئاوایی دەکات لەم دونیایەدا ﴾

قال سري السقطي(رحمه الله) (خمس من كن فيه فهو شجاع بطل: استقامة على أمر الله ليس فيها روغان، واجتهاد ليس معه سهو، وتيقظ ليس معه غفلة، ومراقبة الله في السر والجهر ليس معه رياء، ومراقبة الموت بالتأهب )[1] واتە:سڕی سەقەطی ( ڕەحمەتی خوای لێبێت ) دەفەرموێت:پێنج شت هەن لە هەرکەسێکدا بێتە دی ئەوە ئازاو چاونەترس و پاڵەوانە:

١–بەردەوام بێت لەسەردینی خوا ،بەلاّم بەبێ ئەم لاو ئەو لاکردن لە سەری

٢–تێکۆشان و بڕیاردان ، بەلاّم بەبێ هەڵە .

٣–وریاو بە ئاگابێت ، بەلاّم بەدانایی یەوە .

٤–هەست بە چاودێری خوا بکات ، بەلاّم بەبێ ڕوپامایی.

٥–لە چاوەڕوانی مردن دا بێت، بەلاّم بەو پەڕی ئامادەکاریەوە .

(١) حلية الاولياء ٤/٢٠٦

## بەردەوام بوون و خۆڕاگری لەسەر کام ڕێگا ؟؟

بێگومان ڕێگاو ڕێباز زۆرن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان جا هەرکەسەو بە شێوازی تایبەتی خۆی ڕێگایەك هەڵدەبژێرێت و کاری بۆ دەکات و لە پێناویدا خۆی بەخت دەکات، بۆیە ئەمە گرنگ نیە ئەوە گرنگە تاچ ڕادەیەك ئەو ڕێگا ڕاستەیە کەدینی خوا باسی دەکات و هانی مرۆڤەکان دەدات کە لەسەری بڕۆن و بەردەوام بن لە سەری.هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت﴿فَاسْتَمْسِكْ بِالَّذِي أُوحِيَ إِلَيْكَ إِنَّكَ عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ (٤٣) ﴾ (الزخرف) واتە:توند دەست بگرە بەوقورئانەی کە بە ڕێگەی وەحی یەوە نێردراوە بۆت، چونکە ئەی **مُحَمَّد**ﷺتۆ لەسەر ڕێگای ڕاستی. یاخود خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ (٦) صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ (٧) ﴾ (الفاتحة) **واتە:**ئەی پەروەردگار ڕێنومێنیم بکە لە سەر ڕێگای ڕاست، کام ڕێگا ؟! بێگومان ڕێگای ئەوانەی کە بەخششی خۆت ڕژاندووە بە سەریاندا نەك ڕێگای ئەوانەی کە خەشم و قینت لێیان گرتووە یان ڕێگای گومڕایان هەروەك پێشەوا ابن جریري طبري(ڕەحمەتی خوای لێبێت)دەربارەی(**ڕێگای ڕاست**)دەفەرموێت﴿الطریق الواضح الذي لاعوجاج فیه ﴾[1] واتە: ئەو ڕێگا ئاشکراو دیارەیە کە هیچ خواری و خێچیەکی تێدا نیە.هەروەها بۆزیاتر ڕوون کردنەوەی ڕێگاکان وزانیاری دەربارەیان پێویستە بزانین چەند جۆر ڕێگاهەیەوئەوڕێگا سەرەکیانەش چەند ڕێبازی تری لێ دەبنەوە ؟؟

بێگومان(٣) سێ جور ڕێگا هەیە کەمرۆڤەکان خۆیانی تێدا بدۆزنەوە ئەوانیش:

١–ڕێگای ڕاست: بریتیە لەوڕێگا ڕاست وڕەوانەی کە بەزووترین کات وکەم ترین

(١) تفسیرطبري (١/١٠٩)

ماوەوئاسانترین شێوە دەتگەیەنێتە ئامانج و مەبەستی دیاری کراو، بەبێ ماندووبوون و هەڵە کردن لە ڕێ ڕۆیشتندا.

٢-ڕێگای خوارو خێچ: بریتیە لەو ڕێگایەی کە بە سیفەتی خوارو خێچی و لارو لەوێری ناسراوە، وەدەبێتە هۆی تێکچوون و ڕێ لێ هەڵە بوونی ڕێبوارانی ڕێگاکەو نەگەیشتن بە ئامانجی دیاری کراوو ماندووبوون و شەکەت بوون لە و ڕێگایەدا تا دەگات بە دوا مەنزڵی خراپی خۆی.

٣- ڕێگای لادراو: ئەمیشیان بریتیە لەو ڕێگایەی کە ڕێگەیەکی لادراوەو لەسەر سیفەتی ڕاستێتی نەماوەو کەسێکیش دەبێتە هۆی لادەروئەمەشیان زیاتر لە ئامانج و مەبەستی خۆی دوور دەکەوێتەوەو ئەو سەرەنجامەی کە مەبە ستێتی بۆی نایەتە دی و تەواو لەسەری ماندوو دەبێت، بەبێ ئەوەی پاداشتیشی هەبێت

کەواتە ئێستا زانرا لە جۆری ڕێگاکاندا چی بەدی دەکرێت ، بەلاَم ئێمە دەمانەوێت هەڵوێستەیەك بکەین لە سەر ئەو ڕێگایەی کە مەبەستمانەو دەمانەوێت لە سەری بەردەوام و دامەزراو بین (بەیارمەتی پەروەردگار)چونکە تاکە ڕێگایە کە مرۆڤ دەتوانێت دڵی پێ خۆش بکات و کاریشی لە پێناودا ئەنجام بدات بەبێ پشوو دان ئەم ڕێگایەش بێگومان بریتیە لەڕێگای ڕاست کە خاوەنی چەند سیفەتێکی تایبەتیە لەوانە:

١- ڕێگایەکی ئاشکراو دیارەو بەئاسانی کەسەکان تێی دەگەن و لە هەموو شوێنێکدا ڕاستێتی خۆی پاراستووە.

٢- ڕێگایەکی تەخت و ڕێك و مام ناوەندە دوورە لە بەرزی و نزمی و شیوو دۆڵ توشی هەڵدێرو ئازار نابیت لەسەری مەگەر خۆت لا بدەی لەسەری .

٣- نزیکترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بەشوێنی مەبەست، چونکە لەسەر ڕۆیشتنی سەلامەتەوترسی دواکەوتن و لێ دابڕانی نیە .

٤–ئاسانە بەسیفەتی لەسەر ڕۆیشتنی و لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خەڵکدایە .

٥– ڕێگایەکی فراوانەو بەربلاًوە هەموو کەسێك دەتوانێت بگات پێی و خۆی تیا ببینێتەوە و کارو کردەوەی لەسەر ئەنجام بدات .

٦–ئەم ڕێگایە پێشتر لەلایەن پێشونانی خۆمانەوە تاقی کراوەتەوەو ترس و بیمی ناوێت، چونکە خەڵکانێکی پێدا ڕۆیشتووە کەخوای گەورە لێیان ڕازی بووە.

٧– دوورە لە گومان و دوو دڵی تیایدا، چونکە خاوەنی شتی ڕاست و دروستەو پارێزراوە لە دەستی ناحەزان و درۆزنان [١].

ئەم سیفەتە بەرزو جوانانەی کە خرانە ڕوو تەنها لە(ڕێگای ڕاست )دا بەدی دەکرێت و هەڵگران و شوێن کەوتوانی ئەو ڕێگایەش خۆشبەخت و دڵشادن، بەردەوام بوون لەسەر ئەم ڕێگایەش مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو بەهەشتەی کەخوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ أَكْبَرُ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (٧٢)﴾ (التوبة)واتە:خوای گەورە پەیمانی داوە بە پیاوانی باوەڕدارو ئافرەتانی باوەڕدار کە بیانخاتە ناوباخ و باخاتی بەهەشتەوە کەڕووبارەکان بە ژێریدا دەڕۆن، وە بۆ هەتا هەتایش تێیدا دەمێننەوە، وەجگە لەمەش چەندان خانوو شوێنی نیشتەجێ بوونیان بۆ ئامادەکردووە، وەجگە لەمەش ڕەزامەندی خوایان بۆ هەیە کە لەهەموو شتەکان خۆشترو گەورەترە، هەرئەوەش بەختیاری و سەرفرازی گەورەیە.

---

(١) (ڕێگای ڕاست ژمارە ١ ل٧–٨)

## مژدەیەك بۆ ئەوانەی بەردەوامن لە سەر ڕێگای ڕاست

عن جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ الْأَنْصَارِيَّ قَالَ:
﴿خَرَجَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَوْمًا فَقَالَ إِنِّي رَأَيْتُ فِي الْمَنَامِ كَأَنَّ جِبْرِيلَ عِنْدَ رَأْسِي وَمِيكَائِيلَ عِنْدَ رِجْلَيَّ يَقُولُ أَحَدُهُمَا لِصَاحِبِهِ اضْرِبْ لَهُ مَثَلًا فَقَالَ اسْمَعْ سَمِعَتْ أُذُنُكَ وَاعْقِلْ عَقَلَ قَلْبُكَ إِنَّمَا مَثَلُكَ وَمَثَلُ أُمَّتِكَ كَمَثَلِ مَلِكٍ اتَّخَذَ دَارًا ثُمَّ بَنَى فِيهَا بَيْتًا ثُمَّ جَعَلَ فِيهَا مَائِدَةً ثُمَّ بَعَثَ رَسُولًا يَدْعُو النَّاسَ إِلَى طَعَامِهِ فَمِنْهُمْ مَنْ أَجَابَ الرَّسُولَ وَمِنْهُمْ مَنْ تَرَكَهُ فَاللَّهُ هُوَ الْمَلِكُ وَالدَّارُ الْإِسْلَامُ وَالْبَيْتُ الْجَنَّةُ وَأَنْتَ يَا مُحَمَّدُ رَسُولٌ فَمَنْ أَجَابَكَ دَخَلَ الْإِسْلَامَ وَمَنْ دَخَلَ الْإِسْلَامَ دَخَلَ الْجَنَّةَ وَمَنْ دَخَلَ الْجَنَّةَ أَكَلَ مَا فِيهَا وَمَن لَم يَجبه عاقِبَه أَو قال:عَذَبَه عَذابا شَددا﴾[1].

جابری کوڕی عەبدولاَ (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت ) دەفەرموێت :

ڕۆژێکیان پێغەمبەری خواﷺلێمانەوە دەرکەوت و هات بۆلامان فەرمووی:من لە خەومدا بینیم جبریل(سەلامی خوای لەسەربێت)هاتە لای سەرمەوەو وەستا، پاشان میکائیل(سەلامی خوا لەسەر بێت)هاتە لای قاچمەوەو وەستا ، یە کێکیان بەوی تریانی ووت: ئادەی نمونەیەکی بۆ بهێنەرەوە، بۆ ئەوەی بەم نمونەیە حاڵی خۆی بۆ ڕوون بکەینەوە ، ئەوی تریش فەرمووی:دەی ببیستە ئەی پێغەمبەری خواﷺخوای گەورە گوێ بیستت بکات، وە جوان تێبگە لەو نمونەیەی کە بۆت دەهێنینەوە ، خوا تێت بگەیەنێت، وەدڵ هوشیارت بکات، باش بزانە ئەی مُحَمَّدﷺ وێنەو نمونەی تۆ بۆ ئوممەتەکەت وەکو وێنەی ئەوە وایەکە ، پاشایەك خانوویەکی دیاری کردووە ، وە ناو خانووەکەش تاکە ماڵێکی تێدایە، لەناو

---

(١) أخرجه الترمذي(٢٨٨) قال الحافظ ابن رجب في الفتح(١٨٣/١٥)

ماڵەکەشدا سفرەیەك ڕاخراوە خواردنی جۆراو جۆری لە سەر ئامـادەکراوە ، ئینجـا پاشاکە نێردراوێکی خۆی ناردووە بە دوای خەڵکانا بانگیان بکات بۆ ئەو دەعوەتە ،جا هەرکەسێك وەڵامی نێردراوەکەی دایـەوەو هـات بـەدەم دەعوەتەکـەوە ،ئـەوە دەچێتە ناو خانووەکەوە پاشان دەچێتە ناو ماڵەکەشەوە پاشان لە خواردنەکـەش دەخوات، ئینجا هەندێك لە مەلائیکەکانی تر لەگەڵ میکائیل و جبرائیل دابوون ( سەلامی خوایان لەسەر بێت) وتیان: بۆ زیاتر ڕوون بوونەوە ئەم نمونەیەیـەی بـۆ لێك بدەنەوە با باشتر لێی تێ بگات ، ئەوانیش فەرموویان :

**پادشاکە**: ﷲ یە. کە دیاری کەری خانووەکەو ماڵەکەیە .

**خانووەکە:** ئیسلامە. کە خەڵکی بۆ بانگ دەکرێت .

**ماڵەکە** : بەهەشتە. کە داواکاری زۆرە .

**نێردراوەکە** : تۆی ئەی مُحَمَّدﷺ کە دەعوەتی خەڵك دەکەیت .

جا هەرکەسێك وەڵامی ئەو بانگەوازەی تـۆ بداتـەوە و شـوێن ڕێگـاو سـوننەتی تـۆ بکـەوێت ئـەوە کەسـەکە هاتۆتـە نـاو دیـنی ئیـسلامەوە، هەرکەسـیش هاتـە نـاو ئیسلامەوە دەچێتە بە هەشتەوەو ، هەرکەسیش چووە ناو بە هەشـتەوە ئـەوە لـە جۆرەها خواردنی ئامادەکراو دەخوات ، هەرکەسیش لە خواردنەکەی خوارد مانای وایە بەردەوامەو بۆ هەتا هەتایی تیایدا دەمێنێتەوە ، بەڵام هەرکەسێك پێچەوانەی ئەمە بکات ئەوە مافی خوای گەورەیە کە سزای بدات بە سزایەکی توند کـە ئـەویش دۆزەخە((خوای گەورە پەنامان بدات )).

ئـــەی موســـوڵمانی بـــەڕێز :بزانـــەخوای گـــەورە بـــەزەیی بـــە حاڵمانـــدا بێتـــەوەو بەردەوامیمان پێ ببەخشێت ،چونکە تاکـە ڕێگـا بـۆ ڕزگـاربوون لـە سـزای ئـازاری ناوگۆڕ بریتیە لە دامەزراوی لە سەر دینی خوا، هەروەك خۆشحاڵی وبـە ختـەوەریـە بۆ ژیانی دونیاو سەرفرازی و بردنەوەیە بۆ ڕۆژی دوایی، لەوانەیە ئەو ڕێگایـەی کـە

تۆ گرتووتەتەبەر لێرەوە بەدرك ودالّی سەرە رێ دەست پێ بكات و ئازار بە قاچەكانت بگەیەنێ، بەلاّم بشزانەكۆتایی ڕێگاكە بەویستی خوای گەورە گولّ وگولّزارەو، هەر بەردەوامیشە بەندەكانی خوای گەورە ڕاپێچی شوێنی بەرز و خۆش دەكات.

## ڕاڤە كردنی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز دەربارەی بەردەوام بوون

خوای بەرزو میهرەبان بە ڕاشكاوی و ڕاستەوخۆیی لە قورئاندا دەربارەی بەردەوام بوون سەرنجی خوێنەری ڕادەكێشێت و هانی بەندەكانی دەدا كە بەو سیفەتانە خۆیان بڕازێننەوە وەك دەفەرموێت:

**یەكەم**:﴿ إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ (٣٠) نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنْفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ (٣١) نُزُلًا مِنْ غَفُورٍ رَحِيمٍ (٣٢)﴾ (فصلت) واتە :بێگومان ئەوانەی كە وتیان پەروەردگارمان اللَّهُ یە و دانیان نا بەوەی كەتەنها خوای پەروەردگار بەڕێوەبەرو دروستكارو مرێنەرو ژیێنەرەو هەموو پەرستنەكانیش تەنها بۆئەو ئەنجام بدرێت پاشان لەسەر ئەو ووتەیە بەردەوام و دامەزراوبن، ئەوە خوای گەورەو میهرەبان لەكاتی ناڕەحەتی و نەهامەتی ناوگۆڕو زیندووبوونەوەدا مەلائیكەی تایبەتی ڕەوانە دەكات بۆ لایان وموژدەیان پێ دەدەن و پێیان دەڵێن:﴿ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا﴾ترستان نەبێت لە پاشە ڕۆژتان واتە ئەوەی كە لە مەودوا دێتە ڕێتان وە دلّ تەنگ وخەفەت باریش مەبن بەوەی كەمالّ و منداڵتان لە دونیادا بە جێ هێشتووە،چونكە ئێمە چاودێریان دەكەین،پاشان موژدەیەكی تریان پێدەدەن و پێیان دەڵێن:﴿وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي

كُنْتُمْ تُوعَدُونَ﴾ دەی موژدەتان لێبێت بەوبەهەشتەی کەپێشتر لەدونیادا بەڵێنتان پێدرابوو،بۆیە ئیتر ماندووبوون و ناڕەحەتی نەماجا مەلائیکەکانی خوا دەفەرموون مزگێنی بێت لێتان فەرموون وەبشزانن ئیتر﴿ نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ ﴾ ئێمە دۆست وپاڵپشتی ئێوەین و هەروەك چۆن لە دونیاشدا دۆست و پاڵپشتان بووین تاکو ئێوەش گەیشتن بەو شوێنەی کە بە لێنتان پێ درابوو تا بەردەوام بن لەسەر کرداری چاکە، جا موژدەیەکی ترتان لێبێ ئەویش:﴿ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنْفُسُكُمْ﴾ لەخۆشیە نەبڕاوەکانی بەهەشت و نازو بەخششەکانی ئەو جێگایە ئەوەیە کەنەفس و ئارەزووتان چی داوابکات یەکسەرئامادەیە، وەلەوەش زیاتر کە ئێوە بەبیرتاندا نایەت لەوێ ئامادەیە وە لەخزمەتتاندایە، جا ڕێزی تایبەتی هەیە ئەوەی کە لە دونیادا ڕێزی تایبەتی دانابوو بۆ بەرنامەی خواو ئەملاو ئەولای نەدەکردو بەردەوام بوو لەسەری، هەربۆیە﴿ نُزُلًا مِنْ غَفُورٍ رَحِيمٍ ﴾ئەم میوانداریەو ئامادەکاریەش لە لایەن خوای پەروەردگارێکەوە کەخاوەنی دووسیفەتی زۆر جونە لە سیفەتەکان ئەوانیش: (غَفُور) تاوان پۆش و لێ خۆشبووەو (رَحِيمٍ)کەزۆریش بە بەزەییە بەرامبەربەندەکانی.

پێشەواو زانای بەناوبانگ الماوردي(ڕەحمەتی خوای لێبێت )دەفەرموێت:

ثُمَّ اسْتَقَامُوا (چوار) واتاو مەبەستی سەرەکی هەیە لەوانە:

١–ثُمَّ اسْتَقَامُوا واتە خوای پەروەردگار بەتاك وتەنها بناسی وهەرلەسەر ئەو شێوەیەش بەردەوام بیت لەسەر پەرستنی تا دەمریت کە ئەمەش وتەی ابوبكرو مجاهد ﵄.

٢– ثُمَّ اسْتَقَامُوا واتە سووربوون لەسەرگوێ ڕایەڵی خوای پەروەردگارو بەتوانا وە بە جێ کردنی فەرمانەکانی کە ئەمەش وتەی ابن عباس وحسن و قتادةیە﵃.

٣– ثُمَّ اسْتَقَامُوا واتە بەردەوام بوون لە پەرستنەکاندا بە دڵسۆزی و ئەنجام دانی

کــردەوەی چــاك تــا ئەوکاتــەی مــردن پێــت دەگــات کــە ئەمــەش وتــەی ابوعاليةوالسدي ﭬ.

٤- ثُمَّ اسْتَقَامُوا واتە بەردەوام بوون لەسەر کردەوە وەك چۆن بەردەوام دەبیت لـە وتەکاندا کەئەمەش ووتەو بۆچوونی ماوردی خۆیەتی ڕەحمەتی خوای لیبێ [١]

کەواتە: کەم نیە بەرهەمی بەردەوامی لەسەر دینی خوا بـەوەی کـە لەڕاڤـە کردنـی ئایەتـە پیرۆزەکـەدا ڕوون بـووەوە پاداشـتی ئەوکەسـانە دیـاری کـرا کـە قاچـیان چەسپاوو چەقیوە لەسەر بەرنامەی خوا، جـا نـازانم سـاردی و سـڕی و بـێ تاقـەت بوون لەسەر پەرستنەکان بۆچـی؟لە کاتێکدا خـوای گـەورە پـەیمانی پـشتگیری و یارمەتی دانی پێ داوی. هەربۆیە کاتێك(حەجاجی کوڕی یوسـفی سـەقەفی) ویـستی زانای پایە بەرز سەعیدی کوڕی جوبەیر( ڕەحمەتی خوای لێبێت) بکوژێت، پێشەوا سەعید داواکاری یەکی هەبوو کە ئەویش بینینی کوڕە خۆشەویستەکەی بوو،کاتێك ناردیان بە دوای کوڕەکەیدا هات بۆ لای باوکی لەو کاتەدا کە بـاوکی بـەو شـێوەیە بینی دەستی کردە گریان ، پاشان پێشەوا سەعید فەرمووی:ئەی کوڕی خۆم ئەوە دەبیـنم دەگریـت! !لـە کاتێکـدا سـوپاس بـۆ خـوا لـە پـاش پەنجاوحـەوت سـاڵ بـەردەوام بـوون و تەمـەنێکی دوورو درێـژ لەسـەر دیـنی خـوا ئـیتر مـانی باوکـت سوودی چی یە؟ [٢]

هـەروەها ڕۆژێکیـان پێغەمبـەری خۆشەویـستمان ﷺ دەگـات بـە هـاوەڵی بـەڕێز حارثەی کوڕی سوراقە(خوا لێی ڕازی بێت)پێـی دەفـەرموێت ئـەی حارثـە ئـادەی هــەواڵم پــێ بــدە بـزانم ئـەم بەیانیـەت چـۆن کـردەوە؟حارثـەش(خـوا لێـی ڕازی بێت)فەرمووی:بێگومان ئـەم بەیانیـەم بـە بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە کـردەوە، ئینجا

---

(١) النكت والعيون تفسير الماوردي(١٨٠/١٧٣/٥)

(٢) صفة الصفوة ( ج٢ ص٥١)

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی ئەی حارثە بزانە چی دەڵێی ئایا دەتوانی بیسەلمێنی؟ ئەویش فەرمووی بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺدەتوانم بیسەلمێم، من ئەم شەو بەخەبەربووم تابەیانی و بەردەوام شەو نوێژم دەکرد، وە ئەمرۆش بەڕۆژووم و بەم شێوەیە بەیانیم کردەوە، وە ئێستا وادەزانم بە چاوی خۆم عەرشی پەروەردگار دەبینم وەك ئەوە وایە کە بڕوانمە خەڵکانی ناو بەهەشت وسەردانی یەك تری دەکەن لە ناوخۆیاندا، وە وەك ئەوەدێتە بەرچاوم کە بڕوانمە خەڵکانی ناودۆزەخ و دەبیستم کە زریکەیان دێت لە ناویدا، ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ کەئەمەی لە کوڕی سوراقە بیست پێی فەرمووی ﴿ئەی کوڕی سوراقە ئەوە تۆ ڕێگات دۆزیوەتەوەو باوەڕی تەواو لە ناو دڵتدا جێگیر بووە و بەردەوام بە لە سەری،سوراقەش ووتی:داواکاریەکم هەیە ئەی پێغەمبەری خواﷺئەویش ئەوەیە دوعای شەهیدیم بۆبکە،جا پێغەمبەری خواﷺبۆی پاڕایەوەو داوای لە خوا کرد کە حارثە شەهید ببێت؟؟ ! پاشان حارسە بەردەوام و جێگیر بوو لەسەر دینی خوا تائەوەبوو جەنگی بەدرهاتە پێشەوەو حارسەش بەشداری کرد ئیتر ئەوەبوو تیرێك هات و دای لەگەردنی حارسەو خوێنی پاکی ڕژاو شەهیدبوو ،جا دایکی حارثە کەناوی ڕوبەیعەی کچی نەزر بوو،کاتێك هەواڵەکەی پێگەیشت کە حارثە شەهیدبووە ،یەکسەر چوو بۆلای پێغەمبەری خواﷺ پێی فەرموو:﴿ يَا نَبِيَّ اللَّهِ أَلَا تُحَدِّثُنِي عَنْ حَارِثَةَ وَكَانَ قُتِلَ يَوْمَ بَدْرٍ أَصَابَهُ سَهْمٌ غَرْبٌ فَإِنْ كَانَ فِي الْجَنَّةِ صَبَرْتُ وَإِنْ كَانَ غَيْرَ ذَلِكَ اجْتَهَدْتُ عَلَيْهِ فِي الْبُكَاءِ قَالَ يَا أُمَّ حَارِثَةَ إِنَّهَا جِنَانٌ فِي الْجَنَّةِ وَإِنَّ ابْنَكِ أَصَابَ الْفِرْدَوْسَ الْأَعْلَى﴾. [1] واتە:ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵم بدەرێ دەربارەی حارسە ی کوڕم سوێند بێت بە خوا بۆی ناگریم تا نەزانم لە ئەهلی بە

(١) رواه البخاري ٢٦/٦ و ٤١٥/١١ ( السيرة حلبية٢/٤٠٥)

هەشتە یان لە ئەهلی دۆزەخ ،ئەگەرئەهلی بە هەشتە ئەوە ئارام دەگرم وەئەگەرنا گریانێك دەگریم زۆر بەتوندو بەرز،جا پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێدا کە ئەی دایکی حارسە خۆ بەهەشت تەنها یەك بەهەشت نیە ، بەڵکو بەهەشت بریتیە لە چەندان باخ وباخات و گوڵ وگوڵزار،کوڕەکەی تۆش لە هیچیان نەوەستان تاکو گەیشتووە بە فیردەوسی ئەعلا کە ئەو شوێنە بەرزترین و خۆشترین شوێنە لە بەهەشتدا، ئیتر ئەوەبوو دایکی حارثە بە بزەخەندەو دەم بەپێکەنینەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوەو هەر دەیووت( بەخ ... بەخ ئەی حارثە بەڕاستی بردتەوە) .

**دووەم:**﴿ إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (١٣) أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٤)﴾ (الاحقاف) واتە: ئەوانەی کەوتیان پەروەردگارمان ﷲ یەو پاشان لەسەر ئەو وتەیە بەردەوام و دامەزارو بوون، وەبەهیچ شێوەیەك ئەملاولا ناکەن وەلە سەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام بەردەوام بوون،﴿ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ هیچ ترس و بیمێکیان لێ نانیشێت وەئەمینن لەڕۆژی دوایی، هەروەها ﴿ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ خەم و خەفەتیش ڕوویان تێ ناکات و دڵ تەنگ نابن بۆ ئەو ماڵ و منداڵەی لە دونیادا بەجێیان هێشتووە ، وەپەشیمانیش نین لەوەی کەلەدونیادا لەسەری بوون.جائەوانە ﴿ أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا﴾هاوەڵانی ئەو بەهەشتەی خوان کە ئامادە کراوە بۆیان .وە بە هەتاهەتایش تیایدا دەمێننەوەو ژیان دەبەنە سەر لەمەودواش لەوێ ناخۆشی وماندوو بوون نامێنێت ﴿جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ ئەمەش پاداشتی ئەو کارو کردەوانەیە کە ئەوان ئەنجامیان دەدا بەردەوام و جێگیر بوون لەسەری هەتا ئەو کاتەی مردن پێیان دەگات .لە ڕاستیدا ترسان لە خوای گەورە یەکێکە لە هەرە سیفەتە زۆر جوان و گەورەکان کە هەمیشە پێغەمبەران وهاوەڵان و پیاوچاکان لە بەرامبەریدا داماون ولە ژیانی دونیادا خۆیان پێڕازاندۆتەوەترسان لە خوای

میهرەبان ترسان لە ڕۆژی دوایی کە لە دونیادا ترساون و ئەو جۆرە ترسەش وای کردووە کە بەردەوام بن لە سەر ئەو دینە پاك و بێگەردە،هەروەکو وەهبی کوڕی کیسان ( ڕەحمەتی خوای لێبێت ) دەفەرموێت:عبدوڵای کوڕی زوبێر(ڕەزای خوای لێبێت)نامەیەکی ئامۆژگاری بۆنوسیم کەتیایدا نوسرابوو....(بزانە کە لە خواترسەکان چەند نیشانەیەکیان هەیە پێی ناسراون لەناخی خۆیاندا،ئەویش ئەوەیە:

١_ئارام ودامەزراون لەبەرامبەر بەلاَو نەهامەتیدا.

٢_ڕازین بەقەزاو قە دەری خوا.

٣_سوپاس گوزارن لە بەرامبەر بەخششەکانی خوادا.

٤_مل کەچن لەبەردەم حوکمی قورئاندا [1].

کەواتە:ئێستا کەسانێك کەخوای گەورە ڕەحمی پێ کردوون و دامەزراوو ڕاوەستاون لە سەردینی خوا بەدڵ وزمان دانیان ناوە بەو ووشە پیرۆزەدا و بەڕاستیان زانیوە لە کردەوەشدا ڕەگی داوەتەوە، ئەوە دەك پیرۆزیان بێ ئەو بەهەشتەی کە ئامادەکراوە ، بەڕاستی تەنها شایان بە خۆیانەو هەروەك گومانیشی تێدا نیە پاداشت لە جۆری کردەوەیە ، بۆیە پێویستە لەسەر بەندەی خوا لە هەموو بوارەکاندا دامەزراوبێ جالەوەش ترسناك ترئەوەیە **عَبْدُ اللَّهِ** کوڕی **مَسْعُودٍ**(ڕەزای خوای لێبێت)دەفەرموێت پێغەمبەری خواﷺ فەرمویەتی:﴿ فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلَّا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ فَيَدْخُلُهَا وَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلَّا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَيَدْخُلُهَا﴾ [2]

---

(١) جامع العلوم والحكم/ (ص١٤٩) .

(٢) رواه ابن ماجة (٧٦) .

واتــە: ســوێند بــەو خوایــەی نەفــسی مــنی بەدەســتە خــەڵکی واتــان هەیــە بــەکاروکردەوەی ئــەهلی بەهەشــت کاردەکــات تــا ئەوەنــدە نزیــك دەبێتــەوە لــە بەهەشت تا لەنێوان ئــەوو بەهەشــتدا بــاڵێکی دەمێنێــت، جــا نامــەی کردەوەکــانی پێش دەکەوێت و بەکارو کردەوەی ئەهلی دۆزەخ کار دەکات و دەچێتە دۆزەخەوە .یــان کەســی واتــان هەیــە بــەکاروکردەوەی ئــەهلی دۆزەخ کاردەکــات تــا نامــەی کردەوەی پێش دەکەوێت و بە کردەوەی ئەهلی بە هەشت کــار دەکــات و دەچــێتە بەهەشتەوە.

**سێ یــەم:**﴿ فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَمَنْ تَابَ مَعَكَ وَلَا تَطْغَوْا إِنَّهُ بِمَــا تَعْمَلُــونَ بَــصِيرٌ (١١٢)﴾ **(هود)** واتە: ئەی **مُحَمَّد**ﷺخۆت و ئەوانــەی لەگــەڵتان وەئەوانــەش کــە شوێن کەوتەتن وە تەوبەیان کردووە لەهاوەڵ بڕیــاردان و کــاری خراپــە، دەی بــەو جۆرەی کەخوا فەرمانی پێ کردووی دامــەزراوو بــەردەوام بــە لەســەر دیــنی خــوا ، ئینجا﴿ **وَلَا تَطْغَوْا**﴾ وەسنوورو یاساو ڕێسای پەروەردگار تێ مەپەڕێنــەو ئــەملاو لا مەکە، دەرمەچۆ لەفەرمانەکانی خوا، چونکە بەڕاستی خــوای گــەورە﴿ إِنَّــهُ بِمَــا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾بەهەر کارو کردەوەیەك کەئەنجامی دەدەن شارەزایەپێی وبینــەرەو دەیبینێ .لەڕاستیدا هیچ کەسێك هێندەی پێغەمبەری خوا **مُحَمَّد**ﷺلە خواترس و خۆپارێز نەبووە لە تاوان و سەرپێچی خوای گەورە ، کەچی لە هەمان کاتدا خــوای گەورە ئاگاداری دەکاتەوەو پێی ڕادەگەیەنێت کە دامەزراوبوون لەسەردین کرۆکــی پەرستنەکانە، هەرلەبــەر ئەمــەش بــوو عبداللــەی کــوڕی عــەباس(ڕەزای خوایــان لێبێت)فەرمووی ئیمامی أَبُو بَكْرٍ (خوا لێی ڕازی بێت)فەرمووی:﴿ يارَسُولَ اللَّهِ قَــدْ شِبْتَ قَالَ شَيَّبَتْنِي هُودٌ وَالْوَاقِعَةُ وَالْمُرْسَلَاتُ وَعَمَّ يَتَسَاءَلُونَ وَإِذَا الشَّمْسُ كُــوِّرَتْ ﴾(١)

(١) رواه الترمذي )(٣٢٩٧) .

ئەی پێغەمبەری خـواﷺدەبیـنین زۆر بـە زوویـی پـیر بویت،ئـەویشﷺفـەرمووی بـەڵێ:سـورەی هـود وهاودۆسـتەکانی پیریـان کـردم، سـورەی هـود لەبەرئـەوەی کەئایـەتێکی تێدایەفـەرمانی پـێ دەکـات بـە بـەردەوام بـوون لەسـەر دیـن وەك دەفـەرموێت: فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِـــرْتَ .....هـەروەها هاودۆستەکانییـشی بـریتین لـە﴿ الْوَاقِعَةُ وَالْمُرْسَلَاتُ وَعَمَّ يَتَسَاءَلُونَ وَإِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ ﴾ئەویش لە بەرئەوەی باسـی نارەحەتیـەکانی ڕۆژی قیامـەتیان تێدایـە.کەواتـە بزانـە ئەگـەر بـۆ پێغەمبـەری خواﷺبەردەوام بوون هێنـدە پێویـست بێـت ئـەوە بـۆ ئێمـەی بەنـدەی خـوا زۆر پێویسترو لەولاترە،خوێنەری بەڕێز ئەم ترسە زۆر گرنگە بۆتـاکی باوەڕدار،چـونکە تاکە ڕێگایە بۆ مانەوەو دامەزراوی لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام وخۆسـازدان بـۆ ئەو ڕۆژەی کە خوای گەورە دەفـەرموێت:﴿ يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ (٨٨) إِلَّا مَـــنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَـــلِيمٍ (٨٩)﴾ (الـــشعراء) واتـە:ڕۆژێـك دا دێـت(کەمەبەسـتی ڕۆژی قیامەتە) هیچ شتێك سوودی نیە بۆ مرۆڤەکان نەماڵ و نەمنـداڵ، جگـە لـە دڵێکـی ساغ و پاك و بێگەردو بە دووربووبێت لە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای تاك و بەتوانا.

**چـوارەم:**﴿ فَلِذَلِكَ فَادْعُ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَقُلْ آمَنْتُ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنْ كِتَابٍ ......﴾ الشورى /١٥واتـە:ئـەی **مُحَمَّـــد**ﷺلەبەرکێشەوپەڕاگەندەیی خاوەن نامەکان، تۆش بۆ دینی خوای گەورە خەڵکی بانگ بکـەو هەربەوشـێوەیەی کەخوا فەرمانی پێ کردووی وَاسْتَقِمْ دامەزراوو بەردەوام بە،وَلَا تَتَّبِـــعْ أَهْـــوَاءَهُمْ وە شوێنی هەواو ئارەزووەکانیان مەکەوە، چونکە هـەر دەسـتەو کۆمەڵـەی دەیـەوێت بەلای خۆیدا ڕاپێـچت بکـات ﴿ وَقُلْ آمَنْتُ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنْ كِتَابٍ ﴾ وەبڵـێ:بـاوەڕم هێنا بە هەر پەیام و نامەیەك خوا دای بەزاندۆتە خوارەوە .ئەگـەر چـی جولەکـەو دیانەکان بڕوایان بە هەندێکی نەبوو، بێگومان بانگەوازکردن بۆلای خوای کاربەجێ هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئەویش بەو مەرجەی کـە تـەنها لەبـەر

خوای گەورەو میهرەبان بێت و لەژێرڕۆشنایی قورئـان و سـوننەتدا بێـت، جـا ئـەم بانگ کردنی خەڵکە بۆ سەردینی خوا پاداشتی تایبەتی بۆ ئامادە کـراوەو هۆکـاری بەختەوەریشە بۆ هەردوو دونیا.بۆیە زۆر گرنگە مرۆڤی بـانگ خـواز کاتێـك بـیر لـە بانگ کردنی خەڵك دەکاتـەوە بۆسـەر دیـنی خـوا جـاریٚ پـێش هەمووشـت ئـەوەی بانگـەوازی بـۆ دەکـات دەبێـت لـە خۆیـدا ڕەنگـی دابێتـەوەوکردەوەی پێبکـات، هەروەها دەبێت ئەو بانگ کردنەش لەسەر چاو ڕۆشنی بێت ئارامیش بگرێت لەسەر ئازارو بەلاَو نەهامەتیەکانی، چـونکە تاکـە کەسـێك کـە توشـی ناڕەحـەتی دەبێت لەسـەر دینەکـەی کەسـانی بـانگخوازن هـەروەك پێـشینانمان(ڕەحمـەتی خوایـان لـێبیٚ)سـەرەڕای ئـازاردان و بەنـدکردن و دەرکـردن لەسـەر مـاڵ و نیـشتمانیان هەرسـووروودامەزراو بـوون لەسـەری و پەشـیمان نەبوونەتـەوە خـوای گـەورە ئـاوا وەسفیان دەکات ودەفەرموێت:﴿ وَاصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ (١١٥)﴾ هود واتە:ئارام بگرە لەسەر بەلاَو نەهامەتیـەکان، چـونکە خـوای گـەورە پاداشـتی ئارام گران و چاکەکاران بە فیرۆ نادات.هەربۆیە پێشەوا موجاهد(ڕەحمـەتی خـوای لێبیٚ) دەفەرمووێت:( أول شهيدة في الاسلام سمية والدة عمار ... أما أبو جهل فطعنها بحربة في قبلها ) [1] واتە:یەکەمین کەسێك کە پلـەی شـەهیدی پـیٚ بـە خـشرابێت لـە هاوەڵانی پێغەمبەری خـوا مُحَمَّدﷺ خـاتوو سـومەییەی دایکـی عـەمماری کـوڕی یاسر بوو(ڕەزای خوایان لێبێت)کەتاکە کەسـیش تـیرۆری داهێنـا لـەو سـەردەمەدا أبوجهل ی بیٚ باوەڕی دڵ ڕەق بوو(نەفرەتی خوای لیٚ بیٚ)کە خوشـکە سـومەییەی سەربەرزو خۆڕاگری لـەناو گـەرماو زیخـی بیابانـدا ڕا دەکـشان و شمـشێرێکی کـرد بەسکیداو شەهیدی کرد.کـە بێگومـان تـەنها هۆکـار بـۆ ئـازاردان وشـەهیدکردنیان

(١) أخرجه ابن سعد في الطبقات (٨/٢٤٦-٢٦٥ ) .

هەردەست گرتن بوو بە دینی خواوەو بەردەوام وتنی ئەو ووشەپیرۆزانە بوو کە مانای یەکتاپەرستی دەبەخشی.هەروەك ئێستاش دەبینین ودەبیستین کەهەمان ئەشکەنجەو ئازار ڕوو دەکاتە باوەڕداران و تەنانەت جەنگی دەروونیش هۆکارێکی ترە کەبۆتە چەکی دەستی دوژمنانی خواو ئازاری موسوڵمانی پێ دەدەن.ئەوە جگە لەوەی کە هەواو ئارەزووش هۆکارێکی ترە بۆ لە خشتەبردنی موسوڵمانان وڕاپێچ کردنیان بۆ ناو زۆنگاوو لێلاوی تاوانەکان.لەبەرئەوە دەبێت هەمیشە بەئاگاو زیتەڵ بیت نەبادا ڕۆژێك لەناکاوخۆت ببینیتەوەو لە نێو کۆڕو کۆبوونەوەی هەواو ئارەزوو پەرستاندا.

**پێنجەم:**﴿ يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ وَيَفْعَلُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ (٢٧)﴾ (ابراهيم) واتە:خوای پەروەردگار ئەوانە دامەزراوو جێگیر دەکات لەسەر دینی خوا کە باوەڕیان هێناوەو بڕیارەکانی خوا جێ بە جێ دەکەن، ئەویش بە هۆی وتنی ئەو ڕستەیەی کە مرۆڤ جیادەکاتەوەلە بێ باوەڕیەوە بۆ باوە ڕداری کە بریتیە لە﴿لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ﴾جا ئەوانە﴿ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ ﴾لەژیانی دونیاو لە ژیانی دواڕۆژدا خوای گەورە قاچیان چەسپاووجیگی دەکات وبەردەوام دەبن لەسەری بەرنامەکەی خوا.هەروەها﴿ وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ وَيَفْعَلُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ ﴾ ستەم کارانیش گومڕاوسەرلێشێواو دەکات ئەگەر خوای گەورە بیەوێت شتێك بکات دەیکات.بۆیە زۆر بەئاسانی دەتوانێت ئەنجامی بدات وهەرکەسیشی بوێت ڕێنوموێنی دەکات،جا کاتێك کە مرۆڤ گەڕایەوە بۆلای خواو تەسلیم کرا بەناو گۆڕو خرایە نێوماڵەکەی تری ئەوە مەلائیکەی خوا(سەلامیان لێبێت)دێنە سەری و هەر زۆر زوو دەست دەکەن بە لێپرسینەوە لێی ئەگەر کەسێکی خاوەن بڕواو دامەزراو بووبێت لە دونیادا ئەوە بێگومان بە چاکترین شێوە پێشوازی لێ دەکرێت و کارئاسانی بۆ دەکرێت، بەڵام(پەنابەخوای

گەورە)ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو ئەوە چاوەڕوانی چی دەکرێت لە نوێنەرێك کە فەرمان پێکراوی تورەیی خوابێت.

**شەشەم:**﴿ وَكُلًّا نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ وَجَاءَكَ فِي هَذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ (١٢٠)﴾ (هود) **واتە: ئەی مُحَمَّد**ﷺ**هەواڵ و بەسەرهاتی ئەو هەموو پێغەمبەران و گەلانەت بۆ دەگێڕینەوە،ئەویش بەوەی کە ﴿ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ ﴾تاکو دڵەکەت زیاتر دامەزراوو بەهێزبێت لەسەر ئەو کارەی دەستت داوەتێ و دڵنیاش بیت لە ڕاستی کارەکەت وە﴿ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ ﴾ ئامۆژگاری و بیرخستنەوەیەکیشە بۆ ئەوانەی کە باوەڕدارن.**

**دامەزراوی دڵ لەسەر دینی خوای گەورەدەبێتە هۆی زیادبوونی باوەڕ وپتەو بوونی،وەدەشبێتە هۆی پابەندبوونی بەندە بە گوێ ڕایەڵی خوای گەورەو میهرەبان،چونکە گومانی تێدا نیە کە دڵ بەشێکی گەورەی لاشەی مرۆڤی داگیر کردووەو فەرمانی خۆی دەکات وەك نُعْمَانَ بْنَ بَشِيرٍ(خوالێی ڕازی بێت)فەرموویەتی:** (سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ إِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ) [1] **واتە: گوێم لە پێغەمبەری خوابوو (ﷺ) دەیفەرموو: لەناو لاشەدا پارچە گۆشتێك هەیە، جا هەرکات ئەو پارچە گۆشتە چاك و ساغ بوو ئەوە هەموولاشە بەهۆیەوە چاك و سەلامەت و ساغ دەبێت، بەلأم بەپێچەوانەوە هەرکات ئەو پاچە گۆشتە خراپ و گەندەڵ بوو ئەوە لاشەکەش هەمووی خراپ و گەندەڵ دەبێت، (وَهِيَ الْقَلْبُ) ئەو پارچە گۆشتەش بریتیە لە(دڵ).کەواتە دڵ ئەو دەزگا چالاك و زیندووەیە کە دەتوانێت هەمیشە مرۆڤ بەرەو هەڵدێر یان ڕێی چاك بەرێت، هەروەك شوێنی**

---

(١) رواه البخاري (٥٢) .

کۆبوونەوەو بڕیاردانە، لەو مەڵبەندە گەورەیەدا کە خوا دیاری کردووە، بۆیە تـەنها دڵێکـیش کــە بتوانێــت خــاوەنی ئــەم ســیفەتە بێــت بریتیــە لــە دڵەســاغ و چاکەکان.هەروەك پێشەوا ابن سيرين(ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەفەرموێ: دڵی ساغ ئـەو دڵەیـە کـە بزانـێ بەتـەنها ﷲ شـایەنی پەرسـتنەوخوایەکی ڕاسـتەو بـێ هاوەڵـە، وەڕۆژی دوایـش بـوونی هەیـەو گومـانی تێـدا نیـە، وە بـڕوای وابێـت کـە ئەوانـەی چوونەتە ناوگۆڕەکانیان ئێستا هەن وخوای گەورەش زیندویان دەکاتەوە [(١)]

کەواتە بەردەوامی هۆکارە بۆ ڕزگاربوونی بەندە لە خەشم و قـینی خـوای گـەورەو میهرەبان، وە پێویستە کەسانی خاوەن جورئەت هەمیشە لـەورە بەرزیـدا بـژین و لەوجۆرە کەسانەبن کە نەترسن وە مردن لەسـەر ئـەو حاڵەتـە پێیـان بگـات، نـەك لەوانەبن ( پەنا بـەخوا ) کـە دوودڵ و دڵـە ڕاوکـێ وایـان لـێ دەکـات کـە هەمیـشە ئەمبەرو ئەو بەربکەن، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە کۆمەڵێك لەسەر حەوزی کەوسەر دەردەکرێن سَـــهْلِ بْـــنِ سَـــعْدٍ (ڕەزای خـوای لێبێـت) دەفـەرموێت: پێغەمبـەری خـوا(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)فەرموویـەتی: (إِنِّي فَرَطُكُمْ عَلَى الْحَوْضِ مَنْ مَرَّ عَلَيَّ شَرِبَ وَمَنْ شَرِبَ لَمْ يَظْمَأْ أَبَدًا لَيَرِدَنَّ عَلَيَّ أَقْوَامٌ ....فَأَقُولُ إِنَّهُمْ مِنِّي فَيُقَالُ إِنَّكَ لَا تَدْرِي مَا أَحْدَثُوا بَعْدَكَ فَأَقُولُ سُحْقًا سُحْقًا لِمَنْ غَيَّرَ بَعْــدِي)[(٢)] . واتـە:لـەڕۆژی دویـدا کاتێـك لەسـەر حـەوزی کەوسـەرم کۆمـەڵێك لەئوممەتەکـەم دێـن بـۆلام تـا ئاوبخۆنـەوە لەوحەوزەی کە ئەگەرکەسێك لێـی بخواتـەوە ئـەوە بـە هـیچ جۆرێك جـارێکی تـر تینووی نابێت، بەڵام ئەو کۆمەڵە لەناکاو مەلائیکەکانی خـوا دووریـان دەخەنـەوەو دەیان گێرنـەوە، وەنـاهێڵن هیـچی لـێ بخۆنـەوە، منـیش پێیـان دەڵـێم: ئەوەچـی دەکەن خۆ ئەوانە لە ئوممەتی منن، ئەوانیش دەڵێن: ئـەی مُحَمَّــد ﷺ تۆنـازانی

---

(١) تفسير ابن كثير (٣٥٢/٣ ) .

(٢) رواه البخاري (٦٥٨٣) .

ئەوانــە لــە دوای دەرچــوونی تــۆ لــەدونیا چــیان داهێنــاوەو چــۆن پــشتاو پــشت هەڵگەڕانەوە، وەئەوانە لەسەر دینی خوا نەمانو بـەردەوامیان نـەبوو، ئینجـامنیش دەڵێم( سُحْقًا سُحْقًا لِمَنْ غَيَّرَ بَعْدِي) دەك بە هیلاكا بچن و لێم دووربكەونەوە مـادام لە دوای من ئاوا دینتان گۆڕی و وەك خۆی نەمان لەسەری.

**حەوتــەم**:﴿ وَأَنْ لَوِ اسْتَقَامُوا عَلَى الطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَاهُمْ مَاءً غَدَقًا(١٦)لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ وَمَـــنْ يُعْرِضْ عَنْ ذِكْرِ رَبِّهِ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا (١٧) ﴾(الجن) واتـە: بەڕاسـتی ئەگـەر ئـەو خەڵكە بەهەردوو جۆری دروستكراوەكانی خواوە لە ( جـن و مـرۆڤ )ڕێگـای ڕاسـتی ئیسلامیان بگرتایەوبەردەوام بوونایە لەسەری ئەوە﴿ لَأَسْقَيْنَاهُمْ مَاءً غَدَقًا﴾ئەوكاتە ئێمەش ئاوێكی زۆرمان پێ دەنۆشیتن وپیت و فەڕو بەرەكەت دەكەوتە ناوكێڵگـەو باخ وبێستانەكانیانەوە، بێگومان ئەمەش تاقی كردنەوەی خوایـە لـە بۆمرۆڤـەكان، تا بزانرێت كامیـان دامـەزراودەبن وە هەركەسـیش ڕوو وەرگێڕێـت لـە دیـنی خـواو پشتی تێ بكات واز لـە یـادكردنی خـواش بهێنێـت، ئـەوە خـوای گـەورە دەیخاتـە ناوسزای توندو قورسی خۆیەوە. وە بشزانن كـە بـەردەوام بـوون لەسـەردینی خـوا دەبێتە هۆی باران بارین و دەرچوونی سەوزایی.جایەكێكی تر لەو بەخشە زۆرانەی كە خوای گەورە دەیبەخشێتە بەندەكانی خۆی بریتیە لە پێـدانی(ئـاو)كـە دەبێتـە هۆی ئاوەدان كردنەوەو بوژاندنەوەی سەرزەوی و زینـدوو هێـشتنەوەی مرۆڤـەكان لەسەری، بۆیە هەركات ئەمە پێچەوانە بووەوە ئەوە تەنها چاوەڕوانی لەناوچوون و بەهیلاك چوونی بەندەكانی خوا دەكرێت تیایدا، هەر وەك زۆر بەداخەوە بۆ مرۆڤە سپڵەو پێ نەزانەكانی سەردەمی ئەمڕۆمان سـەرەڕای ئـەم هـەموو بەخشـشە زۆرە بەڵام ڕێزی نازانن و بگرە لەگـەڵ دەرچـوونی ئـەو سـەوزایی وبەخششانەدا ئـەمان هەڵدەستن بە ئەنجام دانی بێ فەرمانی خوای گـەورە وەك دەرچـوون بەمەبەسـتی گەشت و سەیران (بەلام بـە شـێوەیەكی ئاژەڵانـەو دوور لـە سـیفەتی مـرۆڤ بـوون)

بـەوەی کـە لەسـەر ئـەو بەخشـشەی خـوا دەسـت دەکـەن بـە خواردنـەوی مـاددە هۆشـبەرەکان و خۆیـان دەخەنـە ڕیـزی بـێ باوەڕانـەوەو هـەروەها تێکـەڵاوبوونی هەردوو ڕەگەزو شایی کردن و لێدانی مۆسیقاوگۆرانی و کات بـە فـیڕۆدان، کەئەمـە لە دینی خوادا جێی نابێتەوەو ڕەت کراوەیە، جگە لەوەی کـە هـیچ ترسـێکیان لـە دڵـدا نامێنێـت بەرامبـەر بـە خـوای گـەورە کـە لـەو کاتـەدا ڕق و غـەزەبی خـۆی دابـەزێنێت و لـەناویان بـەرێت ، هـەروەك ئـەوەی کـە ئێـستا لەزۆربـەی وڵاتانـدا دەبینرێت و دەبیسترێت، خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفـەرموێت:﴿ وَلَـوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَلَكِـنْ كَـذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ (٩٦) ﴾(الاعراف) واتە:ئەگەر خەڵکانی ناو ئەو گونـدو شارانە بڕوایان بهێنایەو لە خـوای گـەورە بترسـانایە وەکاریـان بـە بەرنامـەی خـوا بکردایە ﴿ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ ﴾ئەوە ئەوکاتە ئێمەش دەرگای گشت خێروفـەڕو بەرەکـەتی خۆمـان لـە ئاسمانەکانـەوە بـۆ دەکردنـەوەو بـەڕووی ئەواندا والأمان دەکردەوە، وە بەرەکەتی زەویشمان پێ دەبەخشیـن کە بریتیە لـە بوونی دانەوێڵەو سەوزایی ، جا هەرکات باران باری ئەوە ئینجا سەوزایی و دانەوێڵە دەتوانێت بڕوێت و لە زەوی بێنە دەرەوە﴿ وَلَكِنْ كَذَّبُوا فَأَخَـذْنَاهُمْ بِمَـا كَـانُوا يَكْسِبُونَ ﴾بەلأم ئەوان بەدرۆیان زانی وئێمەش گرتنێك ئەوانمان گرت کـە پێویـست بوو هەرخۆیان ئەو باجەی بدەن کەواتە:خوای گەورە پێدانی ئاوو بەخششی خۆی پەیوەست کردووە بە بەردەوام بوون لەسەردینەکەی خۆی، هـەروەك سـری کـوڕی یـەحیا(ڕحمـەتی خـوای لێبێـت)فەرموویـەتی:ڕۆژێکیـان لەگـەڵ مـالیکی کـوڕی دیناردابووم(ڕحمەتی خوای لێبێت)دەیفـەرموو:ئەگـەر ئێـستا مەلائیکـەتێك بێـت و بڵێت با خراپترین کەستان هەستێت و لە مزگەوتە بـچێتە دەرەوە ئـەوە مـن پـێش هـەمووتان دەچـمە دەرەوە. لـە کاتێکـدا ئـەم پیـاوە بـەڕێزە لـە بـواری زوهـدا

ناوبانگێکی تەواوی هەبوو(خوالێی ڕازی بێت) [(١)]

**هەشــتەم:**﴿ وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّــى يَأْتِيَــكَ الْــيَقِينُ (**٩٩**)﴾ (الحجــر)واتــە:هەمیـشە پەروەردگاری خۆت بپەرستە تا ئەوکاتەی دەگەیت بە یەقین واتــە(مـردن).سـەرنج دان لەم ئایەتە پیرۆزەی قورئان دەمان گەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە پەرستنی خوای گەورەش هاوکاتە لەگەڵ گەیشتن بە کاتی مردن، واتە مـرۆڤ هەمیـشە لـە پەرسـتن بێزار نەبێت تاکو ئەو کاتەی کە مردن دەگاتە سەری و کاتی ماڵ ئاواییەتی، بـەلاّم بەداخـەوە بـۆ کەسـانێك کـە بـە هەڵـە لـەم ئایەتـە گەیـشتوون یـان خۆیـانی لـێ هەڵەدەکەن لەکاتێکدا کە دەڵێن: مرۆڤ و جن پێویستە تا ئەو کاتە خواپەرستن کە یەقینیان بۆدێت واتە دەگەن بەو یەقینەی کە ((گوایـە خوامـان ناسـیوەو دەزانـین مـردن هەیـەو ڕاسـتەو وە دواڕۆژیـش دێـت و چـاکەو خراپـەش پاداشـت و سـزای لەسەرە ئیتر ئێمە گەیشتوین بەم یەقینـە دەکەواتـە ئـیتر پەرستنی خـوا لەسـەر ئێمـە نـەما))،بـەلاّم ئەوانـە زۆر هەڵـەن لەبـەر ئـەوەی خـۆ ئەگـەر وابوایـە ئـەوە خۆشەویست ترین و بەڕێزترین بەندەی خوا کـە پێغەمبـەری خـوا **مُحَمَّــد**ﷺبـوو تـادوا هەناسـەی ژیـانی بـەردەوام بـوو لـە پەرسـتنی خـوا وئـەنجام دانـی نوێـژو ئامۆژگاری کردنی هاوەڵانی ( خوایان لێ ڕازی بێـت)هـەروەك ( أَنَّ مُعَاذَ بْنَ رِفَاعَــةَ أَخْبَرَهُ عَنْ أَبِيهِ قَالَ قَامَ أَبُو بَكْرٍ الصِّدِّيقُ عَلَى الْمِنْبَرِ ثُمَّ بَكَى فَقَالَ قَامَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺعَامَ الْأَوَّلِ عَلَى الْمِنْبَرِ ثُمَّ بَكَى فَقَالَ اسْأَلُوا اللَّهَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ فَإِنَّ أَحَدًا لَمْ يُعْطَ بَعْدَ الْــيَقِينِ خَيْرًا مِــنْ الْعَافِيَــةِ) [(٢)] واتـە:مـەعازی کوڕی ریفاعـە لـە باوکیـەوە دەگێڕێتـەوەو دەفـەرموێت:بـاوکم ووتـی:ڕۆژێکیـان پێـشەوا ابـوبکری ڕاسـتگۆ(خـوای لـێ ڕازی بێت)چووە سەر مینبـەر پاشـان دەسـتی کـرد بـە گریـان و فـەرمووی پێغەمبـەری

---

(١) صفة الصفوة ( ج٢ص١٨٩) .

(٢) رواه الترمذي (٣٥٥٨) .

خواﷺئا لەم شوێنەدا و لەساڵی یەکەمی دا لەسەر مینبەر دەستی کرد بە گریان و فەرمووی:( اسْأَلُوا اللَّهَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ فَإِنَّ أَحَدًا لَمْ يُعْطَ بَعْدَ الْيَقِينِ خَيْرًا مِنْ الْعَافِيَةِ...). هەروەك زانای خواناس عبدالواحد(ڕەحمەتی خوای لێبێ)دەگێڕێتەوە: دەفەرموێت: لەگەڵ هاوڕێیانم ویستمان سەردانی ئافرەتێك بکەین لەیەکێك لە گەڕەکەکانی شاری بەصرە، جا پێیان وتین کە سەردانی نەکەین و نەچین بۆلای، چونکە ناتوانین کە ببینین، ئێمەش وتمان بۆ هیچ شتێك ڕویداوە؟ وتیان بەڵێ! ئەوە بۆ ماوەی ٣ ڕۆژە چووەتەماڵەوەو دەرگای لەسەر خۆی داخستووە و هەمیشە و بەردەوام دەگریت، ئێمەش وتمان بۆچی دەگری مەسەلە چی یە؟وتیان لەبەرئەوەی تەنها مێروولەیەکی کوشتووە دەترسێت خوا لێی خۆش نەبێت [1].

**نۆیەم:** ﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَعْبُدُ اللَّهَ عَلَى حَرْفٍ فَإِنْ أَصَابَهُ خَيْرٌ اطْمَأَنَّ بِهِ وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ انْقَلَبَ عَلَى وَجْهِهِ خَسِرَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةَ ذَلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ (١١)﴾(الحج) واتە:لە ناو خەڵکیدا کەسانی واهەن کە بە شێوەیەك خوا دەپەرستن لە کەنارێکی ئیسلامەتیدان و لارو لەوێرانە مامەڵە دەکەن، هەرکات کە تووشی خێرێك یان خۆشیەك بوو ، ئەوە دڵ خۆش و ئارام دەبێت، یەکسەر دانی پێ دا دەنێت و دەڵێت بەڕاستی ئەمە دینێکی ڕاست و باشە، بەلاّم ئەگەر ناخۆشی یان ئازارێك ڕووی تێ کرد یەکسەر هەڵ دەگەڕێتەوەو واز لە ئیسلام دەهێنێت و دەڵێت ئەمە دینێکی خراپە.جا بەم هەڵوێستەی خۆی خەسارەتمەند دەکات و ژیانی دونیاو قیامەتی لە دەست دەدات . بێگومان مەسەلەی عیبادەت وپەرستنی خوای گەورە یەکێکە لە چڵە پۆپەکانی دینی خوا، کە بە مانای مل کەچ بوون و زەلیلی دێت بۆ خوای گەورە سێ جۆر پەرستنی سەرەکی هەیە کەبریتین لە پەرستنی خوا بە

(١) صفة الصفوة ( ج١ ص٢١٣)

(دڵ) و (زمان) و (کردەوە)جا پەرستنی خوا بە دڵ ئەوەیە وەك شێخ حەسەنی بەصری (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت : (الْإِيمَانُ مَاوَقَرَ فِي القلب وصَدَقَه العَمَل) واتە باوەڕ ئەوەیە کە لە دڵدا جێگیربێت.وەکرداریش ڕاستێتی ئەوە بسەلمێنێ هەروەها پەرستنی خوابە زمان ئەوەیە کە بە یادی خواو پاڕانەوە و سوێند خواردن و داوای یارمەتی کردن تەنها لە خوای گەورە بێت وبەس، نُعْمَانُ بْنِ بَشِيرٍ رضي الله عنه دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی( الدُّعَاءُ هُوَ الْعِبَادَةُ )[1] واتە:پاڕانەوە خۆی لە خۆیدا پەرستنی خوایە.هەروەها پەرستنی خوا بە کردار بریتیە لە ئەنجام دانی نوێژو ڕۆژوو نەزرو تێکۆشان لە پێناوی خواو حەج و...... هتد ....کەواتە پەرستنی خوا بە هەموو جۆرەکانیەوە هۆکارە بۆ بەردەوام بوون لەسەر دینی خوای گەورە،لەبەرئەوەی هەرکاتێك مرۆڤ ویستی تاوان ئەنجام بدات ختورەی بڕوابوون بە خوا دێت بە دڵی داو واز لەو تاوانە دەهێنێت و نایکات کەئەمەش مانایەکی گشتگیری هەیە،لە گەڵ ئەوەی کە هەمیشە پێڕی شەیتان ودۆستەکانی لە بۆسەدان بۆکەسی خاوەن بڕواو دامەزراو لەسەر دین،خوای گەورەش ئاگاداری کردوینەتەوە کە شەیتان نەپەرستین و گوێ ڕایەلی بۆ نەکەین وەك دەفەرموێت:﴿ أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَنْ لَا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ (٦٠)﴾(یس) واتە:ئەی نەوەی ئادەم ئایا ئێمە بەڵێنمان لێ وەرنەگرتن کە ئیتر گوێڕایەڵی شەیتان نەکەن و نەیپەرستن ،چونکە شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئێوەیە.

---

(١) رواه أبو داود (١٤٧٩) والترمذي(٢٩٦٩) وابن ماجة (٣٨٢٨) .

## گوڵبژێریێك لە فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی بەردەوام بوون و دامەزراوی لەسەر دینی خوا.

**یەكەم:** هاوەڵی خۆشەویست (عَنْ سُفْيَانَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الثَّقَفِيِّ) فـەرمووی: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ قُلْ لِي فِي الْإِسْلَامِ قَوْلًا لَا أَسْأَلُ عَنْهُ أَحَدًا بَعْدَكَ .(وَفِي حَدِيث أَبِي أُسَامَةَ غَيْرَكَ )قَالَ قُلْ آمَنْتُ بِاللَّهِ فَاسْتَقِمْ)[1] واتـە: ووتم ئـەی پێغەمبـەری خـواﷺوتەیـەكم پێ بڵێ لە ئیسلامدا كە زۆر ڕوون و ئاشكرابێت بەلامەوە، وە پرسیار لە كەسی تـر لەبارەیـــەوە نەكـــەم دوای تــۆ، لــە ڕیوایــەتی ابــی ئوســامە(خــوالێی ڕازی بێت)دەفەرموێت( غەیری تۆ)جا پێغەمبەری خواﷺفەرمووی:بڵـێ بـاوەڕی تـەوام بە خوا هێناو پاشان لەسەر ئەو باوەڕهینانە بەردەوام و دامەزراو بە.

بێگومان ئەم فەرموودە بەڕێزە چەند سوودو ڕوویەكی لێ دەخوێندرێتەوە لەوانە:

أ–سووربوونی هاوەڵان(خوایان لێ ڕازی بێت)لەسەر وەرگرتنی زانست و زانیاری لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وكارپێكردنی.

ب–بەتەنگەوەهاتنی دینەكەیان وشوێن پێ هەڵگرتنی خۆشەویستمانﷺلە هەموو كارو وتەو هەڵس و كەوتێكدا .

ج–باوەڕهێنانی تەواوو بەڕاست زانینی بەرنامەی خوا،بەوەی كەتەنها خوای گەورە بەدی هێنەرەو هەرخۆی شایەنی پەرستنەو تـەنها ئەویشە كـە خـاوەنی سـیفەتی بەرزو پاك و تەواوە.وەهەرخۆشی هەبووەو هەر ئەویش دەمێنێ.

د–بەردەوام و دامەزراو لەسەر دینی خوا، بەبێ ئەوەی بێ تاقەتی وساردی و سڕی ڕووت تێ بكات،تا مردن پێت دەگـات. كەواتـە: (عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْـــهُ

---

(١) رواه مسلم (٣٨) .

قال: قَالَ رسول الله ﷺ ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلَّهِ وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ)(١) **واتە: ئەنەسی کوڕی مالك (خوالێی ڕازی بێت)دەفەرموێت:سێ شت هەن لە هەرکەسێکدا بێتە دی ئەوە تامی باوەڕی چێشتووە، ئەویش:خوا پاشان پێغەمبەری خوایﷺ لە هەموو شت زیاتر خۆشبوێت، کەسێکیشی خۆشویست تەنها لەبەر خوا خۆشی بوێت، وە پێی ناخۆش بێت و ڕقی لەوە بێتەوە کە بگەڕێتەوە بۆسەر بێ باوەڕی هەروەك ئەوەی کە پێی ناخۆش بێت بچێتە ناو ئاگرەوە.**

**دووەم:** (عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ النبيﷺدَخَلَ عَلَيْهَا وَعِنْدَهَا امْرَأَةٌ قَالَ مَنْ هَذِهِ قَالَتْ فُلَانَةُ تَذْكُرُ مِنْ صَلَاتِهَا قَالَ مَهْ عَلَيْكُمْ بِمَا تُطِيقُونَ فَوَاللَّهِ لَا يَمَلُّ اللَّهُ حَتَّى تَمَلُّوا وَكَانَ أَحَبَّ الدِّينِ إِلَيْهِ مَادَامَ عَلَيْهِ صَاحِبُهُ)(٢)

**واتە:خاتووعائیشە(ڕەزایخوای لێبێت)دەفەرموێت:پێغەمبەری خواﷺهات بۆلامان لەوکاتەدا ئافرەتێکم لابوو، فەرمووی ئەی عائیشە ئەم ئافرەتە کێ یە؟ووتم :ئەوە فلانە ئافرەتە، باسی نوێژەکانی دەکات ، فەرمووی بێ دەنگ بە، هێندە کار بکەن کەلەتواناتاندا بێت سوێند بە خوا خوای گەورە لێتان بێ تاقەت وبێزار نابێت تاکو ئێوە بێزار دەبن، و بشزانە خۆشەویست ترین دین بەلای خواوە ئەوەیە کە بەندە بەردەوام بێت لەسەری.جا لەم فەرموودەیەوە ئەوە فێر دەبین کە:**

**أ–ئافرەتان هەمیشە پرس و ڕاوێژیان بە یەکتری کردووە و قوتابی و مامۆستایەتی یەك بوونە .**

**ب–شەرم نەکردن و سووربوونی ئافرەتان لەوەر گرتن و تێ گەیشتنی زانیاری و**

---

(١) رواه البخاري (١٦) .

(٢) رواه البخاري في كتاب الايمان (٤٣)ومسلم في كتاب الصلاة المسافرينوقصرها(٧٨٢)

فیقهی دینەکەیان.

ج–بەدەنگەوەهاتنی خۆشەویستمانﷺبۆئافرەتان و شی کردنەوەو تێ گەیاندنی دینەکەیان بە تەواوی.

د–ئەنجامدانی کردەوە،بەڵام لەبێ تاقەت بوون و وەڕس لێی بوون بەدووربێت.با کەمیش بێت.

هـ– بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوا بەهۆی بەردەوامی و دامەزراوی لەسەر دین.

هەرکات بەندە بەندایەتی خوای کرد باکەمیش بێت زۆر باشترە لە کەسێك کە بەندایەتی نەکات یان بیکات بەزۆری و بەڵام تاوتاوبێت و دابڕانی تێدابێت،وە پێویستە موسوڵمان بە گوێرەی توانای خۆی ئەرك بخاتە سەرشانی،چونکە ئەگەر پێچەوانەی ئەمەی کرد پەنا بە خوا ئەوە کاردانەوەی خراپی دەبێت و تووشی ساردبوونەوە دەبێت،هەر بۆیە ڕاستە ڕێی دینی خوا ئەوەیە کە مرۆڤ هەنگاو بە هەنگاو بچێتە پێش و هەوڵ بدات زیاتر سوننەتەکان جێ بە جێ بکات و کارە خێرەکانی بخاتە پێش هەموو کارەکانی تریەوە ،هەروەك پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت: (خُذُوا مِنَ الْعَمَلِ مَا تُطِيقُونَ فَوَاللَّهِ لاَ يَسْأَمُ اللَّهُ حَتَّى تَسْأَمُوا)(١) واتە:هێندە لە پەرستنەکان وەربگرن بە ئەندازەی بێزار نەبوونتان لێی،وە ئەوەی کە لە تواناتاندایە،چونکە خوای گەورە بێزارنابێت هەتا ئێوە بێزار نەبن لێی.

**سێ یەم:** (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ قَارِبُوا وَسَدِّدُوا وَاعْلَمُوا أَنَّهُ لَنْ يَنْجُوَ أَحَدٌ مِنْكُمْ بِعَمَلِهِ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْتَ قَالَ وَلَا أَنَا إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِيَ اللَّهُ بِرَحْمَةٍ مِنْهُ وَفَضْلٍ)(٢) .واتە:ئەبو هورەیرە(خوالێی ڕازی بێت)دەفەرموێت:پێغەمبەری

---

(١) رواه مسلم (١٨٦٩) .

(٢) رواه البخاري(٥٦٧٣) ومسلم (٢٨١٦)

خـواﷺفەرموویـەتی:وەرن و لـێم نزیـك ببنــەوە بـەوەی کـە فـەرمانم پـێ کـردون، وەڕاست و دروست بڕۆن لەسەر ئەوەی کە نزیکن لێی، وەباش بزانن کە هیچ کەس لـە ئێوەڕزگـاری نابێـت لەسـزای دۆزەخ بەشـانازی کـردن بـە کـردەوەی خۆیـەوە، وتمان ئەی پێغەمبەری خواﷺتۆش،فەرمووی بەڵێ تەنانەت منیش ڕزگـارم نابێـت ،مەگـەر خـوا بـە بەبـەزەیی و سـۆزی خـۆی دامپۆشـێت و چاکەی خـۆیم لـە گـەڵ بکات.وەئەوەی لەم فەرموودە بەڕێزەوە لێی سوود مەند دەبین ئەوەیە کە :

١- وشەی قَارِبُوا هاتووە کە بە مانای نە زیـادەرەوی بکرێـت لـە دینـدا وەنـە کـەم ڕەوی و لێ قرتاندنی.ئەمەش تایبەتە بەوانەی کـە دەیانـەوێت بـەهۆی زیـاتر نزیـك بوونەوە لە خوا خۆیان دەخەنە بەر زیاد ئەنجامـدانی هەنـدێك کـردەوە کـە دواتـر دەبێتە هۆی بە فەتارەدانیان.

٢-وشەی سَدِّدُوا هاتووە کە بە مانای سوور بوون و دامەزراوبوون لەسـەردین دێـت بەڕاستی ودروستی.ئەملاو ئەو لانەکردن لەسەری و ساردنەبوونەوە بـەبێ وچـاندان و هەمیشە بەردەوام بیت.

٣-وشەیيَتَغَمَّدَنِيَ هاتووە کە بـە مانـای داپۆشـینی سـەراپای مـرۆڤ دێـت.ئەمـەش بەوەی کە خوای گەورە بەڕەحم و سۆزی خۆی داتبپۆشێت و بتپارێزێت لە هـەموو جۆرە هۆکارێکی لادان و هەڵخلیسکان لە سەر دینە پاکەکەی خۆی .

٤-وشــەی عَمَـــــل هــاتووە کــە بــە مانــای کــردەوەی مــرۆڤ دێــت بــە هــەموو جۆرەکانیـەوە.کـە ئەمـەش سـەرئەنجامی مرۆڤـەکان دەرخـات کـە بـە هـۆی ئـەو کردەوەیـەوە هەڵدەسـەنگێنرێت،جا ئـیتر یـان بـاش بـۆ بەهەشـت یـان خـراپ بـۆ دۆزەخ.

٥-وشەیفَضْل هاتووە کە بە مانای چاکەی خوا بەسـەر بەندەکانیـەوە.ئـەویش لـە گەڵ هەموو کەس نایکات تایبەتە بە وانەی کە بەبەر بەزەیی خوا دەکەون.

**چوارەم:** ( عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: أَحَبُّ الأَعْمَالِ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى أَدْوَمُهَا وَإِنْ قَلَّ)(١) واتە:دایكی بەڕێزمان خاتوعائیشە(خوای لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت:پێغەمبەری خواﷺفەرموویەتی:خۆشەویست ترین كردەوە بەلای خوای گەورەوە ئەوەیە كەبەردەوام بیت لەسەری ئەگەر چی كەمیش بێت.جا كەواتە بەهیچ جۆرێك كردەوە بەكەم مەزانە هەمیشەش لە چاوەڕوانی پاداشتی خوای میهرەباندابە،بۆئەوەی ببیتە خۆشەویستی خوا، ئەنجام دانی كردەوە ئەگەر چی كەمیش بێت بەلای پەروەردگارەوە زۆرەو پاداشت بۆ ئامادەكراوە،بەردەوام بوونیش لەسەر دینی خوا پەیوەست بوونە بە بنەما شەرعی و لق و پۆپەكانیەوە، هەروەها پابەند بوونە بە سوننەتی خۆشەویستمانەوەﷺجا بۆیە كردەوە كە مەرجە بۆ پتەوبوونی باوەڕبە خوابوون ،دەشبێتە هۆی لێ خۆشبوونی خوا بۆ ئەوبەندەیە ئەگەرچی زۆر كەمیش بێت بەلای بەندەوە ،بەلاّم خۆ لای خوای گەورەو بە ئاگا ون نابێت،با بە ئەندازەی لادانی دڕكێكیش بێت لەسەر ڕێگایەك،هاوەڵی زۆر بەڕێز **أَبِي هُرَيْرَةَ**ﷺدەگێڕێتەوە و دەفەرموێت:پێغەمبەری خواﷺفەرموویەتی:( بَيْنَمَا رَجُلٌ يَمْشِي بِطَرِيقٍ وَجَدَ غُصْنَ شَوْكٍ عَلَى الطَّرِيقِ فَأَخَّرَهُ فَشَكَرَ اللَّهُ لَهُ فَغَفَرَ لَهُ)(٢) واتە:لە كاتێكدا پیاوێك بەڕێگایەكدا دەڕۆیشت چڵە دڕكێكی بینی،ئەویش لەسەر ڕێگاكە لای داو دووری خستەوە،خوای گەورەش لە سوپاسی ئەو كارەیدا لەو بەندەیە خوشبوو.

**پێنجەم:** (عن عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِﷺ يَا عَبْدَ اللَّهِ لَا تَكُنْ مِثْلَ فُلَانٍ كَانَ يَقُومُ اللَّيْلَ فَتَرَكَ قِيَامَ اللَّيْلِ )(٣) واتە:عبداللەی

---

(١) رواه البخاري (٥٨٦١) ومسلم (٢٧٧٩) .

(٢) رواه البخاري (٦٥٢) ومسلم (٥٠٤٩) .

(٣) رواه البخاري( ١١٥٢) ومسلم( ١١٥٩) .

کــوری عــەمری کــوڕی عــاص(خوالێیــان ڕازی بێــت )دەفــەرموێت:پێغەمبــەری خواﷺپێی ووتم:ئەی عبدالله نەکەی وەك فلانە کەس بکەیت،ماوەیەك هەستا بە ئەنجام دانی شەو نوێژو بەلام دوایی وازی لێ هێنا.واتە بەردەوام بە باکەمیش بێت نـەك بـەزۆری پاشـان پالدانـەوەو ساردی نوانـدن لـە بەرامبەریدا.لـەم فـەرموودە بەرێزەوە فێردەبین:

١-سـنگ فراوانــی ووەرگــرتنی ئامۆژگــاری لــە پێغەمبــەری خــواﷺلــە لایــەن هاوەلانەوە(خوایان لێ ڕازی بێت)

٢-نمونـە هێنانـەوەی خـەلکان بۆزیـاتر تـێ گەیـشتن لـە کرۆکـی دین،بـەلام بـەبێ ناوهێنان.

٣- گرنگی و گەورەیی خێرو پاداشتی شەونوێژ.

٤- بـەدڵ نـەبوونی کەسـانێك کـە تاوێـك پەرسـتنەکان دەکـەن وتاوێـك وازی لـێ دێنن،کـەزۆرمان هەیـە لـە وانـەی بـە نمونـەی مـانگی پـیرۆزی ڕەمـەزان گـورج و گۆڵن،بەلام دوای ڕەمەزان شل و شاو دەبنـەوە. ئـەبی عـصمەی کـوڕی عـصام ی بەیهەقی( ڕەحمەتی خوای لێبێت)دەفەرموێت: (شەوێکیان لە مالی ئەحمدی کوڕی حەنبەل(ڕەحمەتی خوای لێبێ)مامەوە،پێش ئەوەی بخەوین هەندێك ئاوی هێناو لە پـشت سـەرمەوە داینا،پـاش ئـەوەی خـەوتین کـە بـەیانی بـانگی دا هەسـتاین لـە خەو،پێشەوا احمدیش سەیرێکی ئاوەکەی کـرد وەك خـۆی مـاوەو هیـچی لـێ کـەم نەبۆتەوە،ئینجا فـەرمووی(سـبحان الله) بـۆ کەسـێك بـە دوای زانستدا بگـەڕێت و ئەمشەو لەئاوەکەی کەم نەبووبێتەوە و ویردی شەونوێژی نەبووبێت)[1].

**شەشەم:** (عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ :قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِكُلِّ عَمَلٍ

(١) صفةالصفوة (٢/٢٢٣) .

شِرَّةٌ وَلِكُلِّ شِرَّةٍ فَتْرَةٌ فَمَنْ كَانَتْ فَتْرَتُهُ إِلَى سُنَّتِي فَقَدْ أَفْلَحَ وَمَنْ كَانَتْ إِلَى غَيْرِ ذَلِكَ فَقَدْ هَلَكَ)[(١)] واتە:عبدولاكوڕی عومەر(ڕەزای خوایان لێبێت)دەفەرموێت:پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:لەبۆ هەموو کارو کردەوەیەك لە سەرەتاوە سووربوون و جموجوڵێك هەیە،وە بۆ هەمووسووربوون وجموجوڵێکیش تەنها ماوەیەکە،پاشان سارد بوونەوەو دابڕان هەیە، جاهەرکەسێك ماوەی ساردبوونەوەو وەستانی لە سەر سوننەتی پێغەمبەری خوابێت ﷺ ئەوە ڕێنوموێنی کراوە، وەهەر کەسیش ساردبوونەوە وەستانی لەسەر غەیری سوونەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو،ئەوە تیاچووەو ڕەنج بە خەسار.

لەم فەرموودەیەوە ئەوە وەردەگرین کە :-

١-سەرەتای هەموو کارێك سووربوون و بەردەوامی دەوێت.

٢-بێگومان دابڕانی کاتی دەبێت،بەڵام گەڕانەوە بۆ سەری یەکسەرو بەبێ بێ تاقەتی وتەمبەڵی نواندن.

٣-هاندانی خەڵکی بۆ جێ بەجێ کردنی سوننەت وڕۆیشتن لەسەر ڕێ و ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ.

٤- ترسان و ئاگادار کردنەوەی ئەو کەسانەی کە لەسەر ڕێبازی غەیری پێغەمبەری خوان ﷺ و،وەوازیان هێناوە لە بەرنامەی ئاسمانی وشوێن کەوتەی بەرنامە دەستکردەکانی سەرزەوین. یونسی کوڕی عبێد(ڕەحمەتی خوای لێبێ)دەفەرموێت:( لَيسَ شَيءِ أعَز مِن شَيئَين:درهَم طَيب ، وَرَجلُ يَعمَلُ عَلى سُنَة )[(٢)] واتە:هیچ شتێك خۆی نادات لە دوو شت لە بەرێزیدا ئەوانیش: پەیدا کردنی درهەمێکی حەڵاڵ بەڕەنجی شان،پیاوێك کار بکات لەسەر ڕێڕەوی

---

(١) رواه الامام احمد، وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٢١٥٢) .

(٢) صفة الصفوة (٢/٢٠٤)

سوننەت.کەواتە:دامەزراوبوون وبەردەوامی لەسەر دینی خوا گرنگی خۆی هەیەو پێویستە هەمیشەو بە درێژایی شەو و ڕۆژو کەسێکی دیندارو خاوەن ڕەوشت بیت،وە لە کردەوەشتدا بیسەلمێنی و زوو زووش بە خۆتدا بچیتەوەو لە نەفسی خۆت بپرسیتەوەو ڕێ نەدەیت ئەوانەی کە لەسەر ڕێچکە کوێرەکان دانیشتوون لە نەوەکانی شەیتان و شوێنکەوتوانی ڕاپێچت بکەن بەلای خۆیانداو تەسلیمی خۆیان و بەرنامە گەندەڵەکەیان بیت.

**حەوتەم:** (عَنْ ثَوْبَانَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّه ﷺاسْتَقِيمُوا وَلَنْ تُحْصُوا وَاعْلَمُوا أَنَّ خَيْرَ أَعْمَالِكُمْ الصَّلَاةَ وَلَا يُحَافِظُ عَلَى الْوُضُوءِ إِلَّا مُؤْمِنٌ)(١) واتە:بەردەوام و دامەزراوبن،هەرچەند کە ناتوانن هەموولایەنەکانیشی بگرن،وە بشزانن چاکترین کردارێك کە ئەنجامی دەدەن نوێژە،وە کەسێك پارێزگاری لە دەست نوێژەکانی ناکات مەگەر باوەڕدارێکی ڕاستەقینە نەبێت. چی فێردەبین لەم فەرموودەیەوە:

١-فەرمان کردن بە بەردەوامی و جێگیر بوون لەسەر کرداری چاك.وە کۆڵ نەدان ودانەبڕان لە کاروانی خواناسان تا گەیشتن بە مەنزڵی هەمیشەیی و لەوێ لەبەهەشتدا گەیشتن بە خۆشبەختی .

٢-پارێزگاری کردن لە نوێژەکان و ئەنجام دانیان لە کات و ساتی خۆیدا،وە کردنیان بە کۆمەڵ لە گەڵ نوێژخوێناندا لە مزگەوت کە ئەمەش وادەکات بەردەوام بیت و بێ بەش نەبیت لە پاداشتەکەی.

٣-پاراستن و ڕاگرتنی دەست نوێژ،واتە هەمیشە مرۆڤی باوەڕدار ئامادەبێت وبەدەست نوێژەکەی بناسرێتەوە،هەروەك لە دواڕۆژیشدا بەو دەسنوێژەی دەناسرێتەوە کە خاوەن باوەڕە.

---

(١) رواه الامام احمد، وصححه الشيخ الالباني في المشكاة ( ٢٩٢ ) ،و الإرواء ( ٤١٢ ) وصحيح الترغيب والترهيب ( ١٩٢ ) .

**هەشــتەم:** (عَن عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ ثَابِتِ بْنِ ثَوْبَانَ عَنْ أَبِيهِ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَخبِرْنِي بِعَمَلٍ أَسْتَقِيمُ عَلَيْهِ وَأَعْمَلُهُ قَالَ عَلَيْكَ بِالسُّجُود فَإِنَّكَ لَا تَسْجُدُ لِلَّه سَجْدَةً إِلَّا رَفَعَكَ اللَّهُ بِهَا دَرَجَةً وَحَطَّ بِهَا عَنْكَ خَطِيئَةً وَفِي رواية((عَلَيْكَ بِالْهِجْرَةِ فَإِنَّهُ لَــا مِثْــلَ لَهَــا))[1] .

واتە:عبدالرحمن کوڕی سابت ی کوڕی سەوبان ئەویش لە باوکیەوە(ڕەزای خوایان لێبێت)دەفەرموێت:وتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵم بدەرێ بە کردەوەیەك کە بەردەوامیم پێ ببەخشێت لەسەر دینی خوا،ئەویش فەرمووی:ئامۆژگاریت دەکەم کە سوجدە ببە بۆخوا،چونکە هیچ کەسێك نیە کە سوجدە بەرێت بۆ خوای بەرز،ئیلا خوای گەورە پلەیەك بەرزی دەکاتەوەو تاوانێکی لەسەر دەسڕێتەوە.لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە (( لەوانە بە کەلەپێناوی خوای گەورەدا کۆچ دەکەن، چونکە بەوێنەی پاداشتی ئەوانەی کە تەنها لەبەرخوا کۆچ دەکەن نیە))

١-خەمخۆری هاوەڵە بەڕێزەکان بۆ فێربوونی دینەکەیان و لە دەست نەدانی .

٢-زۆر بردنی سەجدە بۆ خوای تاك و تەنهاو بێ هاوەڵ،چونکە بەوە دەیسەلمێنی کە تەنها خوایەك شایەنی سەجدە برن بێت بۆی تەنها ﷻ یەو بەس.هەروەك هاوەڵی بەڕێز ثَوْبَانَ رضي الله عنه دەفەرموێت:بە پێغەمبەری خوام ﷺ ووت: ( أخبِرْنِي بِعَمَلٍ أَعْمَلُهُ يُدْخِلُنِي اللَّهُ بِهِ الْجَنَّةَ فقَالَ عَلَيْكَ بِكَثْرَةِ الــسُّجُودِ)[2] واتە:هەواڵم پێ بدە بە کردەوەیەك کە ئەنجامی بدەم تاکو خوای گەورە بمخاتە بە هەشتەوە بە هۆیەوە،ئەویش فەرمووی:ئامۆژگاریت دەکەم زۆر سەجدە ببە بۆ خوای گەورە .

٣- بەرز بوونەوەی پلەی بەندە وسڕینەوەی تاوان پەیوەستە بەزۆر سەجدە بردنەوە.

---

(١) رواه النسائي، وصححه الشيخ الالباني في السلسلة الصحيحة (١٩٣٧) ،وفي صحيح الجامع الصغير ( ٤٠٤٥ ).

(٢) رواه مسلم (١١٢١) .

٤-کۆچ کردن لە پێناوی خوای گەورەدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کە بەندە بتوانێت بە ئازادی خۆی پەرستنەکان ئەنجام بدات ،کە ئەمەش بەشێکی گرنگی (( الولاء والبراء)) لە ئیسلامدا.

**نۆیەم:** (عن عِرْبَاضَ بْنَ سَارِيَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ بَعْدِي فَسَيَرَى اخْتِلَافًا كَثِيرًا فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ تَمَسَّكُوا بِهَا وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ)[1] واتە:عرباضي کوڕی ساریه(ڕەزای خوای لێبێت)دەفەرموێت:پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی:بەڕاستی هەرکەسێك لە دوای من بژیت،ئەوە ڕاجیایی و بۆچوونی جیاواز جیاواز دەبینێت،جا ئامۆژگاریتان دەکەم کەدەست بگرن بەسوونەت و ڕێ و شوێنی منەوە،وە بەسوونەت وڕێ وشوێنی جێنشینە ڕێنموێنیە کراوەکانی منەوە،توند دەستی پێوە بگرن وبەری مەدەن،وە بە ددانەکانیشتان توند بیگرن.گومانی تێدا نیە بەردەوام بوون لەسەر سوونەت و دەست پێوە گرتنی چڵەپۆپەی دینی خوایەو هۆکاریشە بۆ خۆشویستنی بەندە لەلایەن خواوە،هەروەها گەڕانەوە بۆ جێ بەجێکردنی شوێن کەوتنی سوننەت و قەپ پیاکردنی مانای ڕزگاربوونی مرۆڤە لە ناخۆشی و ئێش و ئازاری ژیانی دونیاو بە ختەوەربوونە بۆ ئەو دونیاش.جا هاوڕێیەتی و دۆستایەتی کەسانی چاك و جێ بە جێ کاری سوننەت وڕێزگرتنیان دەبێتەهۆی ڕازی کردنی خوا پاشان پێغەمبەری خواﷺ هەروەك سوفیانی سەوری(ڕەحمەتی خوای لێبێت)دەفەرموێت:(استوصوا بأهلِ السَّنَةِ خيرا فاهُم غرباء)[2]واتە:ئامۆژگاریتان دەکەم کەلەگەڵ ئەهلی سوننەتدا باش بن ،چونکە ئەوان وایان لێ هاتووە کەغەریب بوون

(١) رواه ابو داود وابن ماجة، وصححه الشيخ الالباني في الإرواء ( ٢٤٥٥ ) ، والمشكاة ( ١٦٥ ) وصحيح الجامع الصغير ( ٢٥٤٩ ).

(٢) البحرالرائق في الزهد والرئائق( ٢٤) .

**دەیـەم:** (عَن أُمِّ سَلَمَةَ أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ(رضي الله عنها) قالَت:كَانَ أَكْثَرُ دُعَاءِ رَسُولِ اللَّـهِ ﷺ يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ وقال: يا أُمَّ سَلَمَةَ إِنَّهُ لَيْسَ آدَمِيٌّ إِلَّا وَقَلْبُهُ بَيْنَ أُصْبُعَيْنِ مِنْ أَصَابِعِ اللَّهِ فَمَنْ شَاءَ أَقَامَ وَمَنْ شَاءَ أَزَاغَ)(١) **واتـە:دایکی باوەڕدارن خاتوو ئوم سەلەمە(ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت:زۆربەی جاران پێغەمبەری خواﷺئەم دوعایەی دەفەرموو:ئەی خوای وەرچەرخێنەری دڵەکان،دڵم چەسپاوو دامەزراو بکە لەسەر دینەکەت،جا دەیفەرموو:ئەی ئوم سەلەمە هیچ مرۆڤێك نیە ئیلا دڵی لە نێوان دوو پەنجە لە پەنجەکانی خوای گەورەدایە،جا چۆن بیەوێت کەسەکە دامەزراو دەکات یان نەیەوێت لارو خوارو لادراوی دەکات.**

**١–گەورەیی وپاداشتی دوعاو پاڕانەوە لەهەمووکات وساتێکدا،بەتایبەتی تر ووتنی ئەم دوعایە بۆ زیاتربەردەوام بوون لەسەردین وهەروەها پاڕانەوەبەئایەتی** ﴿رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا﴾**(ال عمران ٨)**

**٢–هەڵگێرو وەرگێری دڵەکان تەنها هەر خوای گەورەیەو هەر ئەویش دەتوانێت ئەوکارە بکات،چۆن بیەوێت ئاوا بەندە دامەزراوو ڕاوەستاو دەکات وەچۆنیش بیەوێت ئاوا لای دەدەات .**

**٣–بڕوا بوون بەوەی کە خوای گەورە خاوەنی هەمووسیفەتە بەرزو تەواوەکانەو بەبێ چواندن بە دروستکراوەکانی خۆیەوە،هەروەك**﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (١١)﴾(شورى ١١ )**واتە:هیچ کەس وهیچ شتێك وەك خوا نین نەلە زات ونەلە سیفەتدا.وە هەر ئەویش بیستەرو بینەرە.**

---

(١) رواه الترمذي وابن ماجة، وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير ( ٧٩٨٧ ).

## بەردەوام بوون لەسەر دینی خوا لە دیدو بۆچوونی هاوەڵان و زانایانەوە.

**یەکەم:**پێشەوا أبو بكر الصديق **(خوا لێی ڕازی بێت)دەفەرموێت: (** الاستقامة:أن لا تشرك بالله شيئًا، واستقام القلب على معرفة الله،لاه القلب هو ملك الاعضاء،وهي جنوده،فاذا استقام الملك استقامت جنوده )[1] **واتە:بەردەوام بوون بریتیە لەوەی کە بە هیچ شێوەیەك هاوەڵ بۆ خوا بڕیار نەدەیت.وە دامەزراوی دڵیش لەسەر زانیاری دەربارەی خوا، چونکە دڵ پاشای ئەندامەکانی تری لاشەیە،وەئەندامەکانیشی سەربازن، هەرکات پاشا دامەزراو بووئەوە سەربازەکانیشی دامەزراودەبن.**

**دووەم :پێشەوا** عمربن الخطاب **(خوا لێی ڕازی بێت)دەفەرموێت: (**"الاستقامة" أن تستقيم على الأمر والنهي،ولا تروغ روغان الثعلب)[2] **واتە:بەردەوام بوون ئەوەیە کە دامەزراوو‌ڕاوەستاوبیت لەسەر جێ بە جێ کردنی هەموو فەرمانێکی خواو ئەنجام نەدانی هەموو قەدەغەکراوێکی خوا،هەروەها وەکو ڕێوی قوتە قوت مەکەن بەم لاو لادا.**

**سێیەم: پێشەوا** عثمان بن عفان **(خوا لێی ڕازی بێت)دەفەرموێت(**"الاستقامة" أخلصوا العمل لله)[3] **واتە:بەردەوام بوون بریتیە لە دڵسۆز بوون بۆ خوای گەورە لە هەموو کارو کردەوەیەکتدا.**

**چوارەم: پێشەوا** علي بن ابي طالب **(خوا لێی ڕازی بێت)دەفەرموێت(** استقاموا على أداء الفرائض)[4] **واتە:بەردەوام بوون لەسەرجێ بەجێ کردنی ئەوانەی کە لەدینی**

---

(١) **بڕوانە:** تفسيرالسيوطي( ٧/٣٢١-٣٢٢ )وجامع العلوم والحكم (١٩٣-١٩٤) .

(٢) **بڕوانە:** جامع العلوم الحكم( ١٧٨) .

(٣) **بڕوانە:** تفسير البحر المحيط(٧/٤٩٦ ) .

(٤) **بڕوانە:** تفسير الطبري( ٢٤/١١٥) .

خوادا فەرزن لەسەرتاکی موسوڵمان.

**پێنجەم:** پێشەوا عبدالله ی کوڕی مەسعود(خوا لێی ڕازی بێت )دەفەرموێت:نمونەی باوەڕدار و دووڕو و بێ باوەڕ وەك نمونەی سێ کەس وان کەخۆیان بگەیەننە ڕوبارێك یەکێکیان خۆی بخاتە ناو ڕوبارەکەوەو بپەڕێتەوە ئەوبەر بەسەلامەتی،وەئەوی تریان خۆی بخاتە ناوڕوبارەکەوەو تادەگاتە نیوەی ڕوبارەکە،پاشان سێ یەم کەس خۆی تێ فڕێ نەدات ولە قەراغی ئاوەکەوە بانگی کەسی دووەم دەکات و دەڵێت:کورە ماڵ وێران ئەوە بۆ کوێ دەچیت؟ بگەڕێوە ئەگینا دەخنکێی،وە کەسی یەکەمیش کە پەڕیوەتە ئەوبەرەوە بانگی لێ دەکات وپێی دەڵێت وەرە بپەڕێوە وڕزگاربە،جا ئەمیش جارێك تەماشای ئەوبەروجارێك تەماشای ئەمبەر دەکات،تاکو لەپڕ لافاوێك دێت ونوقمی دەکات،جا ئەوکەسەی پەڕیوەتەوە باوەڕدارەکەیە وەئەوەی چووەتە نیوەی ڕوبارەکە دووڕووەکەیە وەئەوەی لەم بەریشەوە ماوەتەوە ئەوە بێ بڕواکەیە،هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مُذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَلِكَ لَا إِلَى هَؤُلَاءِ وَلَا إِلَى هَؤُلَاءِ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ سَبِيلًا (١٤٣)﴾ واتە:دوو دڵ و دڵە ڕاوکێیانە لە نێوان بێ باوەڕی و بڕوادا کە نە لای باوەڕدار دەگرن وە نەلای بێ بڕوا وەهەرکەسیش کە خوا گومڕای بکات ئەوە هەرگیز ڕێگەیەکی ڕاستی بۆ نادۆزێتەوە کە (بیگەیەنێت بە مەبەست)(١).

**شەشەم:**پێشەوا الحسن البصري (ڕەحمەتی خوای لێبێت:)دەفەرموێت: (الاستقامة: استقاموا على أمر الله تعالى، فعملوا بطاعته، واجتنبوا معصيته) واتە:بەردەوام بوون بریتیە لە وەی کە لەسەر فەرمانەکانی خوای گەورە دامەزراوو بەردەوام بیت،وە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بیت، وە دوور بکەویتەوە لە وانەی کە تاوان و سەرپێچین.هەروەها (إذا تلا هذه الآية:﴿ إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ

---

(١) **بڕوانە:** فسير ابن كثير( ٢/١٨٤ ) رواه ابن جرير كما في منتخب كتر العمال ١/٩٤)

اسْتَقَامُوا...﴾قال:اللهم أنت ربنا فارزقنا الاستقامة) [١] واتە: کاتێك ئەو ئایەتەی بخوێندایەدەیفەرموو﴿ خوایە گیان بۆخاتری هەموو ناوە جوانەکانی خۆت،تۆ خوای منی وە ڕۆزی بەردەوامی و دامەزراویم پێ ببەخشە .

**حەوتەم**:وەهەردوو پێشەوا مجاهد وعكرمة (ڕەحمەتی خوایان لێبێت:)دەفەرمون: (استقاموا على شهادة أن لا إله إلا الله حتى لحقوا بالله)[٢] واتە:بەردەوام بیت لەسەر ووتنی﴿لا إله إلا الله﴾ و جێ بەجێ کردنی لە هەمووکارو بارێکی ژیانتدا،تاکو ئەو کاتەی دەگەیتەوە بە خۆشەویست کە خوای گەورەیە .

**هەشتەم**: (قال رجل: صحبنا ربيع بن الخثيم عشرين سنة،فما تكلم الا بكلمة تصعد ﴿إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ﴾[٣] پیاوێك دەفەرموێت:من هاوەڵێتی ڕەبیعی کوڕی خوسەیمم کردووە بۆ ماوەی بیست ساڵی ڕێك،هیچ وتەیەکم لێی نەبیستووە کە پێی بوترێت خراپ،ئیلا وتەی ئەوەنەبێت کەخوای گەورە دەفەرموێت:إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ(الفاطر ١٠) واتە:هەموو وتەیەکی پیرۆزوپاك وچاك وەك(پاڕانەوەویادکردنی خواو قورئان خوێندن) ئەوە بۆلای خوا سەردەکەوێت .

**نۆیەم**: (عن خارجة بن مصعب (رحمه الله )قال:صحبت عبدالله بن عون أربعا وعشرين سنة فما أعلم أن الملائكة كتب عليه خطيئة)[٤] واتە:خارجەی کوڕی موصعەب(ڕەحمەتی خوای لێبێ)دەفەرموێت:من هاوەڵێتی عبدالله ی کوڕی عەونم کردووە بۆماوەی بیست وچوار ساڵی ڕێك کاتێك نازانم کە مەلائیکەی خوا هەڵەیەك یان تاوانێکی لەسەر نوسی بێ.

---

(١) **بڕوانە**: تفسير البغوي (١٧٢/٧) .

(٢) **بڕوانە**: تفسير البغوي (١٧٢/٧) .

(٣) **بڕوانە**: سير أعلام النبلاء(٢٥٩/٤)، وحلية الأولياء ( ١١٠/٢).

(٤) **بڕوانە**: سير أعلام النبلاء( ٣٦/٦) .

**دەیەم:** دەگێڕنەوە كاتێك پێشەوا أحمدی كوڕی حەنبەل(ڕەحمەتی خوای لێبێ)لە ژیاندابوو ڕۆژێكیان ئامۆژگاری عبدالله ی كوڕی كردوپێی ووت:ئەی عبدالله كوڕم هەركات مردن لێم نزیك بووەوە ئەوە وشەی ﴿لَا إِلَهَ إِلَّـا اللَّـهُ﴾م بیر بخەوە،جا ڕۆژێكیان پێشەوا أحمد لە هۆش خۆی چوو لەوكاتەشدا عبدالله لای بوو،پێی ووت دەی باوە بڵێ﴿ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ﴾ئەویش هەر دەیوت (لا بعد...لابعد ) نا هێشتا نا،جا كاتێك بە هۆش خۆی هاتەوە لەوكاتەدا نەمرد،عبدالله وتی ئەی باوە ئەوە چی بوو من وام دەوت و تۆش ئاوات دەوت؟پێشەوا أحمدیش فەرمووی:ئەی عبدالله من نازانم بەلاّم لەوكاتەدا تەنها ئەوەم دەبینی كە ابلیس_نەفرەتی خوای لێبێت) لە سوچی ئەو دیوارەوە وەستا گازی لە دەستی خۆی دەگرت و دەیوت:ئای أحمد چۆن لە دەستم دەرچووی؟نەمتوانی گومڕاو بێ باوەڕت بكەم!!منیش دەموت:نا هێشتا لە دەستت دەرنەچووم و بە خوا ئەمین نیم لێت تاكو گیان لەم لاشەیەدا بمێنێت[1] .

## ئایا باوەڕ جێگیرە یان زیادو كەم دەكات؟

باوەڕهێنان بە خوای گەورەو میهرەبان بریتیە لە بڕوای تەواوو پتەو بەوەی كەتەنها خوای گەورەو بەرزو بە توانا دروستكارو بەدیهێنەرو ڕۆژی دەرەوە مردن و ژیان تەنها بەدەست ئەوە، وەهەر ئەو خوایەش شیاوی پەرستن و داوا لێكردن و پەنا بۆ بردنە،وە خوای گەورە خۆی خاوەنی سیفەت و ناوی تەواوەو بێ هەڵەو پەڵەیە،وەبەزمان ئەمە بسەلمێندرێت و بە كردەوەش ڕەنگ بداتەوە،وەلەدڵیشدا جێگیربێت،وە مرۆڤ كاتێك دەبێتە باوەڕداری ڕاستەقینە كەخۆی یەكلایی بكاتەوە

(١) **بڕوانە**: مقدمة مسند الامام أحمد .

بۆخوا لەوەی کە باوەڕی تەواوی هەیە بە(خـوا پاشـان مەلائیکـەکانی خـوا پاشـان پەرتوکەکانی خوا پاشان پێغەمبەرانی خوا وە بـەڕۆژی دوایـی و قـەزاو قـەدەر بـە خێرو شەڕیەوە)جا هەرکات بەندە بووە خاوەنی ئەم سیفەتانە چ پیاو بێت یـاخود ئافرەت ئەوە خوای گەورە لە ڕیزی باوەڕداران دەیانژمێرێت وپاداشـتی تایبـەتیان دەداتەوەهەروەك خۆی دەفـەرموێت:﴿وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْـرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ أَكْبَـرُ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾(التوبة٧٢)ئەم ئایەتە پیرۆزە پێـنج مـوژدەی گـەورەی تێدا بەدی دەکرێت کە تایبەتە بە باوەڕدارانی ڕاستە قینە لەئافرەتان و پیاوان،لەوانە:

١–خـوای گـەورە پـەیمانی داوەو پـەیمانی خـواش بـە جـێ یـەو لـە کـات و سـاتی خۆیدایە،ئەو پەیمانـەش ڕوودەکاتـە پیـاوانی بـڕوادارو ئافرەتـانی بـڕوادار کـە بـاخ وباخاتێکی لە بە هەشتدا بۆ ئامادە کردوون کە بەردەوام چەندین ڕوبـار بـە ژێریـدا دەڕوات.

٢– بـۆ هەتاهـەتایی لـەو بـە هەشـتەدا دەمێننـەوەو ئـیتر جـارێکی تـر مـردن نایبیننـەوەوە چـونکە مـردن لەبەرچـاویان سـەردەبڕدرێت واتـە کۆتـایی بـەو ناڕەحەتیەش دێت .

٣–خـانوو جێگـەی نیـشتە جـێ بوونیـان لـە بـە هەشـت پـێ دەدرێـت و تیایـدا دەحەسێنەوە.

٤– ڕەزامەندی خوای گەورەش بۆ ئەوانـە لـەوڕۆژەدا لـە هـەموو شـت گـەورەترەو خۆشترین دەستکەوتە بەلایانەوە.

٥–هەروەها ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیـە کـە بـاوەڕداران بـە هـەردوو ڕەگـەزەوە دەیبینن و پێی شاد دەبن. جا ئـەم بڕواهێنانـە خـۆی لـە خۆیـدا سـەرفرازیەو هـەر لێرەشـەوە تـاقی کرنـەوەکان دەسـت پێـدەکات،وە پاداشـتیش لـە جـۆری

کردەوەیە،هەروەك لە ناو باوەڕدارنیشدا پیاو هەیە یان کەسی بە هێز هەیە وەك پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت: (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنْ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ وَفِي كُلٍّ خَيْرٌ)[1]. واتە:باوەڕداری بەهێز باشترو خۆشەویسترە لەلای خوا لە باوەڕداری لاوازوبێ هێز، وە هەردوکیشیان باشن بەڵام بەهێزەکەیان باشترە. جا ئەم بە هێزیە لێرەدا مەبەستی دامەزراوی و ڕاوەستاوی باوەڕو لاشەیە،وەسوور بوونە لەسەر باوەڕەکەو بێ تاقەت نەبوونە لێی.

## جا پێویستە ئێستا بزانین (باوەڕ)چی یە؟وە(ئیسلام)چی یە؟

**باوەڕ**:بریتیە لە( التصديق بالجنان،والاقرار باللسان ، والعمل بالاركان) بەڕاست دانان و ڕاستگۆ بوون بەرامبەر بە خواو بەرنامەکەی،وە بڕوا هێنان بە بنچینەکانی کە بریتین لە (بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ )[2] واتە:بڕوا بوون بە خواو مەلائیکەکانی وپەرتوکەکانی وپێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی وقەزاو قەدەر بە خێر و شەڕیەوە.هەروەها پێویستە مرۆڤ بڕوای بەخوا پتەوبێت لە(وجودالله) بوونی خوا پاشان(الربوبية) پەروەردگایەتی خوا پاشان(الالوهية)خوایەتی خوا پاشان(الاسماء والصفات)ناوو سیفەتەکانی خوا )هەر بۆیە شێخ حەسەنی بەصری(ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەفەرموێت: (لَيسَ الايمان بالتَمَني وَلا بالتَحَلي وَلكِن ما وَقَرَ في القَلبِ وَصدقَه العَمَل )[3] واتە:باوەڕهێنان بە ئاوات خواستنو خۆڕازاندنەوە نیە،بەڵکو باوەڕ ئەوەیە کە لە دڵدا جێگیر بێتو بە کردەوەش بیسەلمێنی .

---

(١) رواه مسلم (٦٩٤٥) .

(٢) رواه مسلم (١٠٢) .

(٣) **بڕوانە**: اقتضاء العلم والعمل للخطيب البغدادي( ٥٦) .

**باوەڕدار**:بریتیە لەو کەسەی بە﴿مرۆڤ وجن﴾ یشەوە کە لە دڵەوە بەرنامەو یاساو دەستووری خوای گەورەی بەڕاست زانیوەو وەبەزمانیش دانی پێدا ناوەو بە کردەوەش سەلماندوێتی.هەروەك براکانی پێغەمبەر یوسفﷺبە باوکیان کە پێغەمبەر یەعقوب بوووﷺووت:﴿وَمَا أَنْتَ بِمُؤْمِنٍ لَنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ (١٧)﴾(یوسف)واتە:ئەی باوە ئەوە تۆ بەئێمە باوەڕ ناکەیت ئەگەرئێمە ڕاستیش بکەین.

**ئیسلام**: بریتیەلە( الاستسلام لله بالتوحيد والانقياد له بالطاعة والبراءة من الشرك وأهله) هەروەها ئەو ناوەپیرۆزەیە کە دین وبەرنامەی پاکی ئیسلامی پێ ناسراوەوخوای گەورەو میهرەبانیش ڕازیە بەوەی کە تەنها بەرنامە بێت بۆ سەرزەوی،هەروەك خۆی دەفەرموێت:﴿وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا(٣)﴾(المائدە)واتە:من بەوە ڕازیم لێتان کە تەنها ئیسلام بەرنامەو یاساو ڕێساتان بێت.هەروەها دەفەرموێت:﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ (٨٥)﴾ (ال عمران)واتە :هەرکەسێك شوێنی دینێك بکەوێت جگە لە دینی ئیسلام ئەوە لێی وەرناگیرێت وە لە ڕۆژی کۆتایشدا لە خەسارەت مەندانە.جاپایەکانی ئیسلام بریتیەلە: (شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَالْحَجِّ وَصَوْمِ رَمَضَانَ)[1] واتە:شاهێدی دان بەوەی کە تەنهاالله شایەنی پەرستنەوپێغەمبەری خوامحمدﷺ نێردراوو ڕەوانەکراوی خوایەو ئەنجام دانی نوێژەکان لە کات و ساتی خۆیداو دانی زەکات وحەج کردن بۆ ماڵی خوا و بەڕۆژووبوونی مانگی ڕەمەزان .

(١) رواه البخاري (٨) .

**موسوڵمان:** ئەمیش بریتیە لەو کەسەی کە تەنها خۆی تەسلیمی بەرنامەی خوا کردبێت وبەتاك و تەنها خوا بپەرستێن و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەین ، مل کەچ بێن بۆ یاساو ڕێسای شەریعەتی ئیسلام،هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ(١٢٥)﴾(النساء)واتە:کێ لەو کەسە چاکترو دیندارترە کە ڕووی خۆی یەکلا کردبێتەوە بۆ خوای گەورەو مل کەچ بێت لە هەمان کاتدا کەسەکە چاکەکاریش بێت.

کەواتە: ئێستا ئایا باوەڕ زیادو کەم دەکات یان وەك خۆیەتی و جێگیرە؟ بەڵێ زیادو کەم دەکات،بە ئەنجام دانی کرداری چاك زیاد دەکات،وەبەکرداری خراپیش کەم دەکات،ئەویش بەبەڵگەی ئەم ئایەتانە:

**یەکەم:زیکرو یادی خوا:**

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (٢)﴾(الانفال)واتە:باوەڕداری ڕاستەقینە ئەوانەن کە هەرکات ناوی خوا هێنراو باسی کرا دڵیان ترس دای دەگرێت و کاتێکیش ئایەتەکانی خوا بخوێندرێتەوە بە سەریاندا ئەوە بڕوایان زیاد دەبێت و وە هەر پشت بە پەروەردگاری خۆیان دەبەستن.جا پێشەوا ابن كثير( ڕەحمەتی خوای لێبێت)دەفەرموێت:(ان الايمان يذيد وينقص ، هو مذهب اكثر السلف والخلف من الائمة العلماء ومنهم أيضا ابو الحسن من نسل الصحابي المشهور أبي موسى الاشعري ، وكان من الائمة المتكلمين والمجتهدين)[1] واتە:بێگومان باوەڕ زیادو کەم دەکات،کە ئەمەش مەزهەبی زۆرینەی ئەهلی پێشین و دواینە لە پێشڕەوانی زانایان لەوانەش ابو الحسن لەنەوەی هاوەڵی بەناوبانگ أبي موسى

(١) بڕوانە: مختصر ابن كثير( ٢/٣) .

الاشعري **کە ئەم بەڕێزانە لە پێشڕەوانی قسەکەرو تێکۆشەران بوونە لە بواری پێکان یان نەپێکاندا .هەروەها زانای خواناس** ابن عباس **کە ناسراوە** حبرالامة **دەفەرمویت:** (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ }المنافقون لا يدخل قلوبهم شيء من ذكر الله عند أداء فرائضه، ولا يؤمنون بشيء من آيات الله، ولا يتوكلون، ولا يصلون إذا غابوا، ولا يؤدون زكاة أموالهم، فأخبر الله تعالى أنهم ليسوا بمؤمنين، ثم وصف المؤمنين فقال:{ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ } فأدوا فرائضه { وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا } يقول: تصديقا { وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ } يقول: لا يرجون غيره)[1] **واتە:دووڕووەکان هیچ شتێك لە یادو زیکری خوا ناچێتە دڵیانەوە،لە کاتی جێ بە جێ کردنی فەرمانەکانی خواشدا،وە باوەڕیان بە هیچ شتێك لە ئایەتەکانی خوا نیە،وەپشت بەستنیان بە غەیری خوایە،وەنوێژیش ناکەن کاتێك لە نادیاریدان،وە زەکاتی ماڵەکانیان نادەن،خوای گەورەش هەواڵمان پێ دەدات کەئەوانەلە باوەڕداران نین،هەربۆیە پاشان وەسفی باوەڕداران دەکات ودەفەرموێت:**﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ﴾**ئەمانە فەرزەکانی خوا بەجێ دێنن لە کات وساتی خۆیدا،وەڕاستگۆشن بەرامبەری وبەڕاستی دەزانن،داواش لەغەیری خوا ناکەن.**

**دووەم:ئارام بوونی دەروون:**

**وەك خوای گەورە دەفەرموێت:**﴿هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَعَ إِيمَانِهِمْ وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا(٤)﴾(الفتح)**واتە:**اللَّهُ **زاتێکە کە ئارامی دادەبەزێنێتە نێو دڵی ئەوانەی کە باوەڕداری تەواون،ئەویش لە پێناوی ئەوەی کە باوەڕیان پێی زیابکات،لە گەڵ ئەو**

---

(١) **بڕوانە:** مختصر ابن كثير( ٣/٢) .

**باوەڕەی کە خۆیـان هەیانـە.هـەروەها لـە ئاسمانـەکان و زەویـش سـەربازانی خـوا بوونیـان هەیـە کـە مەبەسـتی مەلائیکەیـە.وە خـوای گـەورە زانـاو کـار بـە جـێ یە.هەروەها**(قال ابن عباس: بعث الله رسوله بشهادة أن لا إله إلا الله، فلما صدقوه زادهم الصلاة ثم الزكاة ثم الصيام ثم الحج ثم الجهاد، حتى أكمل لهم دينهم)[١] **عبداللـەی کـوڕی عـەبباس(ڕەزای خـوای لێبێـت) دەفـەرموێت:خـوای گـەورە پێغەمبـەری خۆی ﷺی ناردووە بە وەی کە شاهێدی بدەی خوا تاك و تەنهایەو بێ هاوەڵەوهیچ پەرستراوێکی بە حـەق نیـە کـە شـایەنی پەرسـتن بێـت جگـە لـەزاتی ﷻ ،کاتێك هاوەڵان ڕاستیان ووت ئەوە نوێژەکانت زیاد دەکات پاشـان ڕۆژووت زیـاد دەکـات پاشان زەکاتت زیاد دەکات پاشان حەج و پاشـان تێکۆشـانت لـە پێنـاوی خـوادا زیادەکات،تاکو وای لێدێت ئیتر هـەموو دینەکـەت تـەواو دەبێـت .هەروەهاپێشەوا بوخاری(ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە سەرەتای پەرتوکە زۆر بـەنرخ و شـاکارەکەیدا کـە صـەحیح بخـاری لـە ژێـر ناونیـشانی** ( الايمان: وهو قول وفعل يزيد وينقص)**دەفـەرموێت:**(ان الايمان ليخلق في جوف احدكم كما يخلق الثوب، فاسالوا الله تعالى ان يجدد الايمان في قلوبكم )[٢] **واتە:بەڕاستی باوەڕ لە دڵدا جێگیر نابێت واتـە وەك خۆی نامێنێت،هەروەك چۆن پۆشاك و جل و بەرگ دەڕزێت و نامێنێت،ڕوونتر بڵێین گۆڕانی بەسەردا دێت و هـەرجارەی پۆشـاکێك دەپۆشـێت،جا داوا بکـەن لـە خوای گەورە کە باوەڕەکەتان لە دڵدا بۆ تازە بکاتەوە.**

## سێیەم:دابەزینی قورئان و خوێندنەوەو کارپێکردنی :

**خوای گەورە دەفەرموێت:**﴿وَإِذَا مَا أُنْزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَذِهِ إِيمَانًا فَأَمَّا الَّذِينَ آَمَنُوا فَزَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ(١٢٤)﴾(التوبة) **واتـە:هـەرکاتێك**

---

(١) **بڕوانە:** تفسير الطبري( ٢٦ / ٧٢) .

(٢) رواه الطبراني والحاكم، وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير ( ١٥٩٠ ).

کەبە شێك لە قورئانی پیرۆز دێتە خوارێ هەندێك لـە گـرۆی دووڕووەکـان بەگاڵتـە جارییەوە بەوانی تر لە هاوڕێبازانیـان دەڵـێن:ئـەرێ دەبـێ دابـەزینی ئـەم سـورەتە باوەڕی کێیان زیاد بکات،جا ئەوانەی کـە باوەڕیـان هێنـاوە گومـانی تێـدا نیـە کـە باوەڕیـان پێـی زیـاد دەکـات،وە بەهاتنـە خـوارەوەی ئایەتەکـەش خۆشـحاڵ دەبن.هەروەها **پێشەوا** ابن كثير (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت)دەفـەرموێت{ وَإِذَا مَـا أُنزِلَتْ سُورَةٌ } فمن المنافقين { مَنْ يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَذِهِ إِيمَانًا } ؟ أي: يقول بعضهم لبعض أيكم زادته هذه السورة إيمانا؟ قال الله تعالى: { فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا فَزَادَتْهُمْ إِيمَانًـا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ } .وهذه الآية من أكبر الدلائل على أن الإيمان يزيد وينقص، كما هو مذهب أكثر السلف والخلف من أئمة العلماء کەواتە مرۆڤە باوەڕدارەکان هەمیشە و بـەردەوام کـات دوای کـات باوەڕیـان بـەرەو زیـاد بـوون دەڕوات ئەگـەر پـەیڕەوی قورئانی پیرۆزبکەن ولێی وردببنەوەو خۆیانی ببنەهاوڕێی.پێشەوا عومـەری کـوڕی عەبدول عەزیز(ڕەحمەتی خوای لێبێت)نامەیەکی نوسی بۆ عەدی کوڕی عـەدی کـە تیایـدا نوسـرابوو،(ئـەی عـەدی بێگومـان بـاوەڕ بریتیـە لەجێبـەجێ کردنـی شـتە فـەرزەکان وبـەجێ هێنـانی شـەریعەتی ئیـسلامی پیرۆز،وەهـەروەها نەبەزانـدنی سـنووره قەدەغـەکراوەکانی،جا هەرکەسـێك ئەمانـەی تیابوو،ئەوەبزانـە بـاوەڕی تەواوەودامەزراوە،وەهەرکەسیش زانیت کە ئەمانەی تیانەبوو ئـەوە بـاوەڕی تـەواو نیە)[1].

## چوارەم:**بینینی سەرکەوتنی موسوڵمانان:**

﴿وَلَمَّا رَأَى الْمُؤْمِنُونَ الْأَحْزَابَ قَالُوا هَذَا مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَصَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّا إِيمَانًا وَتَسْلِيمًا (٢٢)﴾(الاحزاب)**واتـە:کاتێـك بـاوەڕداران ئـەو کۆمەڵانـەیان**

(١) رواه البخاري (٧٢) .

بینی کە لە شکریان هێنا بوو بۆسەر مەدینە ووتیان ئەمە ئەو بە لێنەیە کەخواو پاشان پێغەمبەری خوا مُحَمَّدﷺ بە ئێمەیان دابوو،جاخواو پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاستیان فەرموو، وە بەبینی ئەو هەموو هێزی بێ باوەڕانە ئەمان بەردەوام باوەڕیان زیادی دەکرد.قال معاذ بن جبلرضي الله عنه(اجلس بنا نؤمن ساعة)(1) واتە:وەرن با دابنیشین پێکەوە تا باوەڕمان نوێ بکەینەوە،ئەویش بە یادکردنی خواو بیرکردنەوە لە دروستکراوەکانی وڕۆژی دوایی.

**پێنجەم:دڵنەوایی باوەڕداران:**

﴿وَمَا جَعَلْنَا أَصْحَابَ النَّارِ إِلَّا مَلَائِكَةً وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِلَّذِينَ كَفَرُوا لِيَسْتَيْقِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا٣١﴾المدثر واتە:تەنها مەلائیکەمان کردووە بە کار بە دەستی دۆزەخ،وە باسی ژمارەی مەلائیکەکانیشمان نەگێڕاوە مەگەر بۆ تاقی کردنەوەی بێ باوەڕان نەبێت،تا بەوەی کە ئەوانەی کتێبیان بۆ هاتووە دڵنیابن، وە بڕوادارانیش بڕواکەیان زیاد دەبێت پێی.پێشەوا ابن کپیر(ڕەحمەتی خوای لێبێ)دەفەرموێت:( وذلك رد على مشركي قريش حين ذكر عدد الخزنة، فقال أبو جهل: يا معشر قريش، أما يستطيع كل عشرة منكم لواحد منهم فتغلبوهم وكَلَدَة بن أسيد بن خلف-قال: يا معشر قريش، اكفوني منهم اثنين وأنا أكفيكم منهم سبعة عشر، إعجابا منه بنفسه، وكان قد بلغ من القوة فيما يزعمون أنه كان يقف على جلد البقرة ويجاذبه عشرة لينتزعوه من تحت قدميه، فيتمزق الجلد ولا يتزحزح عنه)(2) ئەم ئایەتە پیرۆزە هاتە خوارەوە وەك بەرپەرچدانەوەیەکی سەرانی قورەیش کە باسیان لە ژمارەی مەلائیکەکانی دۆزەخ دەکرد،أبوجهل(نەفرەتی خوای لێبێت) بە گاڵتە پێکردنەوە ووتی:ئەی گرۆی

---

(١) رواه البخاري (٧٢) .

(٢) **بڕوانە:** تفسير ابن كثير( ٨/٢٦٩) .

قورەیش،بۆهەموو دەکەس لە ئێوە یەك لەو مەلائیکانە بێت خۆ هەرئێوە دەیبەنەوەوسەرکەوتوودەبن،جا کَلَدَة بن أسید بن خلف کەیەکێك بوولەسەرانی قورەیش ووتی:ئەی گرۆی قورەیش،دوودانە بۆ ئێوە بەسە،ئەو حەڤدەیەی تری بۆمن،تەواو لەخۆی دەرچووبوو،بەوەی کە ئەو هێزو توانایەی هەیبوو،وەئەو دەسەلاتەی کە هەیبوو،ڕادەوەستا لەسەر پێستەی مانگایەك بانگی لە دە کەس دەکرد لەوانەی لەدەوری بوون دەیووت وەرن ئێوە ئەگەر ئازان ئەم پێستەیە لە ژێر قاچم دەربکەن،جا لەگەڵ ڕاکێشانی پێستەکەدا پارچە پارچە دەبوو،وەخۆشی ناجولاَ لەسەری.

**شەشەم:ڕێنموێنی کراوانی خوا:**

﴿وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ(١٧)﴾(محمد)**واتە:ئەوکەسانەی کە ڕێنموێنی خوایان وەرگرتووەو بەردەوامن لەسەری،ئەوە خوای گەورە شارەزاییان زیاد دەکات و لە خواترسان و پارێزگاریان پێ دەبەخشێت**.(والذین اهتدوا إلى طریق الحق زادهم الله هدى ، وأعطاهم تقواهم التي یتقون بها النار)[1]. **واتە:ئەوانەن کە ڕێنموێنی کراون بۆ سەر ڕێگەی ڕاستی خواو خوای گەورەش ڕێنموێنی و دامەزراویان زیاتر دەکات وەخوای گەورە لەخواترسانیان پێ دەبەخشێت و بەوەش دەیان پارێزێت لە ئاگری دۆزەخ.**

**حەوتەم: پشت بە خوا بەستنی باوەڕدار:**﴿الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَانًا وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ (١٧٣)﴾(ال عمران)**واتە:ئەوانەی کە خەڵکی پێیان دەوتن بەڕاستی لە شکرو کۆمەڵی بێ باوەڕ خۆیان کۆکردۆتەوەو لە دژتان وەستاون،دەیانەوێت هێرشتان بکەنە سەر دەی**

---

(١)**بڕوانە:** المنتخب کنز العمال ١/١٧

بترسن،بەلاّم فَزَادَهُمْ إِيمَانًا بڕواداران بەو ووتە پوچەلأنە تەنها باوەڕیان زیادی دەکرد و بەس،وە دەیان ووت: حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ هەر خوامان بەسەو پشت و پەنا بە ستن هەر بەو چاکە.

**هەستەم:خۆشەویستی و ڕق لیٚ بونەوەت لەبەر خوابیٚت:**

ئەم بەشە لە بیرو باوەڕی ئیسلامیدا بەشیٚکی گەورەی داگیر کردووەوگرنگیەکی زۆری پیٚدراوە،هەروەك بەشیٚکی زۆر گرنگیشە لە پلەو پایەی لااله الاالله، هەربۆیە پیٚغەمبەری خواﷺدەفەرمویٚت:﴿ مَن أَحَبَ لِلهِ وَأَبغَضَ لِلهِ فَقَد استَكمَلَ الْإِيمَانِ﴾متفق عليه واتە:هەرکەسیٚك خۆشەویستی وڕق لیٚبوونەوەی تەنها لەبەر خوابیٚت بەڕاستی باوەڕی تەواوە.خاوەنی الجوهرة شيخ ابـراهيم اللقـاني(رحمه الله) دەفەرمویٚت: ورُجحَت زيادَةُ الايمانِ بما تزيدُ طاعةُ الانسانِ

وَنقصُه بِنُقصِها وَقِيلَ لا وَقيلَ لاخُلفَ كَذا قَد نُقيلا

واتە:باوەڕ سەردەکەویٚت وزیاد دەکات بەهۆی زیادبوونی گویٚ ڕایەڵی مرۆڤەوە بۆ خوا،وەکەم دەکات بە کەمتەرخەمی و سەرپیٚچی وەك دەڵیٚن نا وانیە، وە هەندیٚك دەڵیٚن:پیٚچەوانە نیە وایان فەرمووە.

## ئایا دەزانی بە گویٚرەی باوەڕەکەت تاقی دەکریٚیتەوە؟

ئارام گرتن لە سەر بەلاّو نەهامەتی و ترسان لە سزای خوا سیفەتیٚکی گەورەو بەرزە،هەروەها باوەڕداری چاك و پیشەی پیٚغەمبەران و پیاو چاکانەو هەرگیزاو هەرگیز ئەو ئازارو ژان و ناخۆشیانە وای لەوانە نەکردووە کە لە دینی خوا پاشگەزببنەوەو یان پەشیمانی دەربڕن،نەخیٚر بە لّکو ئەوانە زیاتر سوور بوونە لە سەر پەرستنی خواو بەردەوام بوون تاکو ئەوەی کە خوا فەرمانی گەڕانەوەیانی داوە بۆ لای خۆی (عَنْ خَبَّابِ بْنِ الْأَرَتِّ قَالَ:شَكَوْنَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

وَسَلَّمَ وَهُوَ مُتَوَسِّدٌ بُرْدَةً لَهُ فِي ظِلِّ الْكَعْبَةِ قُلْنَا لَهُ أَلَا تَسْتَنْصِرُ لَنَا أَلَا تَدْعُو اللَّهَ لَنَا قَالَ كَانَ الرَّجُلُ فِيمَنْ قَبْلَكُمْ يُحْفَرُ لَهُ فِي الْأَرْضِ فَيُجْعَلُ فِيهِ فَيُجَاءُ بِالْمِنْشَارِ فَيُوضَعُ عَلَى رَأْسِهِ فَيُشَقُّ بِاثْنَتَيْنِ وَمَا يَصُدُّهُ ذَلِكَ عَنْ دِينِهِ وَيُمْشَطُ بِأَمْشَاطِ الْحَدِيدِ مَا دُونَ لَحْمِهِ مِنْ عَظْمٍ أَوْ عَصَبٍ وَمَا يَصُدُّهُ ذَلِكَ عَنْ دِينِهِ وَاللَّهِ لَيُتِمَّنَّ هَذَا الْأَمْرَ حَتَّى يَسِيرَ الرَّاكِبُ مِنْ صَنْعَاءَ إِلَى حَضْرَمَوْتَ لَا يَخَافُ إِلَّا اللَّهَ أَوْ الذِّئْبَ عَلَى غَنَمِهِ وَلَكِنَّكُمْ تَسْتَعْجِلُونَ )[١]

**واتە:خەبابی کوڕی ئەرەت(ڕەزای خوای لێبێت)دەفەرموێت:ئێمە سکالاَی خۆمان بردە لای پێغەمبەری خواﷺ لە کاتێکدا کە ئەو لە پالَ دیواری کەعبەدا بوو وە پارچە قوماشێکی کردبوو بە سەرین و خستبویە ژێر سەری خۆی و خۆی دابووە بەر سێبەرەکەی کەعبە،جا پێمان ووت:ئەی پێغەمبەری خواﷺئەوە بۆ دوعای سەرکەوتنمان بۆ ناکەیت لای خوای گەورەو تاکو لە دەست ئازارو ئەشکەنجەی ئەم بێ باوەڕانە ڕزگارمان بێت،جا پێغەمبەری خوا فەرمووی:ئەوە چی دەڵێن:لەپێش ئێوەدا پیاوی وا هەبووە هێناویانە پاشان چاڵیان بۆ هەڵکەندووەو خستویانەتە ناویەوە و پاشان هاتوون بە مشار لەسەر سەریەوە کردویانە بە دوو لەتەوە،وە ئەم سزایەش وای لێ نەکردووە کە پەشیمانی دەرببڕێت لە دینەکەی،هەروەها پیاوی واش هەبووەهێناویانەو بە شانەی ئاسن گۆشت و دەمارەکانی لە ئێسقانەکانی جیاکراوەتەو سزاکەشی وای لێنەکردووە کە ساردی و سڕی ڕووی تێ بکات وپەشیمان ببێتەوە،سوێند بە خوای گەورە،ڕۆژێك دادێت خوای گەورە ئەم دینەی خۆی سەردەخات هەتا وای لێ دێت،کە سوار لە ( صەنعاوە ) دەڕوات بۆ(حەضرە مۆت) لەخوای گەورە نەبێت لە هیچ کەسێکی ترناترسێت،یان لەگورگ کەمەڕەکانی بخوات.بەلاَم ئێوە پەلەتانە.**

---

(١) رواه البخاري(٣٦١٢) وابو داود( ٢٦٤٩) .

## گرنگترین ئەو هۆکارانەی بەردەوامیت پێ دەبەخشن لەسەر دینی خوا.

برایانی بەڕێز.................خوشکانی دڵسۆز.............

گومانی تێدا نیە کە بەردەوامی و دامەزراوی لە سەر دینی خوا تـاکو دوا هەناسـەی ژیان پێویستیەکی داواکراوو جوانترین دیاری خوایە بۆبەندەکانی، وە سـوور بـوون لـە سـەر گوێڕایـەڵی و پەرسـتنی خـوای گـەورە پلـەو پایەیـەکی خـۆی هەیـە،وە هەروەها سۆزو بەزەیی خوایە بۆ مرۆڤـەکان کـە ڕێنمـوێنی بۆدانـاوین لـە قورئـانی پیرۆزو فەرموودەکانی سەروەری مرۆڤایەتیەوەﷺتا تـێ نەکـەوین و هەمیـشە لـە ژێـــر ڕۆشـــنایی وتـــە جوانەکانیانـــدا هەڵـــسوکەوتی ڕۆژانـــەو شـــەوانەمان بەرینەسـەر،بەتایبەتی بـۆ موسـوڵمانانی سـەردەمی ئـەمڕۆی پڕاوپڕلـە ئاشـوب وفیتنەو ناخۆشی و ئازارو مەینەتی کە زۆر پێویستە بـۆ ڕزگاربوونمـان لـەو جـۆرە ئێش و ئازارانە دەست بگرین بە قورئان و سووننەتەوە،هەر بۆیە دوژمنـانی خـواو بەرنامە پیرۆزەکەی هەمیشە لـە بۆسـەدان و بـەردەوام خـەریکی خزانـدن و لادانـی موسـوڵمانانن و هۆکـاری زۆر بـەکاردەهێنن بـۆ ترازانـدن وسـارد بوونەوە،هـەر لـە هۆکـــارە ماددیەکانـــەوە تـــا هۆکـــارە مەعنەویـــەکان وهـــەروەها ڕازاندنـــەوەو جوانکاریەکانی دونیا بە شتە پڕوپووچ و بەناوشتە سەرسوڕهێنەرەکان،وەهەروەها پـــەخش کردنـــی بابەتـــە ناشـــەرعی وپـــیس و گلاوەکـــان و دوور لـــە ڕەوشـــت وتایبەتمەنـدی مـرۆڤ بوون،کەواتـە بەڕاسـتی ئیـسلام لـەم سـەردەمەدا لـەو پـەڕی غەریبیـدا دەگوزەرێـت وهەڵگرانیـشی بـا دڵ بـەوە خـۆش کـەن کـە رسـول اللهﷺدەفـەرموێت:(إِنَّ الْإِسْلَامَ بَدَأَ غَرِيبًا وَسَيَعُودُ غَرِيبًا كَمَا بَدَأَ فَطُوبَى لِلْغُرَبَاءِ قـالوا وَما الغُرَباءِ؟ قالَ الَّذِينَ يُصْلِحُونَ مَا أَفْسَدَ النَّاسُ )[1] واتـە:دینـی ئیـسلام بـە نـامۆیی

---

(١) رواه الطبراني وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير (١٠٥٥) .

دەستی پێکرد،وە بە نامۆیش دەگە ڕێتەوە،جا خۆش بەختی بۆ کەسنانێك کە نامۆن تیایدا،وتیان:ئەی پێغەمبەری خواﷺنامۆکان کێن؟فەرمووی:ئەوانەن کە لەو سەردەمەدا شتانێك چاك دەکەن لە کاتێکدا کە خەڵکی تێکی داون(صدق رسول اللهﷺ).کەواتە ئەو کردەوانەی کە بەردەوامیمان پێ دەبەخشن لەسەر دینی خوا،بریتین لە:

**یەکەم:ڕووکردنە قورئانی پیرۆزو بەدەمەوە چوونی.**

قورئانی پیرۆز یەکێکە لە هەرە هۆکارە زۆر گرنگەکان بۆ دامەزراوبوون وبەردەوامی لەسەردینی خوا،وە پەتێکی بەهێزە بۆ گەیاندنی مرۆڤ بە دوا ڕۆژی ڕوون،وەڕووناکیەکی ئاشکراودیارە،بۆیە هەرکەسێك گوێڕایەڵی بکات ودەستی پێوە بگرێت ڕووسووروسەربەرزی دونیاودواڕۆژ دەبێت،وە هەرکەسیش شوێنی بکەوێت و ڕێنموێنیە کانی وەربگرێت ئەوە بێگومان ئومێدی خێری پێ دەکرێت و(ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت) کۆتایی تەمەنیشی بەخێردەگوزەرێت،چونکە بەڕاستی قورئانی پیرۆز تاکە بەرنامەیەکە بۆ سەرزەوی کەمرۆڤەکان ئاسوودەبکات وڕێساویاسایەکیشە کە کە هەرکەس کاری پێ بکات تووشی گێرەو کێشە نابێت لە بوارەکانی ژیانیدا،هەروەك خوای گەورە خۆی دەفەرموێت:﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمْ بُرْهَانٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكُمْ نُورًا مُبِينًا (١٧٤) فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَاعْتَصَمُوا بِهِ فَسَيُدْخِلُهُمْ فِي رَحْمَةٍ مِنْهُ وَفَضْلٍ وَيَهْدِيهِمْ إِلَيْهِ صِرَاطًا مُسْتَقِيمًا (١٧٥)﴾(النساء)واتە:ئەی خەڵکینە لە پەروەردگارتانەوە بە ڵگەیەکی ئاشکراتان بۆ هاتووە،تاکو هیچ کەسێك بیانووی نەمێنێ ئەو بە ڵگەیەش نوورو ڕوناکی بە خشێکی ئاشکرایە،کە بریتیە لە (قورئان)جا ئەوانەی کە باوەڕیان پێیهێناو دەستیان پێوە گرت،ئەوە بە دڵنیاییەوە خوا دەیانخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و شارەزاو ڕێنموێنیان دەکات بۆ سەر ڕێگای ڕاست.ئەگەرسەرنجێکی وردی

ناوئایەتەکـە بـدەین سـەرەڕای بەڵگـەی زیـاترڕوون دەبێتـەوە کـەخوای گـەورە دووسـیفەتی ئـەو قورئانـەباس دەکات،یەکـەم(نـوورو ڕونـاکی)دووەم(ئاشـکراو ڕوون)واتە ڕوناکی وڕێ نیشاندەرە بۆ کەسێك کەڕێی خوا بگرێت وهەمیشە لەسـەر ڕاسـتە ڕێ دەڕوات وە هەروەهائاشـکراو ڕوونیـشە پێویـستی بـە بـیرو بۆچـوونی تایبەتی نیە،بە ڵکو قورئان خۆی ڕوون کەرەوەیە بۆ شتەکان.یان خوای گەورە لـە ئایەتێکی تـردا دەفـەرموێت:﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ جُمْلَةً وَاحِـدَةً كَذَلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤَادَكَ وَرَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلًا وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا (٣٢) (٣٣)﴾(الفرقـان)واتـە:ئەوانـەی بـێ بـڕوا بـوون دەیـان ووت:ئـەوە بۆچـی مُحَمَّـدﷺهـەموو قورئـانی بـە یەکـەوەو بـە یەکـەمجار بۆدانەبـەزێنراوە ؟،دەی مُحَمَّدﷺبزانە ئا بەم شێوەیەو بە جیا جیا دامان بەزاندووە ئەویش بۆئـەوەی کـە دڵی تۆی پێ دامەزراوو بە هێزبکەین وهەوەها بۆئەوەی کـە بەشـێوەیەکی جـوان و بە تەجویـدەوە بیخوێننەوەوئایـەتانی خـۆمم بـۆ ناردن،وەبـاش بزانـە ئەوانـە هـەر نمونەوشتێکت بۆ بهێـنن(لـە ڕەخنـەو پێـشنیارە نـا بـە جێکانیـان)بێگومـان ئێمـە وەڵاممـان بـۆ ئامـادە کـردووی بـە جـوانترین و ڕاسـتترین ڕوونکردنەوە.هەروەهاپێغەمبەری خـواﷺدەفـەرموێت: (لَوجَمَعَ القُرانُ في اهابِ ما أحرَقَه اللهُ بِالنار)[1] واتـە:ئەگـەر قورئـان لـە پێـستەیەکدا کۆبکرێتـەوە ئـەوە خـوای گەورە ئەو پێستە بە ئاگر ناسـوتێنێت.کەواتـە دەسـت گـرتن بـە قورئـانی پـیرۆزو بەرنامە جوانەکەی خوای گەورەو جێ بە جێکردنـی دەبێتـە هـۆی دوور کەوتنـەوە لەو ئاگرەی کـە هەمیـشە مـرۆڤ لەسـەری پێویـستە پـەنا بگرێـت بـە خـوا لێـی،وە موژدەیەکی گەورەشە بـۆ ئـەو کەسـانەی هـەڵگرین لـە کـارو کردەوەیانـدا ڕەنگـی

(١) رواه البيهقي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير (٥٢٦٦) .

داوەتەوەو بەردەوام ترس و بیم لە ڕۆژێك كە قورئان شكات كەر دەبێت یان شەفاعەت كەر دەترسن و خۆیانی بۆ ئامادە دەكەن،پێغەمبەری خوا ﷺدەفەرموێت:( أبشِروا فإن هذا القُرانَ طَرفَه بيدِالله وَطَرفَه بايدكُم فتمَسكوا بهِ فإنكُم لَن تهلكو وَلن تضِلوا بَعدَهُ ابَداَ)[1] واتە:موژدەتان لێبێت،ئەم قورئانە جەمسەرێكی بە دەستی خواوەیەو جەمسەرەكەی تریشی بە دەستی ئێوەوەیە،جا توند دەستی پێوە بگرن،چونكە لە دەست گرتنتان بە قورئانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی كەهەرگیز نافەوتێن و گومڕانابن.

**هەروەها قورئانی پیرۆز خاوەنی چەندان موعجیزەیە لەوانە :**

١–ووتەی خوای گەورەیە .

٢–لەلایەن خواوە بە جبریلدا نێردراوەوبەڵێنی پاراستنیشی دراوە

٣– خاوەن سیفەتێكی بەرزەولە(لوح المحفوڤ)پارێزراو بوو.

٤–خاوەنی جیاكەرەوەی حەق و ناحەقە.

٥–هەرگیزاو هەرگیز هیچ كەسێك نە(جن)وەنە(مرۆڤ)ناتوانن بە وێنەی یە ك ئایەتیش لە قورئان بهێنن.

٦–هەموو كتێبە كانی پێش خۆی بە ڕاست دادەنێت.پێش ئەوەی دەستكاری بكرێت و بگۆڕدرێن.

٧–ئاشكرا كردنی هەواڵێك كە شاراوە بوو دوایی ڕووی دەدا.

٨–هەواڵ و بەسەرهاتی ڕاستێتی پێغەمبەرانی پێشووی ﷺ تیادایە.

٩–گەورەترین موعجیزەش بوو بۆ پێغەمبەری خوا مُحَمَّدﷺ.

١٠–ڕوونی ورەوان بێژی وڕیكی لەخوێندنەوەوئاداكردندا.. وچەندانی تر.

(١) رواه الطبراني وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير (٣٤) .

**دووەم:پەیوەست بوون بە شەرعی خوای گەورەوە .**

بەرنامەی ئیسلام چاکترین و پاك ترین بەرنامەیە کە مرۆڤ بتوانێت شانازی پێوە بکات،هەروەها تاکە بەرنامەشە کە بچووکترین شتی فەرامۆش نەکردبێت و هەمیشەش لە خەمی خەڵکدا بووە تا بتوانن کارو بارەکانیان بە تەواوی جێ بە جێ بکەن،بویە ئەم ئاینە بەرنامەیەکی خواییە و هاتووە تا هەمە لایەنەو گشتگیر بێت و سیستەمێکە بۆ هەموو سەردەمە جیاوازەکان ڕای خۆی هەبووەو شتی نوێ و سوود بە خشی پێ بووە،سەرەڕای ئەمانە دەشتوانێت لە گەڵ پێشکەوتنە سەردەمیەکاندا بڕوات و کالآی بە با لآی مرۆڤە کانەوهەرگیز خوای گەورەش کارێکی لە مرۆڤ نەویستووە کە پێی نەکرابێت و لە توانایدا نەبووبێت،جگە لە مانەش دینی خوا هاتووە تا مرۆڤەکان ڕزگار بکات لە بەندایەتی بەندەکانەوە بۆ بەندایەتی خوای بە ندەکان،هەربەم هۆیەوەش دەیەوێت هەمیشە مرۆڤەکان لە ئاستی ڕۆشنبیری بەرزدا ژیان بەرنە سەرو ببنە سەرمەشق لە کاری چاکەدا،وە ستەم وناحەقیش لە کەس قەبوڵ نەکات وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ ١٩﴾ (ال عمران) واتە:دینی ڕاست و دروست لە لای خوای گەورە تەنها دینی ئیسلامەو بەس،یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرمویت:﴿ وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ (٨٥)﴾(ال عمران) واتە:هەر کەسێك غەیری دینی ئیسلام هەڵبژێرێت و بیکاتە بەرنامەو یاسای خۆی ئەوە لێی وەرناگیرێت و بەسەریدا دەدرێتەوە،وە لە دواڕۆژیشدا یەکێك دەبێت لەوانەی کە خەسارەت مەند بوونەو مایە پوچ بوۆی دەرچوون.کەواتە پابەندبوون و دەست گرتن بەبەرنامەی خواوە یەکێکە لە هەرە ڕەوشتە بەرزەکانی باوەڕداری ڕاستەقینەو دەشبێتە هۆی بەردەوامی و دامەزراوی لە سەر دینی خوا،هەروەها ئەم ئاینە ئامۆژگاریە بۆ نەوەی ئادەم بە گشتی وشوێن کەوتوانی پێغەمبەری خوا

محمدﷺبەتایبەتی،چونکە ئەم شەرعەیە کە خوای گەورە دەفەرمویت:﴿ شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ١٤﴾(الشورى) واتە:ئەو ئاینەی کە خوای گەورە بۆ ئێوەی داناوە هەر ئەو ئاینەیە کە فەرمانی داوە بە پێغەمبەری خوا نوحﷺ و وە ئەوەی کە ناردومانە بۆ تۆو ئەوەش کە ناردومانە بۆ ئیبراهیم و موسی و عیسی(علیهم الصلاه والسلام) کە لەسەر ئەو ئاینە بڕۆن و بەردەوام بن لەسەری وەبەڕێك و پێکی و ڕاستی و جیاوازی تێدا مەکەن.هاوەڵی زۆر بەڕێز حوزەیفە(ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت:(عَنْ حُذَيْفَةَ قَالَ كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ أَحْصُوا لِي كَمْ يَلْفِظُ الْإِسْلَامَ قَالَ فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ أَتَخَافُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ مَا بَيْنَ السِّتِّ مِائَةِ إِلَى السَّبْعِ مِائَةِ قَالَ إِنَّكُمْ لَا تَدْرُونَ لَعَلَّكُمْ أَنْ تُبْتَلَوْا قَالَ فَابْتُلِينَا حَتَّى جَعَلَ الرَّجُلُ مِنَّا لَا يُصَلِّي إِلَّا سِرًّا)[1] واتە:حوزەیفە(خوا لێی ڕازی بێت)دەفەرموێت:لە خزمەتی پێغەمبەری خواﷺ بووین پێمانی فەرموو:ئادەی بۆم بژمێرن چەند کەس دانی ناوە بەدینی ئیسلامدا،حوزەیفەشرضي الله عنه دەفەرموێت:ئێمەش وتمان ئەی پێغەمبەری خواﷺئایا خەمی ئێمەتە،لە کاتێکدا ئێمە لە ناو شەش سەد تا حەوت سەد کەسداین؟ فەرمووی ئێوە نازانن لەوانەیە توشی تاقی کردنەوەیەك ببن! !جا حوزەیفە دەفەرموێت:وامان لێ هات تووشی تاقی کردنەوەوبەلآیەك بووین کە پیاوێك لەئێمە نایتوانی نوێژ بکات مەگەر بەنهێنی نەبوایە.

**سێ یەم:ووردبوونەوەوتێڕامان لەسەرگوزشتەی پێغەمبەران**(علیهم الصلاة والسلام)

خوای گەورەو میهرەبان بۆ هەر گەلێك نێردراوێکی ناردووە تا ئاگاداریان بکاتەوەو

---

(١) رواه البخاري ( ٢٨٩٥)

دوور بکەونـەوە لـە هـاوەڵ بڕیـاردان بـۆ خـوا،وە تـەنها خـوا بپەرسـتن هـەروەها بەرنامەی ئیسلامیش جێ بەجێ بکـەن وە هـەر ئەمـەش بانگـەوازی ڕاسـتی ئـەوان بووە.وە بێگومان ئەم نێردراوانە هەریەکـەو لەشـوێنێك و لـەناو گەلێکدا نێـردراون وجـا هەیانـە بـە گـوێی کـراوەو سـەرکەوتوو بوونـەوە هەشـیانە بـەگوێی پێغەمبەرەکەیان نەکردووەو دژی وەستاون تا خوای گەورە غەزەب و ڕق وتوڕەیی خۆی دابەزاندووە بۆسەریان و هەریەکەش بە سزایەك لە نـاوی بـردوون،وە ئەمانـە بوونەتە هۆی ڕزگار کردنی چەندان کەسی تر.هـەوەها سـەرەڕای ئەمانـە هـەمووی خوای گەورە موعجیزەی بۆناردوون تـا گەلـەکانیان بڕوایـان پـێ بکـەن بـە لاَم بـێ سوود بووە،تا بەوەوە نەوەسـتاون و کەوتوونەتـە ئـازار دانـی پێغەمبـەرەکانیان و جـەنگی لاشـەیی و دەروونیـان بەرامبـەریان دەسـت پـێ کـردووە.بگـرە جـاری واهەبووە نەوەی خۆیان یان باوکی یان کوڕی خۆیان یان خێزانەکەیان بـەرەنگاری ئەم پێغەمبەرانە بوونەتەوە و هۆکاری ئەشکەنجە دانیان بوونە، بۆنمونە پێغەمبـەر ئیبراهیم باوکی کە ناوی ئازەر بوو دوژمنایەتی دەکردو بە لاَم هەر کوڵی نەدەدا وە پێغەمبەر نوح کوڕەکەی و پێغەمبەر لوگ خێزانە کـەی و پێغەمبـەری خـوا محمـد( سەلامی خوایان لێبێت) مامە بێ باوەڕەکانی....هتد لە کاتێکدا تاکـەئاواتی ئـەم نێردراوانـــە تـــەنها ســـەرفرازی گـــەل ونـــەوەکانیان بوونـــە،خوای گـــەورە دەفـەرموێت:﴿وَكُلًّا نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ وَجَاءَكَ فِي هَـٰذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ (١٢٠)﴾(هود) واتە:ئەی محمدﷺ هەواڵ وبەسـەر هاتی هەمووئەوپێغەمبەرو گەلانەیانت بـۆ دەگێڕینـەوە کـەتاکو دڵـتی پـێ بـە هێـز ودامەزراوبێت،وە دڵنیاشت دەکەین لە ڕاستی کارەکەت وە پەندو ئامۆژگاری و بـیر خستنەوەشە بۆ گـرۆی بـاوەڕداران. هەربۆیـە ئـەم پێغەمبەرانـە (سـەلامی خوایـان لێبێـت) لـە لایـەن دوژمنێکـی تریـشەوە تووشـی تـاقی کردنـەوەو بـەلاَ بوونـە کـە

هەمیشە سوور بوونە لە سەر دینەکەیان و ئەو زۆردارو دڕندانە نەیان توانیوە بە ئازارو ئەشکەنجە دان ئەو دینە لە دڵیان دەربکەن هەروەك پێغەمبەر ئیبراهیم نەمروود دژایەتی کردووەو پێغەمبەر موسی فیرعەون و پێغەمبەر عیسی گەلەکەی و پێغەمبەر یوسف ئافرەتێك و ....هتد بەڕاستی پیشەنگ و ڕێ خۆشکەربوون بۆ نەوەکانی دوایی،ئەوەتاعَبدُالله ابْنِ مَسْعُودٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ)دەربارەی پێغەمبەر موسیﷺ فەرموودەیەك لە پێغەمبەری خواوەﷺدەگێڕێتەوەو دەفەرموێت:(...رَحِمَ اللَّهُ مُوسَى لَقَدْ أُوذِيَ بِأَكْثَرَ مِنْ هَذَا فَصَبَرَ)[1] واتە:پێغەمبەری خواﷺ شتێکی بەش دەکرد،پیاوێك لە پشتیوانان وتەیەکی ووت کە پێغەمبەری خوایﷺدڵگران کردو ئازاری دەروونی دا،ئیتر پێغەمبەری خواﷺفەرمووی:ڕەحمەتی خوا لە موسی پێغەمبەر بێت ﷺلەمەش زیاتریان پێ دەوت وئارامی دەگرت.

## خوای گەورە پێغەمبەرانی(عليهم الصلاة والسلام ) بۆچی ناردووە ؟

١- بۆ ئەوەی دین وبەرنامەی خوا بچەسپێنن ودووبەرەکی و ڕق وکینە نەهێڵن لەناوخەڵکیدا.

٢- بۆ ئەوەی بانگەوازی خەڵکی بکەن وخوای گەورە بناسێنن بەخەڵکی .

٣- بۆ ئەوە هاتوون تاکو دوژمنانی خوامان پێ بناسێنن لەمرۆڤەکان وشەیتانەکان بەگشتی .

٤- هاتوون تامرۆڤەکان ڕزگاربکەن لەئاگری دۆزەخ و بیان بەن بەرەو بەهەشتی خوا.

٥- هاتوون تابەندەکانی خوا ئاگادار بکەنەوە لەشیرك و شتە پڕو پوچەکان .

(١) رواه البخاري (٣١٥٠) .

٦- هاتوون بەمەبەستی ناساندنی شتەکانی دەورو بەرمان وپێویستیەکانی ژیان.
٧- گەیاندنی هەواڵەکانی ئاسمان بەمرۆڤەکان و ئاشنا بوونیان بەوهەوالآنە .
ئەمانەو چەندانی تر ..............

چوارەم: **زۆر یادکردنی خوای گەورە.**

یادکردنی خوای گەورە هۆکارێکی ترە بۆ دامەزراو بوون لەسەر دینی خوا،هەروەك ئەو یادەکردنە خۆی بریتیە لە دەربڕینی چەند ووشەیەك بە زمان و تەواوبوونی لە کاتێکی کەمدا،هەروەها هەوڵدان بۆ بەردەوام بوون لەسەری و سووربوون لەسەر ئەنجام دانی ئەو یاد و ویردانەی کە چ لە قورئانی پیرۆزدا و چ لە فەرموودەکاندا ئاماژەی پێ کراوە،وە پێویستە هەمیشە ئەو سوننەتە بەرز ڕابگیرێت و ڕەنگدانەوە دروست بکات لە ناخی تاك بە تاکی مرۆڤەکاندا،هەرلەبەر ئەمەشە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُوا وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٤٥)﴾(الانفال) واتە:ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە هەرکات لە گەڵ دەستەیە لە دوژمنانی خوا بەیەك گەیشتن ئەوە دامەزراوو جێگیربن و زۆر یادی خوای گەورە بکەن بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن.کەواتە هۆکاری سەرەکی لێرەدا بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمندا بەستراوەتەوە بە زۆر یادکردنی خوای گەورەو میهرەبان وە دەشبێتە هۆی ڕزگاربوون لە فێڵ و تەڵەکەکانی شەیتان،وەئەم یادکرنەش بێگومان چەکی دەستی باوەڕدارە لەهەموو کات و ساتەکاندا و هەمیشە لەبیرت بێت،پێغەمبەری خوا یوسف ﷺبەنمونە لە ناسکترین و دژوارترین کات وساتدا کەڕووبەڕوو بووەوە لەگەڵ فێڵ ومەکری ئافرەتێکدا جا بۆئەوەی لەو بەڵاو ناخۆشیە ڕزگاری بێت پەنای بردە بەر یادی خواو فەرمووی:﴿مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ ٢٣﴾(یوسف)واتە:پەنا بە خوای گەورە دەگرم وە عەزیزی میصرچاکترین

بەخێوکەری منەو چاکەی لەگەڵدا کردووم من ناپاکی لەبەرامبەر نانوێنم ..هەروەها پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:( أحَبُّ الاعمالِ الى الله أن تَموتَ وِلسانَكَ رطب مِن ذكرِالله)[1] واتە:خۆشەویست ترین کردارێك بەلای خوای گەورەوە ئەوەیەکەبمریت لەکاتێکدا زمانت تەڕو پاراو بێت بەیادی خوا.لەڕاستیدا خوای گەورە وەك مرۆڤەکانی دروست کردووە،بێگومان رێنمایی ویاساو دەستوریشی پێداوەو هەروا وازی لێ نەهێناوە،جائەو رێنامییانە مرۆڤ بەرەو رزگاربوون وسەرفرازی دەبات،بۆیەتۆش هەمیشە بەرێنماییەکانی خروای گەورە ژیان بگوزەرێنە.پێشەوا عوسمانی کوڕی عەففان(ڕەزای خوای لێبێت)دەفەرموێت:(ئەگەر دڵەکانمان پاك بێتەوە لە ژەنگ و ژاری تاوان و گوناه ئەوە هەرگیز بێ تاقەت و وەڕس نابین لە یادکردنی خوا)[2]

**پێنجەم:پاڕانەوەو نزا تەنها بۆلای خوای گەورەو بەس.**

پاڕانەوەودەست بەرزکردنەوە بۆلای خواوداوا لێ کردنی بۆجێ بە جێکردنی کارەکان وبە خشینی ڕۆزی وپەناگرتن بە دۆزەخ و داواکردنی بە هەشت و پەناگرتن لە شەیتانی نەفرەت لێ کراو و ڕزگار بوون لە دەستی زۆردارو ستەم کاری ڕۆژگار و پاڕانەوەی تایبەتی بۆ داواکردنی دامەزراوی و بەردەوامی لە سەر دینی خوا........هتد هۆکارە بۆ بەختەوەری مرۆڤەکان،وەیەکێکیشە لە ڕەوشتە دیارەکانی بەندەی خواو نابێت کەسێك بە خۆی بڵێت موسوڵمان و لە هەمان کاتیشدا ئەم پاڕانەوانە فەرامۆش بکات،چونکە ئەمە مانای ئەوپەڕی دان نانە بە بەندایەتی کردن بۆ خواوخۆ بەنزم سەیرکردن لە بەرامبەر خوای گەورەدا،وە پێویستە سوور بیت لەسەر دووبارەکردنەوەو وتنەوەی وپەلە نەکرێت بۆ وەڵام

---

(١) رواه الطبراني وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير (١٦٥) .

(٢) حياة الصحابة ( ١٠٢) .

دانەوەی لەلایەن خوای کاربەجیٚ وە،هەروەها پێویستە بەندە لە کاتی پاڕانەوەدا لایەنی کزۆڵی و مل کەچی وترس و بیم پەیڕەوبکات تاکو خوای گەورە بەزەیی پێدا بێتەوەو ببێتە هۆی ڕزگاربوون،خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَلَمَّا بَرَزُوا لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالُوا رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ (٢٥٠)﴾(البقره)واتە:کاتێك موسولمانان ڕووبەڕووی جالوت و لەشکرەکەی وەستان وتیان:خوایە ئارامی برێژە بەسەرمانداو قاچەکانیشمان جێگیرو ڕاوەستاویکە لەبەرامبەردووژمنەکەمان و سەرکەوتوشمان بکە بەسەر گەلی بیٚ بڕوادا.جابەرهەمی ئەم دوعایە ئەوەبوو﴿فَهَزَمُوهُمْ بِإِذْنِ اللَّهِ وَقَتَلَ دَاوُودُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاءُ ٢٥١﴾(البقرة)کە بە فەرمانی خوای گەورە دوژمنەکەیان شکاو داودﷺ جالووتی کوشت و خوای گەورەش پێغەمبەرێتی پیٚ بە خشی و فێری زۆر شتی کرد.هەروەها جَابِرِ کوڕی عَبدُالله(ڕەزای خوای لێبێت)دەفەرموێت:گوێم لەپێغەمبەری خوا بوو ﷺ فەرمووی:(مَا مِنْ أَحَدٍ يَدْعُو بِدُعَاءٍ إِلَّا آتَاهُ اللَّهُ مَا سَأَلَ أَوْ كَفَّ عَنْهُ مِنْ السُّوءِ مِثْلَهُ مَا لَمْ يَدْعُ بِإِثْمٍ أَوْ قَطِيعَةِ رَحِمٍ)(١) واتە:هیچ کەسێك نیە کە بپاڕێتەوە بە پاڕانەوەیەك،ئیلا خوای گەورە داواکاریەکەی وەردەگرێت ودەیداتیٚ،یان بە ئەندازەی ئەوە خراپەو زیانی لیٚ لا دەدات.بە مەرجێك پارانەوەکەی بەمەبەستی خراپە نەبێت یان بە مەبەستی پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی.واتە لەم دوو حاڵەتەدا دوعا وەرناگیرێت.

شەشەم: **ئەنجامدانی نوێژەکان بە کۆمەڵ لە مزگەوت.**

ئەنجام دانی نوێژە فەرزەکان بە کۆمەڵ لە مزگەوت هۆکارێکی گەورەو بە هێزە بۆ بەردەوام بوون لەسەر دینی خوا،وە پاداشتێکی گەورەو بەر فراوانی هەیە بۆ

---

(١) رواه احمد والترمذي، وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير (٥٦٧٨) .

ئەوانەی دەبنە هۆی ئەنجام دانی.بۆیە ئەم پەرستنە جیاوازی تایبەتی خۆی هەیە لە چاو پەرستنەکانی تردا هەروەها مزگەوتیش یەکێکە لە هەرە مەڵبەندە گەورەکانی پێگەیاندنی تاکی موسوڵمان و چاکترین جێگەشە بۆفێربوون و فێرکردنی زانیاری بە سوود،وەبەبەرزترین و بە ڕێزترین شوێنیشە بۆپەرستنەکان وە شوێنی دڵ نەوایی و ئارام بە خشیە و خۆشەویست ترین شوێنیشە بەلای خوای گەورەوە، سوپاس بۆخوا کاروانی خواناسان بەرێوەیەو ڕۆژلەدوای ڕۆژ بەفەزڵی خوا ئەهلی مزگەوت هەر لەزیادبووندایە،هەربۆیەخوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَارْكَعُوا مَعَ الرَّاكِعِينَ (٤٣)﴾(البقـرة)واتە:نوێژەکانتان ئەنجام بدەن و زەکاتیماڵەکانتان دەربکەن وبیدەن بە هەژاران وەکڕنوشیش بەرن لەگەڵ کڕنوش بەراندا واتە بەکۆمەڵ نوێژبکەن .یاخود أَبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه دەفەرموێت:پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:(صَلَاةُ الرَّجُلِ فِي جَمَاعَةٍ تَزِيدُ عَلَى صَلَاتِهِ فِي بَيْتِهِ وَصَلَاتِهِ فِي سُوقِهِ خَمْسًا وَعِشْرِينَ دَرَجَةً)[1] واتە:نوێژی پیاویك بە کۆمەڵ لە مزگەوتدا ئەنجامی بدات بۆی چاکترو خێرترە لە نوێژێك کە لە ماڵەوە یاخود لە دوکان و بازاڕدا ئەنجامی بدات بە بیست و پێنج پلە .یاخود عبدالله ی کوڕی مەسعود(خوالێی ڕازی بێت)دەفەرموێت:(إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَّمَنَا سُنَنَ الْهُدَى وَإِنَّ مِنْ سُنَنِ الْهُدَى الصَّلَاةَ فِي الْمَسْجِدِ الَّذِي يُؤَذَّنُ فِيهِ)[2]_واتە بەڕاستی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگای ڕنموێنی فێر دەکردین،وەیەکێك لەو ڕێگایانەی کە فێری دەکردین بریتی بوو لە نوێژکردن لە مزگەوت بە کۆمەڵ کە بانگی تیادەدرێت.هەروەها عامری کوڕی عبدالله(خوالێی ڕازی بێت)لە سەرەمەرگدا بوونزیك بوو لەوەی گیانی پیرۆزی دەربچێت و بگەڕێتەوە بۆلای پەروەردگار،لەو

---

(١) رواه البخاري (٤٧٧) .

(٢) رواه البخاري (٤٦٥)

کاتـەدا بـانگ بێـژ بـانگی فـەرموو ئـەمیش گـوێی لـە دەنگـی بـوو وەماڵەکـەی لـە مزگەوتەوە نزیك بوو،جا داوای کرد کە دەستی بگرن و بیبـەن بـۆ مزگـەوت پێیـان ووت ئـاخر تـۆ نەخۆشـی و حاڵـت بـەرەو تێـك چـوون دەچـێت،ئەویش فەرمووی:دەتانوێت گوێم لە دەنگی بانگ بێت و نەچم بە دەنگیەوە ! !ئـەوانیش ناچار بوون و چوونە بن باڵیەوەو بردیانە مزگەوت تا نوێژەکەی ئەنجام بدات کـاتی نوێژی مەغریب بوو،بۆیە لە گەڵ پێش نوێژدا نوێژی دابەست و یـەك ڕکـاتی کـردو لـەناو نوێـژدا لـەکاتی هەسـتانەوە بـۆ ڕکـاتی دووەم گیـانی سـپاردو مـرد[1] . جـا بەڕاستی ئـەوە نیشانەی کۆتـایی هـاتنی تەمەنـە بـە خێـرو چـاکە وە ئـەم هـاتوو چـۆکردن و دڵ پەیوەسـت بـوون بـە مزگەوتەوەیـە وای لـە پێـشینە چـاکەکانمان کردووە کە هەمیشە لە خەمی جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی خوادا بـن ولـە شـوێنە پـیرۆزو پاکەکانـدا گیـان بـسپێرن.ڕەحمـەتی خـوا لـەوان و بـەردەوامی و شـوێن کەوتنیش لە ئێمەی بەندەی خوا. بۆیە بـرای خـۆم داوات لـێ دەکـەم پابەندبـە بـە نوێژی جەماعەتەوە،چونکە :

١-دەبێتە هۆی ئەنجام دانی خوا پەرستیەکی چاك وڕاستەقینە.

٢-ئاوەدان کردنەوەی دڵ و دەروون بە چوونە ماڵی خواو خۆسازدان بۆ نوێژ.

٣-وازهێنان لە ماڵی دونیاو خۆ خەریك کردن بە یادو پەرستنی خوای گەورەوە بـۆ چەند ساتێك.

٤-بینینی موسوڵمانان و چاك و چۆنی کردن و هەواڵ پرسـینی یـەکتری و تەوقـەو یادخستنەوەی یەکدی.

٥-دووپات کردنەوەی پەیمان لە گەڵ خواداو تەوبەو گەڕانەوە بۆلای.

---

(١) برِوانة: صفة الصفوة (٢/٩٢) .

٦–هاتوو چۆکردنی بەردەوام و دانەبڕان لە نوێژەکان بەتەواوی.

٧–هۆکارە بۆ چوونە ژێر سێبەری عەرشی خوا لە دواڕۆژدا.

٨–دەبێتە هۆی جێ بەجێ کردن فەرمانی خوای گەورەوخۆشەویستی پێغەمبەری خواﷺ.

٩–زیادبوونی پاداشت وخێری زۆر لە تەرازووی چاکەدا.

١٠– ((٢٥)) دەرەجە یاخود((٢٧)) دەرەجە بۆ وەرگرتنی پاداشتی یەك نوێژ بەکۆمەڵ ئەنجام دان .

حەوتەم: **سوور بوون لەسەر گرتنی ڕێگەی ڕاست و ئەملاو لانەکردن لەسەری .**

گومانی تێدا نیە تاکە ڕێگەی ڕاست و سەرفرازی تەنها ڕێگەی ئیسلامەو ڕاسترینیشیانە کە بریتیە لە ئەو ڕێگەیەی پێغەمبەران و هاوەڵان و پێشینە چاکەکانمان لەسەری بوونە ڕێگەی ئەهلی سوننەت و جەماعاتە،کەهەمیشە بەڵگەدارو چاونەترس و خاوەنی جیاکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستی بوونە،کەواتە هەرکەسێك لەسەر ئەم ڕێبازە پیرۆزە ڕۆیشت ئەوە زۆر بەدوورە لەدەستەوتاقمی گومڕای ئەهلی کەلام و شوێن کەوتوانی بیدعەو کارە ناپەسەندەکان،هەروەها بەدووردەبێت لەدەربڕینی ڕاو بۆچوونی خۆم یان من وەبەدووردەبێت لەپەیڕەو کردنی بەرنامەی دەست کرد وشوێن کەوتنی،وە هەروەها باشترین وڕێنمایی ترین ڕێگائەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿إِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ (٥٢) صِرَاطِ اللَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ أَلَا إِلَى اللَّهِ تَصِيرُ الْأُمُورُ (٥٣)﴾(الشوری) واتە:بێگومان ئەی موحەممەدﷺتۆخەڵکی بۆ ڕێگایەکی ڕاست ودرووست ڕێنموێنی دەکەیت،ئەوەش ڕێگەی خوای گەورەیەو وە ئەوەی کەلە ئاسمانەکان و زەویدایە تەنها موڵکی ئەوە،وەبشزانە گەڕانەوەو هەمووکارو بارێك هەر بۆلای خوایەو بەس.کەواتە شوێن کەوتوانی ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام هەمیشە

بــە تــەنگی دینەکەیانــەوە بوونــەو بــەرگریان لێــی کــردووە و لەکاتــەخۆش و ناخۆشەکاندا پشتی موسـوڵمانان ودینەکـەیان گرتووە،هـەروەها پێویسـتە مرۆڤـی موسوڵمان هەمیشە بە دوور بێـت لـە هـاوڕێیی کـردن ونزیـك بوونـەوە لـە کەسـانی بیدعە چی و ئەهلی هەواو ئارەزوو،چونکە فوزەیلی کوڕی عـەیاز(ڕەحمـەتی خـوای لێبێت)دەفـەرموێت:(اذا رَأيتَ مُبتَدعا في طريق فَخُذ في طَريق اخَر)[1] واتـە:هـەرکاتێك کەسێکت بینی بیدعە چی بوو(زیادکەر لەدیندا)بـە ڕێگایەکـدا دەڕۆیـشت ئـەوە تـۆ بەپێچەوانەی ئەوەوە لەڕێگایەکی ترەوە بڕۆ.

**هەشتەم: بەردەوام بوون لەسەر بانگەوازکردنی خەڵکی بۆ لای خوای گەورە.**

کـــاری بانگـــەوازی کـــارێکی پـــیرۆزو گەورەیـــەو پاداشـــتێکی زۆری بـــۆ ئامادەکراوەوسـەرکەوتن و سـەرفرازی دونیـاو دواڕۆژی تێدایـە،بێگومان بانگـەواز کردنی خەڵکی بۆهاتنە ناو دینی ئیسلام و گەڕانەوەیان بۆ باوەشی ئیسلام یەکێکە لـە ڕەوشـتە زۆر گـەورەکانی بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە،وەئەمەش بۆڕزگـار کردنـی بەندەکانە لە بەرنامە دەسـتکردو پڕلەهەڵـەو کـەم و کوڕیـەکان بـەرەو ڕۆشـنایی و ڕوناکی بەرنامەی پڕلە پەندوئامۆژگاری وبێ هەڵەی خـوا.وە ئـەم بانگـەوازەش بـە مەرجی زانست و زانیاری بە سوودو کردەوەپێ کردنی لە لایەن بابای بانگخوازەوە دەبێت و لەسەر ڕێنموێنی و چاو ڕۆشنی ودڵسۆزی دەبێـت،وە پێویسـتە تـەنها لـە پێناوی خوادا بێت و هیچ شتێکی هەواو ئارەزووی تێکەڵ نەکرێت،هەروەها کەسـی بانگخواز پێش هەمووکەس زیاتر دەبێـت بـیر لـەوە بکاتـەوە کـە کـاری بانگـەوازی جوڵانـەوەو مانـدووبوون ودابڕانـی پێویـستەودەرروونی مرۆڤـەکانیش لـەو جـۆرەوە پشوو وەردەگرێت،ئەویش لەبەر ئەوەی بانگخواز بەو هەستە بڕوانێتە کارەکەی کە

---

(١) **بڕوانە**:البحر الرائق في الزهد والرقائق (٢٥) .

ئەمە كاری پێشووی پێغەمبەران و هاوەڵان و پیاو چاكان بووە،هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ (١٠٨)﴾(یوسف)واتە:ئەی پێغەمبەرﷺبەو خەڵكە بڵێ ئا ئەمەیە ڕێگەی من وئەوەشی كە لەسەر ڕێ و ڕێبازی منە،خەڵكی بانگ دەكەین بۆ یەكخوا پەرستی خواو وە لەسەر بنچینەی خواپەرستیەكی تەواووچاو ڕۆشنی و بەڵگەی شەرعی،وەخوای گەورەش پاك و بێگەردە لە هەموو كەم و كوڕیەك وە بێ بەریشم لەوانەی كە هاوەڵ و هاوبەش لە كاروبارەكاندا بۆ خوا بڕیار دەدەن[1] .

هەروەهاپێشەوا ابن تیمیە(ڕەحمەتی خوای لێبێت)دەفەرموێت:بانگەوازكردن بۆلای خوا: بریتیە لەوەی كە بەندەی خوا كارو بارەكانی لە كاتی بانگخوازیدا لە ژێر ڕۆشنایی فەرمانی خوادا بێت وە بانگەوازیشی تەنها بۆلای باوەڕبوون بە خوا بێت وەهەروەها ناساندنی پێغەمبەری خواوﷺ بەرنامەكەی كە دینی خوایەو وە بەڕاست زانینی ئەو هەواڵانەی كە ئەو بانگەوازی بۆ دەكات وەگوێڕایەڵیش بكرێت بۆ فەرمانەكانی و لێی لانەدرێت،وە ئەم بانگەوازەش زیاتر چڕ بكرێتەوە لە بانگەواز بۆكردن و تێگەیاندنی خەڵك لە مەبەستی سەرەكی هەردوو شەهادەكەیە كە بریتین لە:﴿لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ﴾﴿ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ﴾ وەهەروەهابانگەواز كردن بۆ جێ بە جێكردنی فەرمانەكانی تری وەك نوێژو ڕۆژوو زەكات و حەجی ماڵی خواو وە بانگەوازكردن بۆ بڕوابوون بە بەبەشەكانی باوەڕ كە بریتین لە بڕوابوون بەخوا و مەلائیكەكان و كتێبەكان و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و قەزاو قەدەر بە خێروشەڕیەوە،هەروەها مرۆڤی بانگخواز پێویستە لەسەری بانگەوازبكات بۆ دینی خوا بەتایبەتی لەبە تاك زانین وپەرستنی خوا وەك ئەوەی كە خوا ببینی خۆ

ئەگەر تۆ ئەو خوایە نەبینی خۆ ئەو تۆ دەبینێ.هەربۆیە هەمووپێغەمبەرانیش لەسەر ئەوە هاو ڕابوون کە دینی تەواوەتی ئەوەیە کەبیرو باوەڕ پاشان کردەوە،هەروەك پێغەمبەری خوامحمدﷺ بەو شێوەیە بانگەوازی دەست پێکرد وە بەیارمەتی خواو بە گوێرەی شەرعی خوا بوو[1].

عەبدولاّی کوڕی عومەر(ڕەزای خوای لێبێت)دەفەرموێت:پێغەمبەری خواﷺفەرموویەتی:( إِذَا تَبَايَعْتُمْ بِالْعِينَةِ وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ وَرَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ وَتَرَكْتُمْ الْجِهَادَ سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ ذُلًّا لَا يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ)[2] هەرکاتێك کڕین و فرۆشتنتان دەست پیکردو کەوتنە کاری( العينة )[3] پاشان دەستان گرت بەکلکی مانگاکانتانەوەو ڕازی بوون بەکشتوکالّ کردن،وەوازتان لە جیهاد کردن لەپێناوی خوادا هێنا ئەوە ئەو کات چاوەڕوان بن خوای گەورە بەرگی زەلیلی وبێ دەسەلأتی بکات بەبەرتاندا،خوای گەورەش ئەوبێ دەسەلأتیە لەسەرتان لانابات تاکو نەگەڕێنەوە بۆ دینەکەیی و واز لەو کارە دونیاییەتان نەهێنن.

**نۆیەم:ڕاستگۆیی لە هەموو گفتووگۆو کردەوەکاندا:**

ڕاستگۆیی ڕەوشتێکی بەرزی جوان و پیرۆزە کە موسوڵمان دەتوانێت لە هەموو هەڵسوکەوتەکانی ژیانی دا خۆی پێ برازێنێتەوە،بێگومان ڕاستگۆیی واتە گێڕانەوەی هەواڵ و وتەکان وەك خۆی و بەڕاست و دروستی و باس کردنی کەسەکان یاخود شتەکان وەك خۆی بەبێ کەم کردن و زیادکردن لێی،جا ئەم

---

(١) **بڕوانە:** دقائق التفسير، لابن تيمية: (٢٨٤/٣) .

(٢) رواه ابو داود وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير (٤٢٣) .

(٣) العينة" جۆرە کارێکە لە کڕینو فرۆشتندا، کابرای فرۆشیار شتێك دەفرۆشێت بە کەسێکی تر بەقەرز، بەلأم پێش دانەوەی قەرزەکە فرۆشیارەکە ئەوەی فرۆشتوۆتی پێی لێی وەردەگرێتەوە بە پارەیەکی حازری کەمتر لە نرخی خۆی.

ڕاستگۆ بوونەش تەنها شوێن کە لێوەی پەخش دەبێت بریت و دەشبێتە بناغەبۆی بریتی لە (دڵ)واتەهەرکات مرۆڤ بووە خاوەنی دڵێکی زیندوو بێ غەل و غەش ئەوکاتەدەبێتە کەسێکی ڕاست بێژ،هەروەها زۆر پێویستە لە کردەوەکانیشماندا ڕاستگۆبین و بە دوور بین لە هەڵەی ئەندامەکانی لاشە،هەربۆیە خوای گەورە دەربارەی ڕاستگۆیی دەفەرموێت:﴿وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِنْدَ رَبِّهِمْ﴾(یونس ٢) واتە:ئەی موحەممەدﷺمۆژدە بدە بەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو با ئەوانەش بێگومان بن لەوەی کە بە هۆی ئەو ڕاستگۆبوونەیان پلەوپایەی بەرزیان هەیە لای پەروەردگار.(قال ابن عباس: أجرا حسنا بما قدَّموا من أعمالهم. قال الضحاك: ثواب صدق. وقال عطاء: مقام صدق لا زوال له، ولا بؤس فيه. وقيل: منزلة رفيعة انظر في هذه الأقوال)[(١)] پێغەمبەری خوا محمدﷺفەرموویەتی:(عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى الْبِرِّ وَإِنَّ الْبِرَّ يَهْدِي إِلَى الْجَنَّةِ وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَصْدُقُ وَيَتَحَرَّى الصِّدْقَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ صِدِّيقًا)[(٢)] واتە:ئامۆژگاریتان دەکەم ڕاستگۆیی بگرن،چونکە ڕاستگۆیی ڕێنمایت دەکات بەرەو چاکە،وەچاکەش ڕێنمایت دەکات بەرەو بە هەشت،بۆیە بەردەوام پیاو ڕاست دەڵێت و هەوڵی ڕاستگۆیی دەدات تا وای لێدێت لای خوای گەورە پلەی بە ڕاستگۆ دەنوسرێت.کەواتە ڕاستگۆیی باشترین و جوانترین سیفەتێکە کە تاکی موسوڵمان لە دونیادا شانازی پێوە بکات و ببێتە هۆی ڕزگاربوونی لە ئاگری دۆزەخ لە دواڕۆژیشدا،دەکەواتە بابەو سیفەتە جوانە خۆمان برازێنینەوەوببینە هۆی سەرفرازی بۆ خۆمان و هاوڕێانمان و دینە پاکەکەمان.بەڕاستی پێشینی ئێمە (ڕەحمەتی خوایان لێبێت)تەنها سیفەتێك کە تیایاندا بوبێت و پێ سەرکەوتوو ببون بریتی بوو لە(ڕاستگۆیی)بە لوقمانی

---

(١) **بڕوانە**: الطبري(١٥ / ١٣) .

(٢) رواه مسلم (٦٨٠٥) .

حــەکیمیان ووت:ئــەی لوقمــان ئایــا تــۆ بەنــدەی فلأنــە کــەس نەبویت؟ئــەویش ووتــی:بــەڵێ وابوو،جــا پێیــان ووت ئــەی چــۆن ئــاوات لــێ هــات وگەیــشتیتە ئــەو پلەیە؟ئـەویش فـەرمووی:مـن بـە چوارشـت ئـاوام لـێ هـات(تقــوى الله ،وصــــدق الحديث،واداء الامانـــة، وتـــرك مـــالايعني)[1] واتــە: پارێزگــاری وترسـان لـەخوای گەورە،وەڕاســـتگۆیی لەقەســـەدا،وەبە جـــێ گەیانـــدنی ئامانـــەت لـــەکاتی خۆید،وەوازهێنان لەشتێك کە پەیوەندی بە منەوە نەبووبێت.

پێویستە مرۆڤ لەم شتانەدا ڕاستگۆیی خۆی بسەلمێنێت:

١-ڕاستگۆبێت لە نیەتدا:واتە هەموو کارو کردەوەیەکی تەنها لە پێناوی خوادابێـت وهیچ شتێکی تری تێکەڵ نەکرێت و بە دڵسۆزی و لـێ بڕانـەوە کارەکـانی ئـەنجام بدات وە بە گوێرەی شەرعی خوابێت.

٢-ڕاستگۆبێت لەزماندا:واتە هەوڵ بدات هەمیشە خۆی بپارێزێت لەبیستنی قسەی بێ بنەماو یەکسەر گێڕانەوەی وەهەر وتەیەکیشی بیست وەك خـۆی باسـی بکـات بەبێ پێوەنانی زیادو کەم.

٣-ڕاستگۆبێت لە کردەوەدا:واتە هەوڵ بدات کردەوەکـانی بڕازێنێتـەوە بـە ڕاسـت ڕۆیشتن و خۆ نەگۆڕین لە شـتەکان و وەك خـۆی نمایـشی چـاکەکان و خراپـەکانی بکات،نەبێتە هۆی هەڵخەڵەتاندنی کەس.

٤-ڕاستگۆبێ لـە پـەیمان بردنەسـەر:پـەیمان دان بـە هەرکەسـێك وجێبـەجێکردنی لەکات وساتی خۆیدا یە کێکـە لەنیـشانەکانی ڕاسـتگۆیی،وە هـەرگیز نەبێتـە هـۆی نەبردنەسەری پەیمان،چونکە یەکێکە لە نیشانەکانی دووڕوو.

---

(١) **بڕوانە**: الاداب الشرعية (٣٩).

دەیەم: **هاوڕێیەتی کردنی کەسانی چاك وخاوەن ورە بەرزەکان.**

بەڕاستی بوونی هاوڕێی چاك وخواناس و ورەبەرزونەترس لە پێشهاتە چاوەڕوان کراوونەکراوەکان دەبێتە هۆی بەردەوام بوون لەسەر دینی خواوسەرفرازی بۆ دونیاو دواڕۆژ،جا پێویستە زیرەکانە هەڵبژێری هاوڕێی ژیانت،چونکە هاوڕێ ئەو کەسەیە کە دەبێتە جێی متمانەو ئاڵ و گۆڕکردنی بیرو بۆچوونەکان،هەروەها بتەوێ و نەتەوێ ئەو تاکە کەسە لە زۆر شتدا دێتە ناو نهێنیەکانی ژیانتەوەوبڕوای تەواوەتیت لەسەری دەبێت،هەربۆیە پێشینان نمونەی هاوڕێیان بە نمونەی بۆنی خۆش هێناوەتەوە ئەویش لەبەرئەوەی کە بۆنی خۆش(خوشەویستی و پاکی و ڕازی بوونی بەرامبەر دەنوێنێ)کەواتە هاوڕێ بیرخەرەوەو دەست بارگرتنی تۆیە لە زۆربەی کارو بارەکانی ژیاندا،وە ئاگادارکردەوەوهاومانا بوونە لەگەڵ ڕێڕەوی بەرەوپێش چوون یان هێنانەوەت بەرەو دواوە،جا پێویستە مرۆڤی ژیر کەسێك هەڵبژێرێت بۆ هاوسەفەرو هاوڕێ و هاودینی خۆی کەبەمانا لە گەڵی دابێت،وەتەنهاش برادەری سەرسینی ونان خواردن و کاتی خۆشی نەبێت،بۆیە بەردەوام بوون لەسەر دین هاوڕێ و برادەری چاکی پێویستە خوای گەورەدەربارەی هاوڕێ و برادەردەفەرموێت:﴿الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ (٦٧)﴾(الزخروف)واتە:هاوڕێ و برادەران لە ڕۆژی دوایدا هەندێکیان دەبنە دوژمنی هەندێکیان تەنها کەسانێك نەبێت کە لەسەر لەخواترسان و پارێزەر لە تاوان کۆبوونەتەوە لە گەڵ یەکتریدا پێشەوا عەلی کوڕی ئەبی تالیب(خوالێیی ڕازی بێت)دەربارەی ئەم ئایەتەدەفەرموێ:نمونەی دووهاوڕێی باوەڕدارو دوو هاوڕێی بێ باوەڕ،لە دوو هاوڕێ باوەڕدارەکە یەکێکیان مرد،کاتێك گەیشتەوە بە خوای گەورە و لای خوای گەورە ستایشی برادەرە باوەڕدارەکەی کردو فەرمووی:ئەی خوایە گیان من ئەو هاوڕێیەم هەبوو کە ناوی(......)بوو بەردەوام

فـەرمانی پـێ دەکـردم کـە لـە گوێڕایـەڵی تـۆ پاشـان پێغەمبەرەکەتـدابمﷺ،وە فەرمانی پێدەکردم کە کاری خێرو چاك ئەنجام بدەم و دوور بکەومەوە لە کاری شەڕو خراپە،وە هەواڵی ئەم پێ گەیشتنەی تۆی پێ دەدام،ئەی خوایە دوای ئەمە ئـەو برادەرەشـم گـومڕا مەکـەورێنموێنی بکە،هـەروەك چـۆن ڕێنمـوێنی منـت کرد،وەڕێزی لـێ بگـرە هـەروەك چـۆن ڕێـزت لـە مـن گـرت،دوای ئـەوەی بـرادەرە باوەڕدارەکەی تریش مـرد هـەردوکیان کۆکرانـەوەو گەیـشتن بەیـەك، ووتـی: بـەڵێ ئـەوە باشـترین هاوڕێیە،وەباشـترین دۆستە،وەباشـترین هاوەڵە،پاشـان یـەکێك لـە هاوڕێ بێ باوەڕەکانیش مرد،ووتی: ئەی خوایە گیان من ئەو هاوڕێیـەم هـەبوو کـە نـاوی(......)بـوو بـەردەوام فـەرمانی پـێ دەکـردم کـە گوێڕایـەڵی تـۆ پاشـان پێغەمبەرەکەتﷺنەکەم وە فـەرمانی پێـدەکردم کـە کـاری خراپـەو بـەد ئـەنجام بدەم و دوور بکەومەوە لە کاری چاك و خێر،وە هەواڵی ئـەم پـێ گەیـشتنەی تـۆی پێ نە دەدام، ووتی: بەڵێ ئەوە خراپترین هاوڕێیە،وەخراپترین دۆستە،وەخراپترین هاوەڵە .هەروەها خوای گەورە سەرباسێکی ئەوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە ڕۆژی دوایدا پەشیمانی دەردەبڕن بەرامبەر ئەو برادەرو هاوڕێیانەی کە لە دونیادا هـەیان بووە لە کاتێکدا تازە لەوێ پەشیمانی دادیان نادا،وەك دەفەرموێت:﴿وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلًا (٢٧) يَا وَيْلَتَا لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا (٢٨) لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءَنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلْإِنْسَانِ خَذُولًا (٢٩)﴾(الفرقان)واتە:ڕۆژی قیامەت ڕۆژێکە کەستەم کار لەپەشیمانیدا قەپ دەکـات بەدەسـتی خۆیـداو دەڵـێ:ئـای خۆزگـە لەگـەڵ پێغەمبـەرداﷺ ڕێگـەی ڕاسـتم بگرتایەتەبەر،ئای تیاچـوون بـۆمن خۆزگـە (فلانـە)کەسیـشم نەکردایەتـە هـاوڕێ و دۆستم،چونکە بەڕاستی ئەوکەسە منی لـەیادی خـواو قورئـانی پیرۆزوموسـوڵمانان وێـڵ کـرد.دوای ئـەوەی ئـەو بەرنامەیـەم پـێ گەیـشتبوو وە باوەڕیـشم پێـی هێنـا

بـــوو،وه بەڕاســـتی شـــەیتانیش هەمیـــشه پـــشت تێکـــەرو پـــشت بـــەدەره لەمرۆڤەکان.پێشەوا الــشعبي (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت)دەفـەرموێت:ئـەم ئایەتـه لەسەرعوقبەی کوڕی ئەبی موعیگ هاته خوارەوه لەکاتێکدا عوقبه لای پێغەمبەری خوابووﷺموسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند،پاش ئەوەی گەڕایەوه بـۆلای هـاوڕێ و دۆستەکەی که ئومەییەی کوڕی خەڵەف بوو ئومەییه پێی ووت:چیه ئـەوه دەڵێـی موسوڵمان بویت؟بڕۆ ئـەوه دەم وچـاوی مـن لـه دەم و چـاوت حـەرام بێـت لەبـەر ئەوەی پەیمانت داوه به موحەممـەدﷺ جاعوقبـه یەکسەر پەشیمان بـووەو بـێ باوەڕی خۆی ڕاگەیاندو هەڵگەڕایەوه.هـەروەها پێـشەوا **عـەطار**(ڕەحمـەتی خـوای لێبێت)دەفـەرموێت:(عقبة بن معيط يأكل يديه حتى تبلغ مرفقيه ثم تنبتـــان، ثم يأكـــل هكذا...)[1] واته:عوقبەی کـوڕی موعيط و (هـەموو سـتەم کـاران و پاشـگەز بـووان لەدینی خوا)بەردەوام دەستی خۆیان دەخـۆن و ددانـی لـێ گـیر دەکـەن تـاکو وای لێدێت دەگاته ئانیشکی،پاشان و ددەستیان بـۆ دروسـت دەبێتـەوه بـەو شـێوەیه بەردەوام دەبێت هەروەها پێغەمبەری خواﷺدەفـەرموێت: (الرجُل عَلَى دِينِ خَلِيله فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ)[2] واته: پیاو لەسەر دینی هاوڕێ کەیـەتی،جا هەریـەك لـه ئێوه با بڕوانێت بزانێت کێی کردووه به هاوەڵ و دۆسـتی خـۆی.کەواتـه مـرۆڤ لـەم دونیایەدا سەرپشکه لـه هەڵبـژاردنی هـاوڕێ و دۆسـت،بەڵام دواڕۆژیـش لـه پێـشەو هــاتنی شـتێکی بێگومانـه پەشـیمانی ئێـره سـوودمەندتره وەك لـه پەشـیمانی دواڕۆژ،بۆیـه هەمیـشه بـەژیری مامەڵـه بکـه لـه هەڵسوکەوتی ژیـانی دونیاتـدا، پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:( الْمُؤْمِنُ مِرْآةُ الْمُؤْمِنِ وَالْمُؤْمِنُ أَخُو الْمُؤْمِنِ يَكُـــفُّ

---

(١) **بڕوانه:** تفسير البغوي( ٦/ ٨١) .

(٢) رواه ابو داود والترمذي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير (٣٥٤٥) .

عَلَيْهِ ضَيْعَتَهُ وَيَحُوطُهُ مِنْ وَرَائِهِ)[1] واته: بڕوادار ئاوێنەی بڕواداره، وه بڕوادار برای بڕواداره، ڕێگره له زیان پێگەیاندو ونكردنی، وه دەیپارێزتو بەپێی تواناو بەرگری لێدەكات.

یانزەیەم: **ئارام گرتن لەسەر بەڵاونەهامەتیەمان.**

بەڵاو نەهامەتیەكان لەسەردەمی ئەمڕۆی بەناو پێشكەوتن و زانیاریدا وەك ڕێژنەی باران دادەبارێتە سەر تاكی موسوڵمان و هەرجارەی بە ناوێكەوە یەخەیان پێ دەگرێت،جا هەر ئەم بەڵایانەشە كە دەبێتە هۆی ئەوەی فیتنەو هەڵگەڕانەوەی دڵەكان بەرەو ئاقارێكی تربێت،ئارام گرتنیش پلەو ڕێزی تایبەتی خۆی هەیەو سوننەتی پێغەمبەران و پیاوچاكانی پێشوو بووە،هەمیشە دوژمنانی خوا چەكی زمانیان زیاتر بەكار هێناوە بۆ جەنگی دەروونی بەرامبەر بە باوەڕداران و لەو ڕێگەیەشەوە خاوەن بەرنامەی خوایان پێ لەكەدارو ناڕەحەت كردووە،وەویستویانە لەو ڕێگەیەوە بچنە ناو ناخی تاكی باوەڕدارەوە،بۆیە سەرەڕای ئەمانەش بەندەی خوا هەمیشە چەسپاوو ڕاوەستاوو نەلەقیوەو بیلالﷺ ئاسا لەكاتی ئازارو ئەشكەنجەدا( أحـد-أحـد )دەڵێن،بێگومان بەڵاو نەهامەتی چەند جۆرێكی هەیە لەوانە:

**یەكەم**:بەڵای هەڵگەڕانەوە لە دینی خوا،واتە لەدوای ئەم هەموو خۆهیلاك كردن وخەریك بوونە بە دینی خواوەو لەگەڵ موسوڵمانان بوون و بەتەمای بەهەشت كاركردن بەڵام لە ناكاودا بەهۆی كەسێكەوە یان كارێكەوە واز لە دینی خوا دەهێنێت وتووشی هەڵگەڕانەوەو بێ باوەڕی دەبێت،سەرەنجامی بە خراپە دەگەڕێت و دەبێتە ئەهلی دۆزەخ(خواپەنامان بدات).هاوەڵی زۆر بەڕێز **حذَيْفَةُ** بن

(١) رواه ابو داود وصححه الشيخ الالباني في السلسلة الصحيحة ( ٩٢٦ ) صحيح الجامع الصغير ( ٦٦٥٦ )

اليَماني رضي الله عنه دەفەرمویت گویم لە پێغەمبەری خوابوو ﷺ دەیفەرموو:( تُعْرَضُ الْفِتَنُ عَلَى الْقُلُوبِ كَالْحَصِيرِ عُودًا عُودًا فَأَيُّ قَلْبٍ أُشْرِبَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ وَأَيُّ قَلْبٍ أَنْكَرَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ بَيْضَاءُ حَتَّى تَصِيرَ عَلَى قَلْبَيْنِ عَلَى أَبْيَضَ مِثْلِ الصَّفَا فَلَا تَضُرُّهُ فِتْنَةٌ مَا دَامَتْ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ وَالْآخَرُ أَسْوَدُ مُرْبَادًّا كَالْكُوزِ مُجَخِّيًا لَا يَعْرِفُ مَعْرُوفًا وَلَا يُنْكِرُ مُنْكَرًا إِلَّا مَا أُشْرِبَ مِنْ هَوَاهُ)[١] واتە:بەڵاو فیتنەکان وەك قامیشی نێو حەسیر یەك لە دوای یەك دادەبەزنە سەر دڵەکان،هەردڵێك ئەو بەڵاو فیتنەیە بنۆشێت ئەوا یەکسەر خاڵێکی ڕەش لەسەری دروست دەبێت،وەهەردڵێك نەینۆشێت و خۆی لێ بەدوور بگرێت ئەوە خاڵێکی سپی لەسەر دڵی دروست دەبێت،تاکو وای لێدێت دڵەکان دەبن بە دوو بەشەوە:ئەوانیش(دڵێکی سپی بە وێنەی بەردێکی سپی)هیچ بەڵاو فیتنەیەك زیانی پێ ناگەیەنێت تا ئەوکاتەی ئاسمانەکان و زەوی بەردەوام دەبن ودەمێنن،ئەوی تریشیان(دڵێکی ڕەشی داخراو بەوێنەی کوندەیەکی لارو لەوێر)هیچ چاکەو خێرێك لە خۆی ناگرێت،وەبەرهەڵستی هیچ خراپەیەکیش ناکات،مەگەر تەنها بەرهەڵستی یەك شت بکات ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ هەواو ئارەزووەکانیدا نەنۆشرێت.

**دووەم:** بەڵاو نەهامەتی چەوساندنەوەوستەم،یەکێکی تر لەو ئەشکەنجەو ئازاردانانە لەلایەن دوژمنانی خواوەوە بۆ خاوەن باوەڕەکان بریتیە لەوەی کە هەمیشە دەیانەوێت تاکی خواناس بخەنە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆیانەوەو بە ئارەزووی خۆیان یاری بە پیرۆزیەکانیان بکەن،وەهەمیشە بیان چەوسێننەوەوستەمیان لێ بکەن،هەروەك خەبابی کوڕی ئەرەت(خوالێی ڕازی بێت)دەفەرموێ: من لەو زەمانەی مەککەدا کاری ئاسنگەریم دەکرد، جا هەندێك

---

(١) رواه مسلم (٣٨٦) .

قەرزم کەوتبووە لای عاصی کوڕی وائیلەوە کە سەرکردەیەکی بێ باوەڕبوو،منیش کاتی وەرگرتنەوەکەی قەرزەکەم هات و چووم بۆ لای تاکو قەرزەکەم بداتەوە بەڵام ئەو بە هیچ جۆرێك ئامادە نەبوو قەرزەکەم بداتەوەو دەیووت: بە مەرجێك دەتدەمەوە واز لە موحەممەدﷺبێنیو بێ باوەڕبیت پێیو بێیتە ژێر دەسەڵاتی خۆمەوە،منیش پێم ووت نەخێر وەڵاهی هەرگیز ئەو کارە ناکەم و چاوەڕوانیش دەکەم تاکو خوای گەورە تۆ دەمرێنێتو پاشان لە دوا ڕۆژدا زیندوت دەکاتەوە، عاصیش بەگاڵتەجاڕیەوە ووتی: بۆچی من دەمرمو دوای مردنم زیندوو دەکرێمەوە ،منیش ووتم: بەڵێ دەمریتو زیندوودەکرێیتەوە، ئینجا ووتی دەڵێم گەڕێ با لەوێ زیندوو ببمەوەماڵو سەروەتەکەشم لەوێ هەردەبێت و دەتدەمەوە[1].

**سێیەم**:بەڵاونەهامەتی خێزان وماڵ ومنداڵ،یەکێکی تر لەو بەلاچیانەی کە پێویستە ئاگاداری بین بریتیە لە بەلای خێزان و منداڵ ئەویش لەبەرئەوەی خوای گەورەو میهرەبان هەندێك لە خێزان و منداڵانی بە بەڵاو نەهامەتی وەسف کردووە،وەك دەفەرموێت:﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلَادِكُمْ عَدُوًّا لَكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ﴾(التغابن ١٤)واتە:ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە،بەڕاستی(هەندێك) لە خێزان و منداڵەکانتان دوژمنن بۆ ئێوە زۆر ئاگاداریان بن،یان دەربارەی ماڵ وسەروەت وسامان دەفەموێت:﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ﴾الانفال ٢٨واتە:باش بزانن کە بەڕاستی ماڵ وسامان بەڵاونەهامەتین بۆ هەندێك کەس.

**چوارەم**:بەڵاونەهامەتی دەسەڵات و پلەوپایە:وەرگرتن و داواکردنی پلەو پایەو دەسەڵات وچوونە سەرکورسی و خۆڕادان بەسەر خەڵکی خوارەوەداو لەسەر شانی هەژارو چەوساوە خۆدەوڵەمەندکردن وبەرزبوونەوە،کارێکی زەم کراوو خراپەو

---

(١) رواه البخاري (٢٤٢٥) ومسلم (٢٧٩٥) .

سزای خوای بە دواوەیە هەروەهاسووربوون لەسەری و دەست بەردار نەبوون لێی وەك نمونەی دووگورگی برسی وان کە ئەدەنە ناو ڕانە مەڕێکەوەو زیانیان پێ دەگەیەنن خۆ ئەگەر مەڕەکانیش نەخۆن ئەوە یان ملیان دەشکێنن یان ئەوەتە هیلاکیان دەکەن و کاکەی شوانیش تەنها ئەوەندەی پێ دەکرێت سەریان ببڕێت و بە خواردنی گۆشتەکەیاندا بگات ئەگەریش پێ بگات،لەم بارەیەوە ئەو فەرموودەیە هاتووە کەپێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:(مَا ذِئْبَانِ جَائِعَانِ أُرْسِلَا فِي غَنَمٍ بِأَفْسَدَ لَهَا مِنْ حِرْصِ الْمَرْءِ عَلَى الْمَالِ وَالشَّرَفِ لِدِينِهِ)[1] واتە: ڕەوانەکردنی دوو گورگی برسی بۆ ناو ڕانە مەڕێك زیانیان کەمترو خراپتر نیە بۆ دینەکەی لە زیانی کەسێك کەئەوەندە سووربێت لەسەر دەست خستنی ماڵ و دەسەڵات وپلەو پایە.

**پێنجەم**:بەڵاونەهامەتی مەسیحی دەججال،بێگومان ئەمەش جۆرێکی ترە لەو بەڵایانەی کە پێویستە تاکی موسوڵمان هەمیشە خۆی لێ بپارێزێت،وەداوا لە خوای گەورە بکات کە نەیگەیەنێتە ئەو خراپترین دروستکراوەی خوا،بۆیە دەججال پیاوێکی جولەکەی کوێرەو تەنها یەك چاوی هەیەو لەناوچەوانیشی نوسراوە(کافر)هەموکەسێکی موسوڵمان ئەو ڕۆژە دەتوانێت بیخوێنێتەوەو ماوەی٤٠ڕۆژ لەسەر زەوی دەمێنێتەوە،وەلەوماوە کەمەدا سەراپای سەر زەوی دەگرێتەوە تەنها ناتوانێت بچێتە ٣ شاری پیرۆزەوە کە ئەویش شاری(مەککەو مەدینەو قودسە).بەڕاستی بەڵایەکی گەورەیەو پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:( یا ایهالناس انها لم تكن فتنة على وجه الارض منذ ذرأ الله ادم اعظم من فتنة الدجال،...یا عباد الله ایها الناس فاثبتوا فاني سأصفيه لكم صفة لم يصفها اياه قبلي نبي)[2] واتە:ئەی خەڵکینە هیچ بەڵاو نەهامەتیەك نیە لەسەر زەوی لەوڕۆژەوەی کە خوای گەورە

---

(١) رواه احمد والترمذي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير (٥٦٢٠) .

(٢) رواه ابن ماجة وابن خزيمة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير (٧٨٧٥) .

ئـادەمی دروسـت کردووە،لەبەلاَونەهامـەتی دەججـال گـەورەتر بێت،جـا ئـەی بەندەکانی خوائەی خەڵکینە،دامەزراوو جێگیر بن بە شێوەیەك کە وا بۆتـانی ڕوون دەکەمەوەو پێتانی دەناسێنم،کە لە پێش منیشدا هیچ پێغەمبەرێكﷺنیە کە ئـاوا باسی کردبێت.

دوانزەیەم:**سووربوون لەسەر وەرگرتنی زانیاری.**

بەڕاستی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئـاینی زانـست و زانیاریـەو تێگەیـشتنە لـە بنـچینە شەرعیەکان و بە شێوازی جوان و چاو ڕۆشـنی و ووردبوونـەوە لێی،وەبەهەوڵدانی بێ وچان وکۆڵ نەدان لە ئاستیدا هەربۆیـە قورئـانی پـیرۆز پـێش هـەموو شـتەکان فەرمان دەکات بەخوێندن و خوێندنەوەو وەرگرتنی زانست و زانیـاری بەووشـەی﴿ اقرَأ﴾،هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَـا يَعْلَمُونَ﴾الزمـر٩ واتـە:ئایـا وەك یـەك یەکسانن ئەوانـەی کـە شـارەزاییان هەیـەو دەزانن،لەگەڵ ئەوانەی کە شارەزاییان نیەو نـازانن و ناشـیانەوێت بـزانن.هـەروەها پێغەمبـەری خـواﷺ( ان الله أوحى الي :انة من سلك مسلكا في طلب العلم سهلت له طريق الجنة،ومن سلبت كريمته أثبته عليها الجنة وفضل في علم خـير مـن فـضل في العبادة،وملاك الدين الورع)[١] واتە:خوای گەورە پێـی ڕاگەیانـدوم کـە هـەر کەسێك ڕێگەیەك بگرێتە بەر بۆ داواکردن و فێربوونی زانیاری،ئـەوا ڕێگـەی بـە هەشـتی بـۆ ئاسـان دەکـەم،وە ئـەو کەسـەش کـە هـەردوو چاوەکەیم لـێ سـەندۆتەوە،ئەوەلە پاداشتیدا بە هەشتی پێ دەدەم،وەخەیرو پاداشتێك کـە لـە زانیاریدایەباشـترە لـە خەیرێك کە لە پەرستندایە،وەجڵەو گرتنی ئـاین بریتیـە لـە خۆگرتنـەوە لـە گونـاه وتـاوان. هـەروەها پێـشەوا البخـاری(بەڕەحمـەت بێـت)لـە صـەحیحەکەیدا لـە ژێـر

(١) رواه البيهقي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير (١٧٢٧) .

ناونیشانی خُرُوجِ فِي طَلَبِ الْعِلْمِ دەفەرموێت:(رَحَلَ جَابِرُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ إِلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أُنَيْسٍ فِي حَدِيثٍ وَاحِدٍ) واتە:جابری کوڕی عبداللە(ڕەزای خوای لێبێت)ماوەی مانگە ڕێیەك ڕێگەی بڕیوە بۆ لای عبداللە ی کوڕی ئونەیس(ڕەزای خوای لێبێت) بۆ وەرگرتنی تەنها یەك فەرموودە .

**سیانزەیەم:ئەنجام دانی نوێژە سوونەتەکان.**

نوێژکردن لە ناو پەستنەکاندا پلەوپایەیەکی گرنگ و گەورەی هەیە،نوێژە سوننەتەکانیش هۆکارن بۆ نزیك بوونەوەو خۆشەویستی لای پێغەمبەری خواﷺهەربۆیە پێویستە کەم تەرخەمی و تەمبەڵی تێدا نەکرێت،چونکە هۆکاری سەرەکیشە بۆبەردەوام بوون لەسەر دینی خواوبەدەست هێنانی خۆشەویستی خوای گەورەومیهرەبان جا ئەنجام دانی ئەم نوێژەسوننەتانە چ لە مزگەوت بێت یاخود لەماڵەوە ئەنجامی بدەیت پاداشتی تایبەتی بۆئامادە کراوە،خوای گەورەدەفەرموێت:﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ (٣١)﴾واتە:تۆ ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ:ئەگەر ئێوە خوای گەورەتان خۆش دەوێت،ئەوە شوێن ڕێبازو سوننەتی من بکەون خوای گەورەش ئێوەی خۆش دەوێت.خوای بەخشندەش لە تاوانەکانتان خۆش دەبێت و خواش تاوان پۆش و میهرەبانە بەرامبەرتان.کەواتە شوێن کەوتنی سوننەت و خۆشەویستی خوا پاشان خۆشەویستی پێغەمبەری خواﷺدەبێتە هۆی ئەوەی کەخوای گەورە بڕیاری لێ خۆشبوون دەربکات.هەروەها پێغەمبەری خواﷺلە فەرمودەیەك دا دەفەرموێت:(مَا مِنْ عَبْدٍ مُسْلِمٍ يُصَلِّي لِلَّهِ كُلَّ يَوْمٍ ثِنْتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً تَطَوُّعًا غَيْرَ فَرِيضَةٍ إِلَّا بَنَى اللَّهُ لَهُ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ)[1] واتە:هەربەندەیەکی موسوڵمان

(١) رواه مسلم (١٧٢٩) .

نوێژبکات تەنها بۆخوای گەورە لە هەموو ڕۆژێکدا کە دوانزە ڕکاعەتی سوننەتە جگە لە نوێژە فەرزەکان،ئەوا بە بێ گومان خوای گەورەماڵێکی لە بە هەشتدا بۆ دروست دەکات. هەروەها خۆشەویستمان موحوممەدﷺدەبارەی بردنە ماڵەوەی نوێژێکی سوونەت و ئەنجام دانی جگە لە مزگەوت دەفەرموێت:( إِذَا قَضَى أَحَدُكُمْ الصَّلَاةَ فِي مَسْجِدِهِ فَلْيَجْعَلْ لِبَيْتِهِ نَصِيبًا مِنْ صَلَاتِهِ فَإِنَّ اللَّهَ جَاعِلٌ فِي بَيْتِهِ مِنْ صَلَاتِهِ خَيْرًا)[1] واتە:ئەگەر یەکێکتان نوێژەفەرزەکەی لە مزگەوت کرد،ئەوە با هەندێکیش لە نوێژە سوننەتەکانی بباتەوە ماڵەوە،چونکە خوای گەورە بەو نوێژە سوننەتە خێرو پاداشتێك دەخاتە ماڵەکەیەوە.

کەواتە مافی پێغەمبەری خواﷺبەسەرمانەوە هەیە لەوانە:

١–بڕوا پێ هێنانی و شوێن کەوتنی ڕێبازە پاك و پیرۆزەکەی .

٢–ئەنجام دانی سوننەتەکانی بە گوێرەی تواناو بە چاو بڕینە ئەو پاداشتە زۆرەی کە ئامادەکراوە.

٣–گوێڕایەلی کردنی لە هەموو کارو کردەوەوگوفتارێکدا بەبێ جیاکاری و بەردەوام بوون لەسەری.

٤–خۆشەویستی دەربڕین بۆی و پەیمان نوێ کردنەوە لە هەموو کات و ساتێکدا بۆی.

٥–بەرگری لێ کردنی و سەرخستنی بەهەموو توانایەکی माددی و مەعنەوی.

٦–سەلاوات دان لەسەری و داواکردنی مقام المحمود بۆی ﷺ.

٧–دەربڕینی ئەوپەڕی خۆشەویستی بۆ بنەماڵەو هاوەڵە بەڕێزەکانی بەبێ جیاوازی.

---

(١) رواه مسلم (١٨٥٨) .

٨-نزم کردنەوەی دەنگمان لە کاتێکدا کە گوێ بیستی فەرموودە شیرینەکانی دەبین.

٩-ئاشکرا کردنی ئەو بەرنامەیەی کە ئەو لەسەری بووەو بانگەواز بۆکردنی.

١٠-بەڕاست زانینی هەموو ئەو شتانەی کە باسی لێوە کردووەوهەواڵی پێ داوین کە لە دوایدا دێتەدی.

چواردەیەم:**زۆر یادکردنەوەی(مردن) و دابڕان لەم ژیانی دونیایە.**

بەڕاستی زۆر جار خوای گەورە لە ئایەتە پیرۆزەکانی قورئاندا بەڵگەو نمونەی جوانمان بۆ دەهێنێتەوە دەربارەی نەمان و کۆتایی هاتنی مرۆڤەکان و بوونەوەرو دروستکراوەکانی تری،وەباس و بەسەرهاتی لەناوچوونی گەلانی پێشوو و هەروەها ناڕەحەتیەکانی گیان کێشان وخۆئامادەکردن بۆ ئەو سات و کاتەی کە تەنهاو بەتەنیاو بەبێ پشت و پەنای خزمان و دۆستان و خۆشەویستانت ئەم ژیانە بە جێ دەهێڵی ودەکەویتە ڕێ بەرەو ئەو شوێنەی کە خوا پەنامان بدات لەسزاکەی و داواش دەکەین لەبە خششەکانی دامان پۆشێت،جا بێگومان ئەوسەفەرە هەردێت بەڵام کەی؟ئەوە نەزانراوەو کاتێك دەزانی کەلەناو گۆڕو لەبەردەم مەلائیکەکانی خوا خۆت دەبینیتەوە،کەواتە یادکردنەوەی مردن و ناڕەحەتیەکانی لە نیشانەکانی مرۆڤی چاك و ژیرەو یەکێکیشە لە هۆکارەکانی دامەزراوی و بەردەوام بوون لەسەر دینی خوا،خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَجَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَلِكَ مَا كُنْتَ مِنْهُ تَحِيدُ﴾ ق(١٩) واتە:بێگومان ئەوا ناخۆشی وناڕەحەتی گیان کێشان گەیشتە لات،ئینجا پێت ئەوترێت:ئەوە ئەو بەڵێنە بوو کە هەرگیز نەتدەویست دووچاری بیت،هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ فَلَوْلَا إِذَا بَلَغَتِ الْحُلْقُومَ (٨٣) وَأَنْتُمْ حِينَئِذٍ تَنْظُرُونَ (٨٤) وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْكُمْ وَلَكِنْ لَا تُبْصِرُونَ (٨٥)﴾الواقعة واتە:هەرکات کە گیانی یەکێکتان گەیشتە (حلقوم) گەروو،ئەوە

ئێـوەی دەورووبـەری کەسـەکە سـەیری دەکـەن و ڕادەمێـنن تـابزانن چـۆن گیـانی دەردەچـێت؟بەڵام بـزانن کـە ئێمـە نـزیکترین لەوەوە،ئێمـە زانـاترین بـەحاڵی ئـەو وەهەندێك مەلائیکە دادەبەزنە سەری ولەهەمان کاتدا ئێوە ئەومەلائیکەتانە نـابینن کەچۆن ئامادەن بۆ گیان کێشانی و دەیانـەوێت گیـان و لاشـەی کـە ئامانـەت بـوو بیبەنـــەوە بـــۆ لای خاوەنەکـــەی.شـــێخ حەســـەنی بەصـــری(ڕەحمـــەتی خـــای لێبێت)دەفەرموێت:ناڕەحـەت تـرین کـات بـەلای مرۆڤـەوە ئـەو کاتەیـە کـە گیـانی دەکێـشرێت و ووردە وردە ڕوحـی دەگاتـە گەرووی،چـونکە لـەو کاتـەدا هەناسـەی تونـــد دەبێـــت و دەلـــەرزێت[1]. جـــابری کـــوڕی عبـــدالله(ڕەزای خـــوای لێبێت)دەفەرموێت:پێغەمبەری خواﷺبۆی گێڕاینەوەو فەرمووی:کۆمەڵێك لە بەنی ئیسرائیلیەکان ڕۆیشتن بۆ سەر گۆڕستانێك پاشـان وتیـان:ئـادەی بـا دوو ڕکاعـەت نوێژ بکەین و داوا لە خوای گەورە بکەین کە یەکێك لەم پیاوە مردووانەی پێشومان بۆ زیندوو بکاتەوەو ئێمەش چەند پرسیارێکی لیٚ بکەین؟؟وە لە چۆنیەتی مردن و گیان کێشانی خۆی ئاگادارمان بکاتەوە،جا ئەوە بـوو دوو ڕکاعـەت نوێـژیان کـردو داوایان لە خوای گەورە کرد،خوای گەورەش داواکەیانی جیٚ بەجیٚ کرد،ئەوەنـدەی پیٚ نەچوو گۆڕێك لە گۆڕەکـان درزێکـی تـیٚ بوو،ئینجـا بـوو بەدووبەشەوە،پاشـان پیاوێکی گەنم ڕەنگی دەم و چاوجوان کـە شـوێنەواری سـوجدەی پێـوە دیـار بـوو سەری لە گۆڕەکەی بەرز کردەوەو ووتی:((ئەی خەڵکینە ئەوە ئێوە چی کارێکتـان لەمن ئەوێت؟سوێند بە خوا من(سـەد)سـاڵ لەمـەوپێش مـردووم هـەتاکو ئێـستاش ئازارونارەحەتی مـردن وگیـان کێـشانم لەسـەر مـاوەو تـاکو ئـەم کاتـەی کـە ئێـوە هاتونەتە لام،دەی توخوا داوا بکەن با خـوای گـەورە بمگێڕێتـەوە نـاو گۆڕەکـەم و

---

(١) **بڕوانە:** (لطائف المعارف) لابن ابي الدنيا (٤٦٢) .

وەك خۆمم لێ بکاتەوە))واتە بە جارێکی تر نەیەمەوە دونیاو ئازاری گیان کێشان ببینم[١].

بیرکردنەوە لە مردن وخۆئامادەکردن بۆ دواڕۆژی پاش مردن هۆکارێکی ترە بۆ ڕزگاربوون لەتەنگ و چەڵەمەی هەڵگەڕانەوەو پەشیمان بوونەوە لە دینی خوا،هەروەها بەڕاستی تاوانە بۆ کەسێك بۆچەند ساتێکی کەمی دونیا بەدی هێنەری ژیان ومردن لە خۆی بڕەنجێنێ و وێڵی دوای بەرنامە دەستکردو گەندەڵ و بۆگەنەکان بکەوێت ومردن و بۆناو گۆڕچوون لەبیرو ئەندێشەی خۆی دەربکات و ببێتە بەچکە شەیتانێکی کوێرو کەڕو لاڵ...بەڕاستی پێشینانی ئێمە(ڕەحمەتی خوایان لێبێت) زۆر بەترس و بیمەوە ڕوانیویانەتە مردن و خۆیان بۆ ئامادەکردووە،چونکە دەیانزانی هۆکارە بۆ بەردەوامی لەسەر دینی خوا.ئەوەتا سەلەمەی ئەفقەم(ڕەحمەتی خوای لێبێت)دەفەرموێت:بە خاتوو عوبەیدەی کچی کیلابم ووت:حەزت بە چیە لەم دونیایەدا؟ووتی مردن،ووتم پەنا بە خوا بۆ ئارەزووی مردن دەکەیت؟ووتی:لەبەر ئەوەی هەرکاتێك کە من لەم ژیانەدا بەیانی دەکەمەوە ترسێك دام دەگرێ تاکو ئێوارەم لێدێت بەوەی نەوەك تاوانێك ئەنجام بدەم و بە هۆی ئەو تاوانەوە چێژو خۆشی دواڕۆژم لێ تێك بچێت و ئەو بەردەوامیەی ئێستام نەمێنێ[٢]. دەی ڕەحمەت لەخۆت و شوێن کەوتوانت ئەی خوشکی زۆر بەڕێزمان مامۆستای پێشڕەو لەبواری لەخواترساندا.

پانزەیەم:**زۆر داواکردنی بەهەشت و پەناگرتن بە ئاگری دۆزەخ.**

بەهەشت:بریتیە لەوپاداشتە گەورەو نەبڕاوەیەی کە خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆباوەڕدارانی پیاوو ئافرەتان،وە بە خششێکی تەواوو بێ کەم و کوڕیەو هەموو

---

(١) أخرجه الامام احمد في الزهد١٦ وصححه الشيخ الالباني في السلسلة الصحيحة(٢٩٢٦)

(٢) **بڕوانە:** صفة الصفوة (٧٥/٢) .

شتێك لە ئاستیدا سەرسام و ڕاوەستاوە،چونکە هیچ کات خۆشی و بەخششەکانی بەهەشت بەراورد ناکرێت بە خۆشیەکانی دونیا،بەڕاستی ئەمە دیاریەکی بەنرخی خوای گەورەرەیە لەلایەن خواوە بۆ بەندەکانی،بۆیەهەمیشە پێویستە مرۆڤەکان لە ئامادەباشیدا بن بۆ ئەو سەفەرەو چوونە ناو ئەو بەهەشتە پڕ لە باخ و باخاتەوە،بەهەشتێك کە تا چاو بڕکات بینینی خۆشی وسەردان و خواردنەوەو خواردن و ئاوو کۆشك و خشتی ئاڵتونی و پشوو دان و گەیشتن بە ئافرەتانێك کە تایبەت کراون بۆ باوەڕدارانی پیاوو،بە پێچەوانەشەوە پیاوانێکی جوان و سەرنج ڕاکێش کە ئامادەکراون بۆ ئافرەتانی باوەڕدارو چاك،هەروەها لە هەموو ئەمانەش خۆشترو چاك تر بینینی خوای گەرەو میهرەبانە(داوادەکەین خوای گەورە پێمانی ببەخشیت دەتۆش بڵێ.........ئامین....) خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَسِيقَ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ إِلَى الْجَنَّةِ زُمَرًا حَتَّى إِذَا جَاءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَامٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَادْخُلُوهَا خَالِدِينَ (٧٣)﴾(الزمر)واتە:ئەو کەسانەی لەدونیاداپارێزگارو لە خواترس بوون،لە دواڕۆژیشدا بەرەو بە هەشت بەڕێ دەخرێن .تاکو دەگەنە بەردەرگای بە هەشت و ئینجا دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوەودەرگاوانەکانی بە هەشت بەزمانی حاڵ پێیان دەڵێن:سڵاوی خواتان لێبێت موژدەتان لێبێت ئیتر ئێوە سەرفراز بوون و جا نۆرەی پشوودانتانە،دەی فەرموو بچنە ناو بەهەشت و بەهەمیشەیی و هەتاهەتایی تیایدا بمێننەوە.پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:(إِنَّ فِي الْجَنَّةِ مِائَةَ دَرَجَةٍ مَا بَيْنَ كُلِّ دَرَجَتَيْنِ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَالْفِرْدَوْسُ أَعْلَى الْجَنَّةِ وَأَوْسَطُهَا وَفَوْقَ ذَلِكَ عَرْشُ الرَّحْمَنِ وَمِنْهَا تُفَجَّرُ أَنْهَارُ الْجَنَّةِ فَإِذَا سَأَلْتُمُ اللَّهَ فَسَلُوهُ الْفِرْدَوْسَ)[1].واتە:لە بەهەشتدا(سەد)پلە هەیە،نێوان هەرپلەیەك لە پلەکانی

---

(١) رواه البخاري (٧٤٢٣) .

بەهەشت بە ئەندازەی نێوان ئاسمان و زەویە،جا لە سەرووی هەمویانەوە بەهەشتێك هەیە پێی دەوترێت(فیردەوس)خۆشترین شوێنی بەهەشتەو سەرچاوەی ئاوەكانی بەهەشت لەوێوە هەڵدەقوڵێت،لەسەر ئەم بەهەشتەش عەرشی خوای بەرزی لێیە،بۆیە ئەگەر داواتان لەخوا كرد كەشتێكتان پێ ببەخشێت ئەوە داوای فیردەوس بكەن.

دۆزەخ:بریتیە لە شوێنێك یانماڵێكی ئاگرین كە بێ بڕوایان و سەرپێچی كەرانی تێ فڕێ دەدرێت،وە ناخۆشترین و پڕاوپڕترینە لە سزاو جیهانێكی زۆر فراوانەو هەمیشەو بەردەوام بەئازارەو ئامادەكراوە بۆ ئەوانەی كە بەردەوام لەبێ فەرمانی خوادا بوونە،وەهاوەڵیان بۆ خوا بڕیارداوە،جائەم دۆزەخە بە پێچەوانەی بەهەشتەوە پێك هاتووە لە شیووو دۆڵ وكێم و زوخاوو پیسی و خواردن و خواردنەوەی ئاگرین و بەردەوام تازەكردنەوەی ئەوسزایانە بۆیان،خوای گەورەش دەربارەی دەفەرموێت:﴿وَسِيقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ زُمَرًا حَتَّى إِذَا جَاءُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِ رَبِّكُمْ وَيُنْذِرُونَكُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا قَالُوا بَلَى وَلَكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ (٧١) قِيلَ ادْخُلُوا أَبْوَابَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا فَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ (٧٢)﴾(الزمر)واتە:ئەو كەسانەی كە بێ باوەڕبوون بە خوا پۆل پۆل بەرەو دۆزەخ بەڕێ دەكرێن،هەتاكو دەرگاكانی دۆزەخیان بۆدەكرێتەوەو ئینجا دەرگاوانەكانی دۆزەخ پێیان دەڵێن:ئایا لە نەفسی خۆتان پێغەمبەرانتان بۆ نەهات تاكو ئاگادارتان بكاتەوەوئایەتەكانی خواتان بەسەردا بخوێنێت،وە بتان ترسێنێت لەم ڕۆژەی كە بەڵێنتان پێدرابوو پێی دەگەن،ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن:بەڵێ،بەڵام بڕیاری سزا بەسەر بێ باوەڕانداچەسپاوو بەڵێن دراوە،ئینجا پێیان دەڵێن:دەی بڕۆنە ژوورەوە لە دەرگاكانی دۆزەخەوەو دەك پیرۆزتان بێت،وە بە هەتاهەتایش تیایدا بمێننەوە،ئەو شوێنەی كە خراپترین جێگەی خۆبەزل زانانە .یان خوای تاك و بێ

**هاوەڵ لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت:** ﴿الَّذِينَ يُحْشَرُونَ عَلَى وُجُوهِهِمْ إِلَى جَهَنَّمَ أُولَئِكَ شَرٌّ مَكَانًا وَأَضَلُّ سَبِيلًا (٣٤)﴾(الفرقان)**واتە:ئەو کەسانەی کە لەسەر ڕوو و دەم وچاو ڕادەکێشرێن بەرەو دۆزەخ،ئەویش ئەوانەن کە خراپترین جێگایان هەیەو گومڕاترین ڕێگەیان هەڵبژاردووە.(خوای گەورە پەنامان بدات لە ئاگری بلێسەداری دۆزەخ)کەواتە بەکورتی و پوختی ئێستا زانیتمان بەهەشت چیەو کوێیەو بۆکێ ئامادەکراوە؟؟،هەروەها دوزەخیش چیەو کوێیەو بۆکێ ئامادە کراوە؟؟باشترین پاڕانەوەش بۆ داواکردنی بەهەشت و پەنا گرتن لە دۆزەخ ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایەﷺکە دەفەرموێت:**(مَنْ سَأَلَ اللَّهَ الْجَنَّةَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ قَالَتْ الْجَنَّةُ اللَّهُمَّ أَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ وَمَنْ اسْتَجَارَ مِنْ النَّارِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ قَالَتْ النَّارُ اللَّهُمَّ أَجِرْهُ مِنْ النَّارِ)[1] **.واتە:هەرکەسێك ٣جار داوای بەهەشت لە خوا بکات(بەلاَم بەمەرجێك خاوەن باوەڕبێت وەدڵسۆزبێت وەچاك بێت وەکردەوەشی کردەوەی ئەهلی بەهەشت بێت)ئەوە لەوەلاَمی ئەو پاڕانەوەیدا بەهەشت دێتە قسەو دەڵێت:ئەی خواوەندی من ئەو بەندەیە بخە ناومەوە واتە ناوبەهەشت،وە هەرکەسێك ٣جار پەنا بگرێت لە ئاگری دۆزەخ(بەلاَم بەمەرجێك خاوەن باوەڕبێت ودڵسۆزبێت وە چاك بێت وەبە کردەوەشی خۆ بپارێزێت لە ئەهلی دۆزەخ)ئەوە لەوەلاَمی ئەو پاڕانەوەیدا دۆزەخ دەڵێت:ئەی خواوەندی من ئەو بەندەیە لە من بپارێزە وەمەیخە ناومەوە واتە ناودۆزەخ.**

(١) رواه الترمذي والنسائي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٦٢٧٥) .

# بەردەوامی و دامەزراوی هەڵگرانی دینی خوا سەرەڕای ئەشکەنجەو ئازاری زۆر.

### ١- پێغەمبەری خوا مُحَمَّدﷺ:

بێ باوەڕەکانی مەککە دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدان و ئازاردانی پێغەمبەری خواﷺبە هەموو جۆرەکانیەوە،سەرەتا باوەڕنەبوون پێی و دوورکەوتنەوە لێی و گوێ لێ نەگرتن وپاشان بوختان بۆکردن و بە خراپ باس کردنی لە لایەن سەرانی قوڕەیشەوە،تاکو لە دوایدا گەیشتە ئازاری لاشەیی و دەروونی،هەروەك عوروەی کوڕی زوبێر(ڕەزای خوای لێبێ) دەفەرموێت:پرسیارم کرد لە عبداللەی کوڕی عاص(ڕەزای خوای لێبێ)ووتم:بۆم بگێڕەوە ئایا سەخت ترین سزاو دوژمن کاری قوڕەیش بەرامبەر بە پێغەمبەری خواﷺچی بوو؟ئەویش فەرمووی کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺنوێژی دەکردلای حیجر عوقبەی کوڕی ئەبو موعیگ هات،لەو کاتەدا پێغەمبەری خواﷺ بوردە(عەبایەکی)لەسەرشان بوو جا گرتی وبە هەموهێزو توانای ئالأنی لەملی پێغەمبەری خواﷺخەریك بوو بیخنکێنێ،ئینجا پێشەوا ئەبوبەکر(ڕەزای خوای لێبێ) لەدوورەوەهات وشانی عوقبەی گرت وفڕێی دایە دواوە،دووری خستەوەو فەرمووی:ئەوەچی دەکەی ئەی دوژمنی خوا پیاوێك دەکوژیت کە دەڵێ:پەروەردگارمﷻ یە[1].هەر بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا ئازار دەدراتا وای لێ هات پڕوپاگەندەی جادووگەروشێت وشاعیریان بۆ بەکاردەهێنا بەوجۆرە کەپێغەمبەری خواﷺسەروەرو پێشڕەوانی هەموو کوڕانی ئادەمە لە دوای ئەو هەموو ئازارانە هەر بەردەوام بوو لەسەر دینی خوا ئارامی گرتووە،هەربۆیە ئەو ئەشکەنجەدانەی کە تووشی خۆشەویستمانﷺبووە

---

(١) أخرجه البخاري (٣٦٧٨،٣٧٥٦) .

گەورەترین ئازاربووە وەك خـۆی دەفـەرموێت:(لَقَدْ أُوذِيتُ فِي اللَّهِ وَمَا يُؤْذَى أَحَـــدٌ وَلَقَدْ أُخِفْتُ فِي اللَّهِ وَمَا يُخَافُ أَحَدٌ )[(١)] واتە: بەڕاستی بە جۆرێك ئازارو ئەشـكەنجە دراوم لە پێناوی خوادا كە هیچ جۆرە كەسێك ئاوا ئازار نـەدراوەو وەبـە شـێوەیەك ترسێنراوم لە پێناوی خوادا كـە هـیچ كەسـێك هێنـدەی مـن نەترسـێنراوە .كەوتـە سەرەڕای ئەمانەو چەندان بە لگەی تر ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە هەر بەردەوام بوو بە گەلـە كـەی دەووت:(يَا أَيُّهَا النَّاسُ قُولُوا لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ تُفْلِحُوا)[(٢)] ئـەی خەڵكینـە تـەنها بڵێن﴿لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ﴾سەرفراز دەبن.جابزانین سەرەنجامی پێغەمبەری خوا ﷺ دوای ئەو هەموو ئازاردانە بە كوێ گەیشت،بێگومان تەنها ئایەتێك بەسـە بـۆ دڵدانـەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە خوای گەورەدەفەرموێت:﴿إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ (٩٥) الَّذِينَ يَجْعَلُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ (٩٦)﴾(الحجر)واتـە:بەڕاسـتی ئێمـە گاڵتـە چیانمان لێت دوور خستەوەو لـە كۆڵمـان كردیتـەوە،وەباش بزانـە كـە لـە مـەو دوا ئەوانـەی كـە لـە گـەڵ خـوادا پەرسـتراوی تـر دادەنـێن دەزانـن كـە چـۆن سـزایان دەدەین.عوروەی كـوڕی زوبێـر(خـوالێی ڕازی بێـت) دەفـەرموێت:ئەوانـەی كـە زۆر گاڵتەجاڕیان بە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەكـردو ئازاریـان دەدا،(٥)كەسـی سـەرەكی بـوون ئـەوانیش:ئـەبو زەمعـەی كـوڕی ئەسـوەدو سـەوەدەی كـوڕی عەبـد یـەغوس ووەلیدی كوڕی موغەیرەو عاصی كـوڕی وائـل و حارسـی كـوڕی تولاتلـە بوون،كـە هــەرپێنجیان بــە چــاوی خۆمــان بینیمــان تۆڵــەیان لــێ كرایــەوە لــە لایــەن خواوە،كارەكانی هەمووی جبریـل ئـەنجامی دەدابـەم جـۆرە ئـەبو زەمعـە لەلایـەن جبریلەوە پەڕێكی بۆهەڵدراو كوێربوو،سەودە تووشی سك چـوونێكی زۆر تونـدبوو هەربەوەش مرد،برینێك لەپاژنەی پێی درووست بوو كـێم و جەراعـەتی لـێ دەهـات

(١) رواه احمد والترمذي وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٥١٢٥) .
(٢) **بڕوانە:** صحيح السيرة النبوية للشيخ الالباني (٢٢) .

تاكو كوشتی،عاصی یش سواری گوێدرێژەكە بوو تابچێتە ناوباخەكەی بەڵام كە دابەزی دڕكێك چوو بە قاچیداولێی كردبە نەخۆشی هەر بەوەش مرد،حارسیش توشی نەخۆشیەك بوو كە ئەو سەردەمە پێیان دەوت سك چوونی سپی تا وای لێهات پیساییەكەی لە دەمیەوە دەهاتە دەرێ.ئا بەوجۆرە خوای گەورە دەفەرموێت (إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ)(١)

## ٢-پێشەوا ئەبو بەكری ڕاستگۆ (ڕەزای خوای لێبێ)

پێشەوا ئەبوبەكر(ڕەزای خوای لێبێت)یەكێكە لەهاوەڵە زۆربەڕێزەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ وەیەكەم پیاوێكە كە موسوڵمانی خۆی ڕاگەیاندووە،هەروەها خەزووری پێغەمبەری خوایە ﷺ وەیەكێكە لە زۆر كەسە نزیكەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەكاتی كۆچكردندا بۆ مەدینە،وەهاوەڵی خۆشەویستی پێغەمبەری خوایە لە ئەشكەوتەكەدا،هەروەها یەكێكە لە ڕاستگۆترین كەسەكانە لە مێژووی ئیسلامدا،وە لەخواترسترین بەندەی خوایە دوای پێغەمبەرەكەی ﷺ هەروەها كەسێكی زۆر بەخشەر بووە لە ماڵ وسەروەتدا،وەخاوەن باوەڕێكی پتەوو بەهێزبووە،وە مژدەی بەهەشتی پێ دراوە لە لایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ وەچاكترین كەسێكە لە ئیسلامدا دوای پێغەمبەری خوا ﷺ وەكەسێك بووە لەوانەی كە لە پێش ئیسلام بوونیشیدا مادده هۆشبەرەكانی نەخواردۆتەوە،ئەمانەو چەندین سیفەتی جوان و ناوازەی تر كە لەم پیاوە بەڕێزەدا كۆ بۆتەوە،هەربۆیە كەسێكی زۆر خۆڕاگرو دامەزراوبووە لەسەر دینی خوای گەورە،وەلەبەرامبەر دوژمناندا چەسپاوو كۆڵنەدەر بووە،وەلەكاتی مردنی پێغەمبەری خوادا ﷺ سەرەڕای ناخۆشی وگریان وبڵاوبوونەوەی دەنگۆی

(١) بڕوانە: سيرة ابن هشام( ١/٢٩٢،٢١)والبيهقي في السنن الكبرى(٩/٨)وفي صحيح السيرة (٢٢٢)

دواکۆچی خۆشەویستی خواﷺلەوکاتەدا،ئەم پێشەوا بەڕێزە دەچێتە سەر مینبەرو دەست دەکات بە وتاردان بۆڕاگەیاندنی هەواڵی مردنی خۆشەویست ترین بەندەی خوا،کە بەڕاستی خۆڕاگری و کەسی لێوەشاوەی دەوێت بۆ ئەم کارە،پاش ئەوەی ڕاستی هەواڵەکەی زانی دوای سوپاس کردنی خوای گەورە فەرمووی: فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ يَعْبُدُ مُحَمَّدًا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَإِنَّ مُحَمَّدًا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَدْ مَاتَ وَمَنْ كَانَ يَعْبُدُ اللَّهَ فَإِنَّ اللَّهَ حَيٌّ لَا يَمُوتُ قَالَ اللَّهُ تَعَالَى:[إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُمْ مَيِّتُونَ (٣٠)الزمر] *[ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِنْ مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَنْ يَنْقَلِبْ عَلَى عَقِبَيْهِ فَلَنْ يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ (١٤٤)ال عمران﴾[1] واتە:ئەی خەڵکینە جا هەرکەسێك موحەممەدیﷺدەپەرست ئەوە موحەممەدﷺمردو بەجێی هێشتین وماڵ ئاوایی لێ کردین،وەهەرکەسیش خوای گەورەی دەپەرست ئەوە خوای گەورە هەر ماوەو زیندووەو هەرگیز نامرێت،هەروەك خوای گەورە خۆی دەفەرموێت:﴿ ئەی موحەممەدﷺتۆش دەمریت وەئەوانی تریش هەر دەمرن و کەس نامێنێ﴾ یان دەفەرموێت:﴿ موحەممەدﷺ تاکە پێغەمبەرێك نەبووە کە ئێستا وەفات بکات و بمرێت،بەڵکو پێغەمبەرانی پێش ئەمیش هەبوونەو مردوون،ئایا ئەگەر ئەو وەفاتی کرد یان کوژرا ئێوە پاش گەز دەبنەوەو لەدینی خوا هەڵدەگەڕێنەوە،خۆ ئەوەی هەڵگەڕێتەوەو پاش گەز بێتەوەئەوە هەرگیز زیان بەخوا ناگەیەنێت،وە لە داهاتوویەکی نزیکدا خودا میهرەبان پاداشتی سوپاس گوزاران دەداتەوە ﴾.لەپاش بیستنی ئەم ووتەیەی پێشەوا ئەبوبەکر(ڕەزای خوای لێبێت)هاوەڵانی بەڕێز دەستیان کرد بەگریان و زانیتیان ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هاوەڵان لە ژیانی دونیادا دابڕێن لە پێغەمبەرەکەیانﷺخا بەم شێوەیە ئەبوبەکر(ڕەزای خوای لێبێت

---

(١) رواه البخاري( ٣٤٦٧) .

)بەردەوام بوو لەسەر دینەکەی خوا تاکو دوایی هەڵبژێردرا بە جێنشینی یەکەم و کاروباری موسوڵمانانی بە جوانترین شێوە برد بەڕێوە،تاکو ئەویش لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا بانگی پێشەوا عومەری کرد(ڕەزای خوای لێبێ)تا ئامۆژگاریەکی زێڕین بەجێ بهێنێ و فەرمووی:( وجدنا الكرم في التقوى،والغني في اليقين،والشرف في التواضع )[1].

## ٣- پێشەوا عومەری کوڕی خەطاب ( ڕەزای خوای لێبێت )

عەبدوڵای کوڕی مەسعود(ڕەزای خوای لێبێت)دەفەرموێت: پێشەوا عومەر(ڕەزای خوای لێبێت) جیاکەرەوەی ڕاست و ناڕاست،کردنەوەی دەرگای خێرو بەرەکەت لە ئیسلامدا، کۆچ کردنی سەرکەوتن بوو بۆ موسوڵمانان،فەرمان ڕەوایی ڕەحمەت بوو،سوێند بەخوا نمان توانی نوێژ بەئاشکرا بکەین لەناو بیتا تاکو عومەر موسوڵمان بوو،کاتێك ئەو موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند،ئێمەش ئیتر بە ئاشکراو بەبێ ترس نوێژمان دەکرد[2].

ئەم پیاوە بەڕێزەش یەکێکە لەوانەی کە مۆژدەی بە هەشتیان پێ دراوە،وە کەسێك بووە لەوانەی کە خوای گەورە بەتایبەتی لەسەر ڕاو بۆچوونی ئایەتی دابەزاندووە،وەپێغەمبەری خوا ﷺ دەسەڵاتداری ئیسلامی بەستۆتەوە بە پێشەوا عومەرەوە(ڕەزای خوای لێبێ)وەك دەفەرموێت:( اللهم اعز الاسلام بعمر بن الخطاب خاصة )[3] واتە: خوایە ئیسلام دەسەڵاتدار بکەیت بە عومەری کوڕی خەطاب بەتایبەتی .وەیەکێك بووە لەو پیاوانەی کە شەیتان لێی ترساوە،وەنەیوێراوە لە ڕێگەیەکەوە بڕوات کە پێشەوا عومەریشی پێ ڕۆیشتبێ،وەشاهێدی بەهێزی باوەڕو

---

(١) **بڕوانە**: حلية الاولياء (١/٣٦) .

(٢) **بڕوانە**: المعجم الكبير للطبراني( ٩/١٦٥ ) .

(٣) رواه ابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في السلسلة الصحيحة ( ٣٢٢٥ ) .

زانست و دینی بۆدراوە،وە بەهێزو چاو نەترس بووە بەرامبەر بێ باوەڕان،ئەمانەو چەندین سیفەتی جوانی تر لەم پیاوەدا کە هەبوون.پاشان بوو بە جێنشینی دووەم دوای ئەبوبەکر(ڕەزای خوای لێبێ)کەلەسەردەمی ئەمدا دادپەروەری و خۆشیەکی زۆر ڕووی کردە موسوڵمانان،وەبەردەوام بوو لەسەر دینی خواو بەردەوام هەر دەیووت:( كل يوم يقال:مات فلان وفلان،ولابد من يوم يقال فيه مات عمر )[1] واتە:هەموو ڕۆژێك دەڵێن: ئەوە فلان کەس مرد ئەوە فلانی تریش مرد بێگومان ڕۆژێکیش دێت دەڵێن عومەریش مرد.جا بەم شێوەیە خۆڕاگرو بەردەوام بوو تا ئەمیش کاتی مردنی هاتە پێش ولەسەر ووتەی پێغەمبەری خوا ﷺ شەهیدی پێ بەخشراو بەدەستی ئەبو لوئلوئی مەجوسی کەبەندەی موغەیرەی کوڕی شوعبە بوو لەناو نوێژدا شەهید کراو،پێشەوا عومەریش سوپاسی خوای کرد کە بەدەستی ئەو بێ باوەڕ پێکراو بەدەستی موسوڵمان نەپێکرا،بەڕاستی کۆتاخێری تەمەن بوو(ڕەزای خوای لێبێت).

## ٣- پێشەوا عوثمان ی کوڕی عەففان( ڕەزای خوای لێبێت )

هاوەڵی بەڕێزو خۆشەویستی رسول الله ﷺ ئەم پیاوە کەسێکە ماڵ بەخشەرو بە توانا بوو لە کاری بازرگانی،وە بەشەرم و خاوەنی حەیای ڕاستەقینەبوو،وە موژدەی بە هەشتی پێ درابوو، بەردەوام چاوبەگریان لەترسی پەروەردگار، وەبەوەناسرابوو کە زۆر لە نەفسی خۆی دەپرسیەوە،زانست وزانیاری پێ بەخشرابوو،وەکڕیاری بیری رومە بوو، وەفراوان کەرەوەی مزگەوتی پێغەمبەربوو ﷺ وەبەڕێ کەرو ئامادەکاری دەستەی موسوڵمانان بوو،وەبەردەوام بوو لەسەر دینی خوا، هەروەك خۆی رضي الله عنه دەفەرموێت:( حبب الي من الدنيا ثلاث: اشبع

---

(١) بڕوانە: حاشية رسالة المسترشدين ( ١١١ ) .

الجيعان،وكسوة العريان،وتلاوة القران)[1] واتە: سێ شتم لـە دونیـادا لا خۆشەویـست کراوە: تێرکردنی برسیان، پۆشـتەکردنی ڕووتەکان،خوێندنـەوەی قورئـان.پێـشەوا عوسمان بەردەوام بووسەرەڕای ناخۆشـی و نـاکۆکی کەوتنـە نێـوان کەسـەکان،وە گەمارۆدانی لەلایەن دوژمنان و سـتەم کـردن لێـی وە بـڕین و قەدەغـەکردنی ئـاوی خواردن و قەدەغەکردنی نوێژ لەمزگەوت و تاوای لێ هات پێشەوا عوسمان پێیـانی ووت:پـێم بڵـێن ئـەوە ئێـوە بـۆ دەتانـەوێت مـن بکـوژن:سـوێند بـە وا گـوێم لـە پێغەمبەری خواﷺبووە دەیفـەرموو:( لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ إِلَّا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ: كُفر بَعدالاسلام،أو زنا بَعدَ احصان،أو قَتَل نَفس بِغير نَفس فوالله ما زنيت في الجاهلية ولا في الاسلام قط، ولا احببت ان لي بديني بدلا منذ هداني الله،ولا قتلت فسا، فبم تقتلوني)[2] واتە:ڕشتنی خوێنی هیچ موسوڵمانێ حەلاڵ نیە بۆکەس مەگـەر ئـەم سـێ تاوانـەی لـێ ببینرێـت:بـێ باوەڕبێـت دوای موسـوڵمان بـوونی،داوێن پیـسی بکـات دوا ژن هێنانی،کەسـێك بکوژێـت بـەبێ هـۆی شـەرعی،دەی وەلأهـی مـن نـە لـە زەمـانی جاهیلیمـدا وەنەلـەزەمانی موسـوڵمان بوونیـشما زینـام نـەکردووە،وە بـە هـیچ جۆرێکیش پـێ خۆشـحاڵ نەبوومـە بگەڕێمـەوە سـەر بـێ بـاوەڕی دوای ڕێنـومێنی وەرگرتنم، وە کەسیشم نەکوشتووە، جا ئیتر بۆچـی دەمکـوژن . بـەلأم بۆکەسـێك دڵی داپۆشرابێت بەتاوان ئەمە سوودی نەبوو، ئەویش وەك پێشەوانی پـێش خـۆی کاتی مردنـی نزیـك بووەوە،لەکاتێکدا فیتنەیـەکی گـەورە ڕوویـدا لەسـەر دەسـتی دووڕووان وخەوارج کە پێشەوا عوسمانیـان لـە ماڵەکـەی خۆیـدا گەمارۆدراوچـوونە سـەری بەکۆمـەڵێك شمـشێر هێرشـیان کردەسـەری و لـەکاتی خوێندنـەوەی قورئاندابوو،کاتێك لێیاندا دڵۆپە خوێنی پاکی گیانی عوسمان کەوتـە سـەر ئایـەتی فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (١٣٧) ( البقرة ).

---

(١) **بڕوانە:** ارشاد العباد الاستعداد ليوم المعاد (٨٨) .

(٢) رواه ابوداود والترمذي وصححه الشيخ الالباني في الارواء( ٢٥٤/٧) .

## ٤_ پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو طالب( ڕەزای خوای لێبێت )

**ئەم هاوەڵە زۆر بەڕێزەی پێغەمبەری خواﷺیەکێکە لەو کەسانەی هەرلەسەرەتاوە موسـولمانی خـۆی ڕاگەیاندووەچـاکەی هەیەبەسـەر هـەموو کەسـێکەوە لەچـەند ڕووەیەکـــەوە لەوانـــە،ئامۆزای پێغەمبـــەری خوایـــەﷺوەزاوای پێغەمبـــەری خوایەﷺوەکەسێکە لەوانەی کە موژدەی بەهەشـتی پێدراوە،وە لـەکاتی کۆچـدا پێـشەوا عـەلی خـۆی کـرد بەفیـدای پێغەمبـەری خـواﷺلـەناو جێگەکەیـدا مایەوە،بەشـــداری زۆربـــەی جەنگـــەکانی کردووە،هەربۆیـــە پێغەمبـــەری خواﷺدەربارەی ئەم پیـاوە دەفـەرموێت:**( مَن سَبَّ عَليّـاَ فَقَـد سَـبَّنِي )[١] **یـان دەفەرموێت:**( مَن اذى عَليًّا فَقَد اذاني )[٢] **پێـشەوا عـەلی(ڕەزای خـوای لێبێـت)وەك هەر سێ جێنشینەکەی پێش خۆی دەسەڵاتی ئیسلامی پـێ بەخـشراو کـارو بـاری موسـولمانانی لەئەسـتۆگرت و هەڵبژێردرا،بۆیـە پێـشەوا عـەلی (ڕەزای خـوای لێبێـت)بـەوە ناسـرابوو کـە زۆر یـادی مردنـی دەخـستەوە بـیری هـاوەڵان و کەسەنزیکەکەکانی،ئامۆژگاری دەکردن لە سەر بـەردەوام بـوون لەسـەردینی خـواو کۆتـایی هـاتنی تەمـەن بەخێر،هـەر وەك پێـشەوا لـە شـاری کوففـە وتـارێکی داو فـەرمووی:**:( أيها الناس ،ان اخوف ما اخاف عليكم:طول الامل ،واتباع الهوى،فأمـا طول الامل فينسي الاخرة،وأما اتباع الهوى فيصد عن الحق، الا ان الدنيا قـد ولـت مدبرة،والاخرة مقبلة،ولكن منهما بنون،فكونوا من ابناء الاخرة،ولا تكونوا من ابنـاء الدنيا،فان اليوم عمل ولا حساب، وغدا حـساب ولا عمـل)[٣]**واتـە:ئـەی خەڵکینـە بەڕاستی ئـەوەی کـەزۆر لێـی دەترسـم لەسـەرتان دوو شـتە :یەکـەم هیـوا درێـژی**

---

(١) **بڕوانە**: فضائل الصحابة لابن حنبل( ٢/٥٩٤)

(٢) رواه البخاري في " التاريخ " ( ٣ / ٢ / ٣٠٧ ) وصححه الشيخ الالباني في السلسلة الصحيحة (٢٢٩٥)

(٣) **بڕوانە**: تهذيب حلية الاولياء ٨٢/١ والزهد الكبير( ٤٦٢) .

بەژیان،دووەم:شوێن کەوتنی ئارەزوو،جا هەرکەسێك هیوا درێژبوو بەژیتن ئەوە تووشی بەلاَی لەبیر چوونەوەی دوا ڕۆژدەبێت،وەهەرکەسیش تووشی بەلاَی شوێن کەوتنی ئارەزوو بوو ئەوە،ڕێگر دەبێت لەبەرامبەر حەق و ڕاستیدا،ئاگادارتان دەکەمەوە دونیاپشت تێ کەرو پشت شکێنە،وە دواڕۆژیش لەپێشەو هاتنی دیاری کراوە،جا ئێمە لەناویدا هەموو کوڕی ئەوین،جا باوریابین نەوەی دواڕۆژبین نەك نەوەی دونیا،چونکە ئەمڕۆ کردەوەیە بەلاَم بەبێ لێپرسینەوە،بەلاَم سبەینێ لێ پرسینەوەیە بەبێ کردەوە.هەوەها پێشەوا عەلی(ڕەزای خوای لێبێت)بەردەوام بوو لەسەر ئەم ئامۆژگاریانە،تاکو جارێکیان لەگەڵ هاوەلاَندا چوونە سەر گۆڕستان و فەرمووی:(یا اهل القبور،یااهل البلی،یااهل الوحشة،مالخبر عندكم؟فان الخبر عندنا:اما المنازل فقد سكنت،واما الاموال فقد قسمت،واما الازواج،فقد نكحت،هذا خبر ماعندنا ،فما خبر ما عندكم؟ثم قال:والذي نفسي بيده !لو اذن لهم في الكلام لاخبروا ان خير الزاد التقوى )[1]واتە:ئەی ئەهلی گۆڕستان،ئەی ئەهلی تاقی کردنەوە،ئەی ئەهلی تەنهایی،ئەرێ هەواڵی لای ئێوە چیە؟هەواڵی لای ئێمە ئەوەیە،ماڵەکانتان خەڵکی تری تیا نیشتە جێن،وە سەروەت و سامانەکانیشتان دابەشکراوە،وە خێزانەکانیشتان مارە کراونەتەوە،ئائەوە هەواڵی لای ئێنە،ئەی ئەبێ هەواڵی لای ئێوە چی بێت؟؟پاشان هەر خۆی فەرمووی:سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە،ئەگەر گوێیان لە قسەکانم بوایەو بیانتوانیایە وەلاَم بدەنەوە،ئەوە دەیانووت:باشترین توێشوو لە خواترسانە.بەلاَم زۆری نەخایاند کۆمەڵێکی دڵ پڕلەقین لە خەوارج ی گومڕا کەوتنە پیلان گێڕان بەرامبەر خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ﷺ بە جوێن دان و قسە بۆ هەڵبەستن و ئازاردانی

(١) **بڕوانە**:كنز العمال( ٣ /٦٩٧) .

دەروونی،بەمەشەوە نەوەستان کەوتنە پیلان گێڕان بۆ شەهید کردنی تـا ئـەوەبوو لـە نوێـژی بـەیانی ڕۆژی جوموعـە لـە مـانگی ڕەمـەزانی پـیرۆزدا دوژمـنی خـواو پێغەمبەری خواﷺعبدالرحمن کوڕی مەلجەم ی خەوارجی شەهیدی کرد[1] .

## ٥- بیلالی کوڕی ڕەبباحی حەبەشیرضي الله عنه:

بیلال ئەو پیاوە بـەڕێزو خۆشەویستە بـوو کـە هەمیشە ببـوە چقڵی چـاوی دوژمنـــانی خـــواو هـــەرگیز تـــەنها بـــۆ ســـاتێکیش ملـــی بۆیـــا شـــۆڕنەدەکرد،عبداللەی کـــوڕی مەســـعود(ڕەزای خـــوای لـــێبێ)دەگێڕێتـــەوە و دەفەرموێت:یەکەمین کەسەکان کە ئیسلام بـوونی خۆیـان ڕاگەیانـد حـەوت کـەس بوون یەکێك لەوانە (بیلال)بوورضي الله عنه،وە لە هەمووشیان بێ خـزم و کـەس تـر بـیلال بوو،تا وای لێهاتبوو بێباوەڕەکان ئەم پیاوەبەرزو بەڕێزەیان لەبەر خۆر ڕا دەگـرت و بەردی گەرمیان دەنا بە سکیەوە ،سەرەڕای ئەوەی دەیان دایە دەسـت منـدالان تا بەردبارانی بکەن و بە شیوو دۆڵەکانی مەککەدا ڕای کێشن و ئازاری بدەن ،بەڵام بیلالیشرضي الله عنهبەردەوام بوو لەسەر ووتنی ئەو وشەیەی کە وەك توندترین سزابۆسـەر دڵی ئومەییەو هاوباوەڕانی.هەمیشە دەیـووت( أحدٌ أحد )[2] هـەروەها بـیلال دیلـی بەردەستی ئومەییەی کوڕی خەلەف بووکاتێك کە خـۆر تـینی گـەرمی دەسـەند لـە قرچە قرچی نیوەڕۆدا بیلالی دەهێناو لەو شوێنە گەرمەدا پۆشاکەکەی دا دەکەندو دەیخستە بەر ئەو گەرمایە،تەنها لە پێناو پەشیمان بوونەوەی لە دینی خوا،بـەڵام بیلالی خۆڕاگرو بەردەوام لە سەر بیرو ڕای خۆی لـە ژێـر ئـەو هـەموو ئەشـکەنجەو زینـدان و ئـازارەدا هـەر دەیـووت (أحـــدٌ أحـــد) تـاخوای گـەورە ئـەبو بـەکری ڕاستگۆیرضي الله عنه بۆڕەخساندو هاتە لای و ڕزگاری کرد بە پێنج ئۆقیە لـە کاتێکدا کـە

---

(١)**بڕوانە**: تحقيق موقف الصحابة في الفتنة( ٢/٢٣٥) .

(٢) رواه الترمذي والنسائي والبيهقي وصححه الشيخ الالباني في مشكاة المصابيح (٩١٣) .

ئومەییە بەگاڵتە جاڕیەوە بە ئەبو بەکریﷺ ووت وەڵاهی خۆئەگەر یەك ئۆقیەشت بدایە هەر دەمدا پێت،ئەبو بەکریشﷺ فەرمووی وەڵاهی تۆش ئەگەر داوای سەد ئۆقیەشت بکردایە هەر دەمدا پێت[1].

بابزانین سەرەنجامی بیلال بە کوێ گەیشت،وەك دیارە کە سەرەنجامی ئومەییە بەرەو کوێ ڕۆیشت،ئەوەبوو پێغەمبەری خواﷺ لەکاتی نوێژی بە یانی دا بوو بە بە **بیلالی** فەرمووی:(حَدِّثْنِي بِأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْتَهُ فِي الْإِسْلَامِ فَإِنِّي سَمِعْتُ دَفَّ نَعْلَيْكَ بَيْنَ يَدَيَّ فِي الْجَنَّةِ قَالَ مَا عَمِلْتُ عَمَلًا أَرْجَى عِنْدِي أَنِّي لَمْ أَتَطَهَّرْ طَهُورًا فِي سَاعَةِ لَيْلٍ أَوْ نَهَارٍ إِلَّا صَلَّيْتُ بِذَلِكَ الطُّهُورِ مَا كُتِبَ لِي أَنْ أُصَلِّيَ)[2] واتە:ئەی **بیلال** هەواڵم بدەرێ بە کردەوەیەك کە لە ئیسلامدا ئەنجامت دابێت و بەئومێدی پاداشتی زۆری بیت،بەڕاستی من گوێم لە خشەخشی نەعلە کانت بوولەپێش خۆمەوە لە بەهەشتدا،جا بیلالیش ﷺ فەرمووی:هیچ کردەوەیەك شك نابەم کە واکردبێتم بەوێنەی ئەوەی کە لام باش بووبێت وەك ئەوەی لە پاکێتیدا لە کاتەکانی شەوو ڕۆژمدا مەگەرئەوەنەبێت کە هەرکات دەست نوێژم گرتبێت ئیلا دوو ڕکات سوننەتی دەست نوێژم کردووە.

**٦-خێزانێکی خواناس یاسرو سوممەییەی خێزانی وعەمماری کوڕی**(خوایان لێ ڕازی بێت)

هەروەها نمونەی خێزانێکی دیندارو خواناس و خاوەن بیرو بڕوای ڕاستەقینەو شوێن کەوتەی ڕێ و ڕێبازی پێغەمبەری خواﷺکە لەو کاتەدا ژیانیان بەسەر دەبرد بریتی بوون لە بنەماڵەی عەممار کە هەمیشەو لە بەر خۆری بەتینی گەرم ئازار دەدەران تاواز لەدینی خوا بهێنن و پەشیمان ببنەوە،بەڵام ڕۆژبەڕۆژوسات بەسات باوەڕیان پتەوتر دەبوو،بێباوەڕانیان لاپوچەڵ دەبوو،وەك پێشەوا

(١) اخرجه ابو نعيم في حلية الاولياء( ١/ ١٥٠ )والحافظ في الفتح( ٧/ ٩٩) .

(٢) رواه البخاري (١١٤٩) ومسلم (٦٤٧٨) .

موجاهد(ڕەحمەتی خوای لێبێت)دەفەرموێت:( سومەییە کە دایکی عەممار بوو بە دەستی ئەبو جەهل شەهیدکرا کە ئەوئافرەتێکی پیری بە ساڵاچووش بوو جاحەربەیەکی کرد بەسکی داوئیتر شەهید بوو)[1] هەروەها هەرسەبارەت بەئەشکەنجەدانی عەممار پێشەوا **ابن عباس** ﷺدەفەرموێت:ئەم ئایەتە پیرۆزە لەسەر عەممار هاتە خوارەوە کەبە زۆر کوفریان پێکرد،پاش ئازاد بوونی چووە لای پێغەمبەری خواﷺوە عوزری بۆ هێنایەوەو یەکسەر ئەم ئایەتە دابەزی:﴿مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ ........ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (١٠٦)﴾(النحل) ئەو کەسەی بێ باوەڕبێت بەرامبەر بە خوا پاش باوەڕهێنانی،ئەوە سزای گەورەیان بۆهەیە مەگەر کەسێك کە زۆری لێ کرابێت،وە دڵیشی دامەزراو بێت بە باوەڕ،ئەوە سزای لەسەر نیە، ئەی سەرەنجامی عەممارو بنەماڵەی:جابری کوڕی عبدالله(ڕەزای خوای لێبێت)دەفەرموێت:پێغەمبەری خواﷺتێ دەپەڕی بەلای عەممارو بنەماڵەکەیدا لە کاتێکدا کە ئەشکەنجەو ئازار دەدران لە لایەن بێ باوەڕانەوە دەیفەرموو:(ابشروا اصبر ال یاسر فان موعدکم الجنه)[2] واتە:موژدەتان لێبێت(ئارام بگرن)ئەی بنەماڵەی یاسر بەڕاستی بە یەك گەیشتنتان لە بە هەشتدایە.

### ٧-خاتوو زەنیرە ( ڕەزای خوای لێبێت )

یەکێکی تر لەو هاوەڵە زۆر بەڕێزانەی تر کە لە پێناوی خوادا ئازارو ئەشکەنجەی چێشتووە بریتیە لە ئافرەتێك بە ناوی زەنیرەخانم ،کە بەردەوام و چاونەترسانە خوا پەرستی خۆی ئەنجام دەدا بەبێ ئەوەی سڵ لە هیچ دوژمنێکی خوا بکاتەوە،هەربۆیە ئەم ئافرەتە جاریە بوو کاتێك موسوڵمان بوو بێ باوەڕەکان دەستیان کرد بە ئازار دانی تاکو لە دینەکەی خوا پاشگەز ببێتەوە،جا هێندە

---

(١) اخرجه الحافظ في الاصابة (٣٣٥/٤) .

(٢) قال الشيخ الالباني في فقه السيرة ص٢٠٧ حديث حسن صحيح .

ئازاری لاشەییان دا تا لە ئەنجامداهەردوو چاوەکانی لە دەست داو بە هۆی ئەو ئەشکەنجە دانەوە هەردوو چاوی کوێربوو،ئینجا دوای ئەمە بێباوەڕان هەر بەوەوە نەوەستان پڕو پاگەندەیان بڵاو کردەوە کە گوایە ئەوە لات و عوزا چاوەکانی زەنیرەی کوێر کردووە،چونکە باوەڕی پێی نەبوو هەر بۆیە بەردەوام بوون لەسەر ئازار دانی و زەنیرەش بەردەوام لە بەرامبەریاندا دەیووت: نەخێر وەڵاهی کوێر بوونی چاوم تەنها لە دەسەڵاتی خوای گەورەدایەو بەس،وە بە فەرمانی ئەو ئەندامەکانی لاشە هەڵسوو کەوت دەکەن جا با بزانین سەرەنجامی کوێر بوونی زەنیرە بەکوێ گەیشت :بێگومان مرۆڤ هەرکات لە گەڵ خوای خۆی ڕاستی ووت ئەوە خواش لە کاتی تەنگانەو ناخۆشیدا دێت بە هانایەوە خوای گەورە شیفای چاوەکانی زەنیرەی داو هەردوو چاوی چاك بووەوە[1] .

٨- **پێشەوا ئیبن تەیمیە( ڕحمەتی خوای لێبێت )**.

ئەم پیاوە بەڕێزە یەکێك بووە لە پیاوەبەرزوزانا هەڵکەوتووەچاونەترسەکانی سەردەمی خۆی،وە بەکەسێکی خۆڕاگرو چەسپاوودامەزراو لەسەردین ناوی دەرکردبووە،ئەم زانازۆر لێهاتووەلەشاری حەڕان لەوڵاتی سوریا چاوی بەژیان هەڵهێناوەلەڕۆژی دووشەممە١٠ربیع الاول ساڵی ٦٦١کۆچی،پاشان هەرلەوێ گەورە بووەوچووەتەبەرخوێندن،جا شارەکەی بەرشاڵاوی مەغۆلەکان دەکەوێت و وێرانی دەکەن ئەمیش بەناچاری شارەکەی بەرەودیمەشقی سوریا بەجێ دەهێڵێت،ئەم پیاوە لەتەمەنی٦ساڵیداهەموو قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووەولەتەمەنی١٧ساڵیدا فەتوای داوە،کەبەجۆرێك زانایانی ئەوسەردەمە سەریان لێی سوڕمابوو،ئەم زانا خاوەن پلەیە بیرو باوەڕێکی چاك وسەلیمی هەبوو،بەردەوام لەدژایەتی کۆمەڵی(گاوروجولەکەوشیعەوصوفی وبیدعەچیەکان )دا بووە،هەروەها بەدوور

---

(١) اخرجه البيهقي في دلائل النبوة( ٢/٢٨٣) و السيرة الحلبية( ١/٤٨٢) .

لەزانست و زانیاری و فەتوادان لەبواری جهاد دژی بێ باوەڕان و داگیرکەران دەستێکی بالأی هەبووەو خۆی بەشداری کردووەوخەڵکیشی بۆ هانداوە،ئیبن وتەیمیە(ڕەحمەتی خوای لێبێت)بەهۆی ئەوبیرو باوەڕە ڕاستەقینەیەوە دوژمنێکی زۆری هەبووەو هەمیشە ئازاریان دەداو لە ڕێگەی کاربەدەستانەوە ڕاپێچی بەندینخانەیان دەکرد،ئەم پیاوە بەڕێزە بەردەوام ژیانی لە بەندینخانەدا بەسەر بردووە،بەتایبەتی ئەو کاتەی کە کتێبی (العقيدة الواسطية)نووسی ئەوە بوو بە فیتی شیعەو صوفیەکان خرایە بەندینخانەوە لە ساڵی ٧٠٧کۆچی،پاشان هێنرایە دەرەوەو بڕیاری دوور خستنەوەی درا لەساڵی ٧٠٨کۆچی بەرەو ئەسکەندەریە بێ ئەوەی ڕێگە بدرێت کەخزم و هاوڕێو دۆستانی لەگەڵی بڕۆن،پاشان لە ساڵی ٧٠٩کۆچی کاتێك (الناصر محمد)هاتەسەر حوکم شێخ توانیتی بۆ ماوەیەك بە ئازادی بژیت دوور لە دەست بەسەرکردن و ئازاردان، پاشان لە ساڵی٧١٨کۆچی بڕیاردرا کەشێخ بەند بکرێتەوەو ڕێگەی فەتوادانانی لێ بگیرێت،پاشان ئازادکرایەوەو بۆماوەی دووساڵ وازیان لێ هێنا ئیتر لەساڵی ٧٢٠کۆچی لەلایەن قازی ولأتەوە دیسان بڕیاری بەندکرنی درایەوە،پاشان ئازادکرایەوەوئەمجارەیان لەسەر فەتوایەك کە فەرمووبووی(دروست نیە بچیتە سەرگۆڕی هیچ کەسێك بەمەبەستی لێ پاڕانەوەوتەبەڕوك)پاشان ماوەیەکی کەم ئازاد کراو ساڵی ٧٢٢کۆچی بڕیار درایەوە بگیرێت و پاش ماوەیەك ئازادکرایەوە پاشان دەستگیریان کردەوە لەساڵی ٧٢٦کۆچی،ئەمجارەیان بڕیاریان دا کە هەموو شتێکی لێ قەدەغەبکرێت لە بەندینخانەدا تەنانەت قەڵەم وکتێب ونامیلکەکانی خۆشی لێ قەدەغەکرا،پاشان شێخ ئیبن تەیمیە نەخۆش کەوت و زانایان دەفەرموون نەخۆشیەکەی لەرزو تا بووەو ٢٣ڕۆژی خایاندووەو جا ئەم زانا بەناو بانگە هەر بەم نەخۆشیە لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠ی ذي القعدةی ساڵی ٧٢٨کۆچی لەناو هۆڵی بەندینخانەدا لە قەڵای دیمەشق کۆچی دوایی کرد(ڕەحمەتی خوا لە

شێخ ئیبن تەیمیە کەبەم کۆتا خێریەو بەردەوام بون لەسەر دینی خواو خۆڕاگر لەبەرامبەر دوژمنانداو چۆك دانەدان بۆیان گەڕایەوە بۆلای پەروەردگار)بەڕاستی ئەم باسکردن و نوسینە نمونەی مشتێکە لەخەرمانێك لە ژیان وبەسەرهاتی پڕلەئازارو ئەشکەنجەی ئەم پیاوە،چونکە ئەم بگرەو بەردەو کێشانە تەنها بە زمان باس کردن و نوسینی سەر کاغەز خۆشە ئەگینا لەچاو ژیان و بەسەر هاتی ئەم زانایەوە خۆدانە لە ئاوی قولْ بەبێ ئەوەی مەلە بزانیت.

وریابە وەرە لە غەفلەت ماڵ ئاوا کە
زەخیرەی ئەو ڕێگایە پڕلە تەقواکە
تا نەچوویتە حزووری تۆزێ حەیاکە
براشێتی بەسە عەقڵێ پەیاکە
لە خوڵق و خۆیی حەیوان خۆت جیاکە
**********************
قەت تێ ناڤکری لەدونیا چۆنە بەزمی
ڕۆژتا ئێوارە مەشغوڵی بەزم و ڕەزمی
دڵ خۆش مەکە بەکەسداری و بەخزمی
دەمێکە وا ئەسیری نەفسی نزمی
وەرە حەربێ لەگەڵ نەفس و هەواکە
*********************
بۆخرا پە زۆر بە پەلەو بەڕەنجی
شانازیت بوو بە جوانی و قیت و قنجی
دونیات وەها گرتبوو بۆپلاّوو برنجی
بە غەفڵەت چوو برادەر عومری گەنجی
لەمەولا بەوری ڕابردوو قەزاکە
**********************
هەتا کەی قسەی بێمانا ئەڕێسی
هەتا کەی بێ نمایی و پووك و سیسی
هەتا کەی بیری پڕوپووچ و دڵ پیسی
هەتا کەی لوقمە بادان و چڵێسی
بەسە سك پەروەری هۆشێ پەیاکە
*********************
بە نووزەی پاڕانەوەی نزات بە گریان
بەو نوێژانەت کە بۆت دەکرێ بە شەوان
بەڕۆژوو گرتن و خوێندنی قورئان
بە ئیستغفارو گریانی سبەینان
برین و دەردی عصیانت دەواکە

( صابری )

# کۆتایی هاتنی تەمەن بە چاکە یان بە خراپە .... نیشانەو هۆکارەکانی

**١-کۆتایی هاتنی تەمەن بەکاری چاکە**:واتە ئەوکەسەی کە دانی نا بەبەرنامەی خوای گەورەومیهرەباندا‌و بەهەموماناکانیەوە مل کەچی بوو وەکەوتە نێو ژیانی خواناسی وئەنجام دانی کردەوەی چاك،وەتەمەنێکی لەگەڵ خواناساندا بردەسەرو گەیشتە پلەی خوا لە خۆ ڕازی کردن و........هتد،بەم شێوەیە بەردەوام بێ لەسەرئەو کردەوە چاکانە تەنها بۆ ساتێکیش گومانی بۆ دروست نەبێت لە کاتی سەرە مەرگداوتاکوئەو کاتەی مردن دەگاتە سەری و دواماڵئاوایی لەم ژیانە دەکات و گیانی دەکێشرێت ودەگەڕێتەوە بۆلای خوا،واتە بەوشێوەیە وبەموسوڵمانێتی بچێیتەوە خزمەتی خوای گەورەو بەدەسەلآت ئەوە پێی دەوترێ کۆتایی هاتنی تەمەن بەخێر......

بزانە خوشك و برای موسوڵمانم.....

بێگومان پاشە ڕۆژی هەرکەسێك لە ئێمە شتێکی نادیارەو تەنها خوای گەورە دەزانێت وهەرئەویش ئاگادارە بەوەی کۆتایی هەرکاممان بە کام باردا دەبێت،بەڵام ئەوەی لەسەرئێمە پێویستە ئەوەیە کە هەمیشەو بەردەوام بە هیوای بەخشندەیی و لێخۆشبوونی گشتگیری خوای گەورەوە ژیان بەسەر بەرین و بەردەوام سووربین لەسەر ئەنجامدانی ئەوهۆکارەوکردەوانەی کەدامەزراووجێگیرمان دەکەن لەسەردینی خواوگرەنتی کۆتاخێریمان پێ دەدەن،بێگومان ژیانی دونیاش ڕازاوەو بۆن خۆشکراوە لەلایەن شەیتان و دارو دەستەکەیەوە ئەویش بە مۆمیای فێڵ و هەڵخەڵەتاندن وهۆکارە گومڕاکەرەکان،جامرۆڤی خاوەن ژیری ڕاستەقینە ئەومرۆڤەیە کەنەلەخشێت

ولـەتاقی کرنـەوەی دونیـای بـێ نرخـدا دەربـچێت و بـەنمرەی تـەواوەوە بـچێتەوە خزمـەتی بەخێوکـەرو ژێنەرومرێنەرەکـەی کـە ئەوزاتـەش خـوای گەورەیـە.بۆیـە هەمیـشە داوادەکـەین لـە خـوای گـەورە کـە دامـەزراوو سـەقامگیرمان بکـات لەسەربەرنامەکەی و زیاترو زیاتریش شارەزامان بکات بۆ حەق و وتنی ڕاستیەکان و دوور کەوتنـەوە لـە پڕوپووچـەکان،هەربۆیە خـوای گـەورە لـەبارەی ئـەم بـەخێر کۆتایی هاتنی تەمەنەوە دەفەرموێت:﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِـــهِ وَلَـــا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُـــسْلِمُونَ (١٠٢)﴾(ال عمـران) واتـە:ئـەی ئەوانـەی کـە باوەڕتـان هێناوە لەخوابترسن و خۆتان بپارێزن لە سنورەکانی خوا بەو شێوەیەی کـە مـافی خۆی پێ بدەیت،وە هەوڵ بدەن نـەمرن مەگـەر بـە موسـوڵمانی نـەبێت.خوێنـەری بەڕێز وەرەو فەرموو بابچینە خزمەتی پێغەمبەرێکی خـوا کـە یوسـفەﷺبـابزانین سەرەڕای ئەوئازاروئەشکەنجەیەی کە بە دوور وڵاتی ودوورلەباوك ودایك وبراوخزم و کەسی چەشتی وە لەگەڵ ئافرەتێکدا کە تاقی کرایـەوە چـی دەفـەرموێت؟:خـوای گەورە لەسەر زاری یوسفەوە دەگێڕێتەوەودەفەرموێت :﴿رَبِّ قَدْ آتَيْتَنِي مِنَ الْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَنْتَ وَلِيِّي فِي الدُّنْيَا وَالْـــآخِرَةِ تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ (١٠١)﴾(یوسف)واتە:ئەی پەروەردگارم بەڕاسـتی تۆلـەم وڵاتـەدا(مصر)دەسـەڵات و عیززەتـی دونیـات پێـدام،وە بـاوك و دایـك وبـراو کەسوکاروخزمانمت بۆ کۆکردەوە.وە لێکدانەوەی خەونەکانیشت فێرکردم،وەتەنها تۆش بـەدی هێنـەری ئاسمانـەکان و زەوی،وەلـەدونیاو دواڕۆژدا هـەرتۆی گـەورەو سەروەرم،داوات لـێ دەکـەم بـە موسـوڵمانی بم مرێنەوپاشـان بم گەیەنـە بەکەسـە چاکەکانی پێش خۆم وەك باوکـە(إبراهيم وإســحاق ومـــن قبلـــهم مـــن أنبيائـــك

ورسلك)**بێگومان ئەمە پاڕانەوەی پێغەمبەر یوسوف بووﷺ وەزانایان ڕەحمەتی خوایان لێبێت دەفەرموون:**(لم يسأل نبي من الأنبياء الموت إلا يوسف)[1] **واتەهیچ پێغەمبەرێك نیە لە پێغەمبەرانی خواﷺكە داوای مردنیان كردبێ ئیلا یوسفﷺنەبێت.كە تاكە كەسە داوای مردنی كردووە لە خوای گەورە،ڕاڤەكەرانی قورئانی پیرۆز دەڵێن:دوای ئەوەی كە پێغەمبەر یوسفﷺبەدیداری باوك و كەس و كاری شادبووەوە بیست وچوار ساڵ لەوڵاتی مصر بەیەكەوە بوون وپاشان پێغەمبەر یەعقوبیﷺباوكی پێش ئەوەی بمرێت وەسیەتی كرد بۆ یوسوف ی كوڕی كە بیباتە لەشام بینێژێت لای پێغەمبەر ئیسحاق ی باوكی،جا ئەوەبوو بەوشێوەیە پێغەمبەر یەعقوب ﷺمردو برایەوە شام و لەوێ ئەسپەردەكرا،پاشان یوسوف پێغەمبەریش ﷺ پێش ئەوەی وەفات بكات و بمرێت لەسەرەمەرگدا بوو فەرمووی:**﴿تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ (١٠١)﴾**(یوسف)بە موسوڵمانی بم مرێنەو بم گەیەنە بەچاكانی پێش خۆم .گومانی تێدا نیە هەموان هەردەمرین،كەواتەچاكترین مردن ئەوەیە كە لەسەردینی خوا بمرین وكۆتایی بەژیانمان بێت،وەهەربەوشێوەیەش بگەینەوە بەخوای گەورەومیهرەبان وخۆشحاڵی دواڕۆژبین وهەمیشەوبەردەوام بەكردەوەی خۆمان نەنازیین وە مەغرورنەبین،هەروەها پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:**(إِنَّمَا الْأَعْمَالُ كَالْوِعَاءِ إِذَا طَابَ أَسْفَلُهُ طَابَ أَعْلَاهُ وَإِذَا فَسَدَ أَسْفَلُهُ فَسَدَ أَعْلَاهُ)[2] **واتە:بەڕاستی كردەوەكانی مرۆڤ بە كۆتاییەكەیەتی،جانمونەی ئەوكۆتا خێری یان شەڕیە وەك نمونەی ئەو تورەگەیە وایە كە ئەگەر ژێرەكەی باش بێت ئەوە بێگومان سەرەوەشی باشە وەئەگەر ژێرەكەی خراپ و شتی ڕزیوی تێدابێت ئەوە سەرەوەشی خراپەو شتی**

---

(١) **بڕوانە:** تفسير الدر المنثور( ٤ / ٥٩١) وانظر ما كتبه ابن كثير في التفسير ( ٢ / ٤٩٣) .

(٢) رواه ابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٢٣٢٠) .

ڕزیــوی تێدایــە.یــاخود خۆشەویــستمان محمــدﷺلــە فەرمودەیــەکی تــردا دەفـەرموێت:(إِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِعَبْدٍ خَيْرًا اسْتَعْمَلَهُ فَقِيلَ كَيْفَ يَسْتَعْمِلُهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَــالَ يُوَفِّقُهُ لِعَمَلٍ صَالِحٍ قَبْلَ الْمَوْتِ ثُمَ يَقبِضهُ عَلَيهِ حَتَى يُرضى عَنهُ)[1] واتـە:ئەگـەر خـوای گــەورە خێــری بــۆ کەســێك بوێــت:ئــەوە بــەکاری دەهێنێــت یــان ئاگــای لێــی دەبێت:وتیان چۆن بەکاری دەهێنێت ئەی پێغەمبەری خـواﷺیانی چـی تـێ مـان بگەیەنە ؟ئەویش فەرمووی:واتە خوای گەورە کاری چاکی بـۆ ئاسـان دەکـات تـاکو ئەو بەندەیە هەر لەسـەرئەوکارە بـڕوات تائەوکاتـەی مـردن دێتـە سـەری و(ملــك الموت)سەلامی خوای لێبێت گیانی دەکێشێت،وا لەو بەندەیە دەکەین کـە ئەوانـەی لەدەوروبەرین لێی ڕازی بن.

## نیشانەکانی کۆتـایی هاتنی تەمەن بە باشە

پێغەمبەری خـوا محمدﷺچەندنیـشانەوهۆکارێکی بـۆ ڕوون کردوینەتـەوەوئاگاداری کردوین کەهەرکەسێك ئەم نیشانانەی تێـدا بێتـەدی بەڵگـەن لەسـەر بـەخێرکۆتایی هاتنی تەمەنی و(انشاءالله)هیوا وایە کە بە هەشتی بێت،چونکە چاك بوونی کۆتـایی تەمـەن پەیوەسـتە بـە چـاك بـوونی کردەوەکـانی کۆتـایی ئـەو مرۆڤـەوە.هـەوەها زانایان(ڕەحمەتی خوایان لـێبێ)لەپەرتووکـە بەنرخەکانیانـدا نیـشانەکانیان دیـاری کردووە لەوانە[2] .

**یەکەم:** ووتنی ووشەی یەکتاپەرستی(لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)لەسەرەمەرگدا.

هەربەندەیەکی خوای گەورەجا(پیـاو)بێـت یـان(ئـافرت)لـەکاتی سـەرەمەرەمەرگدا ووشــەیەك کـــە زۆر گـــەورەو بـــەڕێزەلای خـــوای گـــەورە،بتوانێت بیلێـــت

(١) رواه احمد والحاكم وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٣٠٤) .

(٢) بڕوانة: أحكام الجنائز شيخ الالباني/ (٤٨)(شيخ محمدبن جميل زينو/معلومات مهمة من الدين ص١٢٦)(شيخ يوسف الحاج احمد/حسن الخاتمة ص١١).

وبەهەمووماناکانیـەوە بزانێـت کەتـەنهاﷲ ژیـان بـەڕێوە دەبـات و جگەلـەوهیچ بەخێوکەرومرێنەرو ژێنەرێك نیە،وەتاکی بیٚ هاوبەشە و وێنەی نیە،ئەوە هیوا وایە کـە لەسـزای گـۆڕ ڕزگـاری بێـت وبـچێتە بەهەشـتەوە،خوای گـەورەش دەفـەرموێت:﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ﴾محمد١٩ واتـە:بـاش بزانـە کـەهیچ خوایـەك بەحـەق نیـە جگـە لـەﷲ کـەتاکی بـیٚ هاوبەشـە،وەداوای لـیٚ خۆشـبونیش بکـە بـۆ تاوانـەکانت وەبۆتـاوانی پیـاوانی بـاوەڕدارو ئافرەتـانی بـاوەڕدار.بەڕاسـتی وتـنی ئـەم ووشـەیە کـورت وئاسـانە بەزمان،بەڵام لـەمانادا فـراوان و گەورەیـەو لەتـەرازووی چاکەشدا گرانە،وەکەسـی خۆشی دەوێت کەبتوانێت لەکاتی هـاتنی ملـك المـوت بۆسـەری ئـەم ووشـەیە بڵـیٚ ئەوەتاپێغەمبەری خواﷺدەفـەرموێت:(إِنِّي لَأَعْلَمُ كَلِمَةً لَا يَقُولُهَا أَحَدٌ عِنْدَ مَوْتِهِ إِلَّـا كَانَتْ نُورًا لِصَحِيفَتِهِ وَإِنَّ جَسَدَهُ وَرُوحَهُ لَيَجِدَانِ لَهَا رَوْحًا عِنْدَ الْمَـوْتِ)[1] واتـە:مـن ووشەیەك دەزانم هەرکەسێك لەکاتی سەرەمەرگدا بتوانیٚ بیڵێت،دەبێتە ڕووناکیـەك لەنامەی کردەوەکانیدا لەڕۆژی دوایدا،وەلاشەو ڕوحەکەشی لـەکاتی گیـان کێشاندا بەئاسـانی دەردەچـێت،هەروەها پێغەمبـەری خـواﷺلەفەرموودەیـەکی تـردا دەفەرمویٚ:(مَن كانَ اخر كَلامِ لااله الاالله دَخلَ الجنـة)[2] واتـە:هەرکەسـیٚ کۆتـایی وشەی ژیـانیلَا إِلَهَ إِلَّـا اللَّـهُ بێـت ئـەوە دەچـێتە بەهەشتەوە.کەواتـە خوێنـەری بـەڕێز.....بـیری خـۆم و تـۆش دەخەمـەوە کـە دوژمـنی گـەورەی مرۆڤایـەتی شـەیتان(نـەفرەتی خـوای لێبێـت)پـەیمانی داوە کـە لـەکاتی سـەرەمەرگدا واز لەبەندەچـاکەکان نـەهێنێت و کۆتـایی تەمـەنیان بـە خراپـە بهێنێت،پێغەمبـەری

(١) رواه ابن ماجة والنسائي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٢٤٩٢) .

(٢) رواه احمد وابوداود وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٦٤٧٩) .

خوا ﷺ دەفەرموێت:(لَقِّنُوا مَوْتَاكُمْ قَول لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّـــهُ)[١] واتـە:ئەوانـەی کـە لـەکاتی سـەرەمەرگدان هـیچ شـتێکی دونیایـان لـەلاباس مەکەن،بـەڵکو تـەنها وشـەیەکیان بیربخەنەوە کـە ئـەویش﴿ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ﴾یـە.(خـوای گـەورە زمانمـان پاراوبکـەیت لەکاتی سەرەمەرگداوبتوانین بەتەواوی ئەو وشەیە بڵێین وە بۆ هەتا هەتایی پـشوو بدەین).

**دووەم:** هاتنی عەرەق وتکانی لەناوچەوان لەکاتی سەرەمەرگدا.

گومانی تێدانیە هـەموو هـەردەمرین،جاکاتێك مـردن دێتـە سـەرمان پێویـستە بـەو شێوەیە بێت کە پێغەمبـەری خـوا ﷺ مـوژدەی پـێ داوین،چـونکە مـردن بەویـست وخواستی خۆمان نیە تاکو کاتەکەی بگۆڕین یان مەجالێکمان پێ بدات،بـەوەی کـە ئەو ڕوحە ئامانەتە دەبێت تەسلیمی خاوەنەکەی بکەینەوە،بێگومان لەوکاتەدا هیچ دەسەڵاتێکت نامێنێ ودەستەوەستان دەوەستی و چاوەڕوانی دوا تنـۆکی ئـارەقی ناوچەوانی خـۆتی ئەگـەر خـوا پێمـانی ببەخـشێ،کەواتە هەرکەسێك ئەگـەر بینـرا دەردانی ئاو لەدەم و چاوو ناوچەوانی هات،ئەوە هیوا وایـە کـە کۆتاییـەکی باشـی هەبێت و لەسزای گۆڕ ڕزگاری بێت(بەویستی خوا).هاوەڵی بەڕێز بورەیدەی کـوڕی حەصیب(ڕەزای خوای لێبێت)دەفەرموێت:کاتێك ئێمە لە خۆراسـان بووین،لـەکاتی گەڕانەوەماندابرایـەکمان نـەخۆش کـەوت،جا مـردن گەیـشتە سـەری و لەوکاتـەدا بینیمـان عـارەق لەناوچـەوانی دەتکـانمنیش ووتم:گـەورەیی بـۆ خوا،گـوێم لـە پێغەمبەری خوابووە ﷺ فەرموویەتی(مَوْتُ الْمُؤْمِنِ بِعَرَقِ الْجَبِينِ)[٢] مردنی باوەڕدار بەتکانی عارەقی ناوچەوان ڕزگاربووە.

**سێیەم:** گومانی باش بردن بەخوای گەورە لەکاتی سەرەرمەگدا.

---

(١) رواه ابن حبان وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٥١٥٠) .

(٢) رواه ابن ماجة ( ١٤٥٢) والنسائي (١٨٢٨)وصححه الشيخ الالباني .

ئەی بەندەی خوا ئاگادارو وشیاربە ئەگەرچی چەند کاتێکی کەمی دیاری کراوت ماوە لە ژیانی دنیاداو ئیترکاتی سەفەرە دووروودرێژەکە دەست پێ دەکات،پێویستە گومانی باش بە خوای گەورە ببەیت لەهەمووکات وساتێکدا،هاوەڵی بەڕێزجابری کوڕی عبدالله (خوالێی ڕازی بێت)دەفەرموێت:گوێم لە پێغەمبەری خوابووﷺ سێ ڕۆژ پێش ئەوەی وەفات بکات فەرمووی:(لَا يَمُوتَنَّ أَحَدُكُمْ إِلَّا وَهُوَ يُحْسِنُ بِاللَّهِ الظَّنَّ)(١) واتە:هیچ کەسێك لە ئێوە نەمرێت تاکو گومانی باش بەخوای خۆی دەبات،جاگومانی باش بردن بەخوا ئەوەیە کەبەتەمای بەهەشت بیت و لەسزای دوزەخ خۆت بپارێزی.

پێغەمبەری خواﷺ ڕۆژێکیان چووە سەردانی گەنجێکی نەخۆش جا لەوکاتەدا ئەجەلی هات و(ملك الموت) گەیشتە سەری،پێغەمبەری خواﷺ پێی فەرموو:ئەی گەنج حاڵت چۆنە ؟ئەویش ووتی:سوێند بەخوا ئەی پێغەمبەری خواﷺ زۆر لەتاوانەکانم دەترسم وەزۆریش هیوام بە خوای خۆم هەیە،پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی:دەی ئەودووسیفەتە لەدڵی هەربەندەیەکدا کۆبێتەوە لەسەرەمەرگدا ئەوە خوای گەورە بێ باکی دەکات لە لەوەی کە لێی دەترسێت،وەهیواداریشی دەکات بەوەی کە بەتەمایەتی.

**چوارەم**:مردن لە هەردوو شاری مەککەومەدینەی پیرۆز.ا

خوای گەورە بەپیرۆزی و بەڕێزی باسی هەرجێگەیەك یان هەر شوێنێك بکات ئەوە هیوا وایە کە بەهۆی ئەو بەپیرۆزباس کردنەوە،کەسەکانی ناوی ببەخشێت و جا هەردوو شاری مەککەی پیرۆز و مەدینەی ڕوناك ناویان لە قورئانی پیرۆزدا بە گەورەوپیرۆزهاتووەوسەرەڕای ئەوەی شوێنی لەباوەش گرتنی خۆشەویستی

(١) رواه مسلم ( ٢٨٧٧) .

خواوخۆشەویستی مرۆڤایەتی محمدەﷺخوای گەورەش دەربارەی مەککە دەفەرمویت:﴿إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِلْعَالَمِينَ (٩٦) فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ مَقَامُ إِبْرَاهِيمَ وَمَنْ دَخَلَهُ كَانَ آمِنًا وَلِلَّهِ... ٩٧﴾(ال عمران) واتە:یەکەمین ماڵێك لەسەر زەویدا ساز کرا بۆئەوەی کە خواپەرستی تێدا ئەنجام بدرێت بریتی بوو لەو ماڵەدا کە لەمەککەیە ئەویش هُدًى لِلْعَالَمِينَ جێگایەکی پیرۆزەو پڕخێرو ڕێنومێنیە بۆ خەڵکی جیهان.ئەو شوێنە واتە کەعبەی پیرۆز چەندین بەڵگەو نیشانەی ڕوون و ئاشکرای تێدایە کە یەکێکیان شوێنگەی پێغەمبەر ئیبراهیمەﷺجا هەرکەسی تا ڕۆژی قیامەت بچێتە ئەو شوێنە سەلامەت و پارێزراوە. هەروەهاعبدالله ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ دەفەرمویت:(أَنَّ رَجُلًا وَقَصَهُ بَعِيرُهُ وَنَحْنُ مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهُوَ مُحْرِمٌ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اغْسِلُوهُ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ وَكَفِّنُوهُ فِي ثَوْبَيْنِ وَلَا تُمِسُّوهُ طِيبًا وَلَا تُخَمِّرُوا رَأْسَهُ فَإِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مُلَبِّيًا)(١) واتە:پیاوێك وشترەکەی خستیە خوارەوە و برینداری کردوەئێمەش لەو کاتەدا لەحاڵەتی ئیحرامی حەجدا بوین لە گەڵ پێغەمبەری خوادابوینﷺپاشان پیاوەکە مرد،پێغەمبەری خواﷺفەرمووی:مردووەکە بشۆرن بە ئاوو بەگەڵای سدر،وەهەربە جل و بەرگەکەی خۆیەوە کفنی بکەن،وەبۆنی خۆشی لێ مەدەن،وەسەریشی دامەپۆشن،چونکە لەڕۆژی دوایدا کاتێك کە زیندوودەکرێتەوە بەردەوام﴿ لبيك اللهم لبيك ﴾دەڵێت.کەواتە مرۆڤ لەکاتی حەج کردندا ولەو شارەپیرۆزە بمرێت و کوتاوشەی( تەلبیە )بێت،بەڕاستی ئەوە مانای کۆتا خێریە،یاخودپێغەمبەری خواﷺلەفەرموودەیەکی تردا دەفەرمویت:(مَنْ اسْتَطَاعَ أَنْ يَمُوتَ بِالْمَدِينَةِ فَلْيَمُتْ بِهَا فَإِنِّي أَشْفَعُ لِمَنْ يَمُوتُ بِهَا)(٢) واتە: هەرکەسێك

---

(١) رواه البخاري (١٨٥٠)ومسلم(٢٩٤٩) .

(٢) رواه احمد والترمذي وابن ماجة والنسائي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٦٠١٥) .

لـە ئێـوە ئەگـەر دەتوانێـت، ئـەوە بالـە شـاری مەدینـەی پـیرۆز بمرێـت، چـونکە من(تکا)دەکەم بۆکەسێك کە لەوشارەدا بمرێت.

**پێنجەم**:مردن لە شەوو ڕۆژی جومعەدا.

شـەووڕۆژ بۆمرۆڤـەکان لەبەخشـشەکانی خـوای گەورەن،بـەوەی کـەدەتوانرێت بەندایـەتی خـوای تێدابکرێت،سـەرەڕای ئـەوەش لەناوشـەووڕۆژەکاندا تایبـەتی کراوەوگرنگی وگەورەیی هەنـدێك لـە شـەووڕۆژەکان هەیـە.جاشـەووڕۆژی(جومعـە) لەوتایبەتمەندیانـەدا بـاس کراون،جـامردن لەشـەووڕۆژی جومعـەدا دەبێتـە هـۆی ڕزگاربوونی بەندە لەسزای دۆزەخ(بەمەرجێك کەسەکە بە بـاوەڕداری مردبێ)بۆیـە ئـــەم ڕۆژی جومعەیـــە لـــە باشـــترین ڕۆژەکـــان نـــابراوەوەك پێغەمبـــەری خواﷺدەفەرموێت:(خَيْرُ يَوْمٍ طَلَعَتْ عَلَيْهِ الشَّمْسُ يَوْمُ الْجُمُعَةِ فِيهِ خُلِقَ آدَمُ وَفِيهِ أُدْخِلَ الْجَنَّةَ وَفِيهِ أُخْرِجَ مِنْهَا وَلَا تَقُومُ السَّاعَةُ إِلَّا فِي يَوْمِ الْجُمُعَةِ )[(١)] واتـە:چاکترین ڕۆژێك بـەلای خـوای گەورەوەکـەڕۆژی بەسـەرداهەڵدێت بریتیـە لـەڕۆژی جومعە،چـونکە لەوڕۆژەدا باوکە گەورەمان ئادەمی تێـدا دروسـت کراوە،وەهەرلـەوڕۆژەدا کراوەتـە ناوبەهەشتەوە،وەهەرلەوڕۆژەدا لەبەهەشت دەرکرا،وەڕۆژی قیامەتیش نایـەت ئـیلا لـــەوڕۆژەدا نـــەبێت واتـــە ڕۆژی قیامـــەت لـــەڕۆژی جومەعـــەدا دەســـت پێدەکات.پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:(مامِن مُسلِم يَمُوتُ يَوم الجُمُعَـــة أو لَيلَـــة الجُمُعَة الا وَقاه الله مِن فِتنَـــة القَـــبر)[(٢)] واتـە:هـەر موسـوڵمانێك لەشـەوو یـان ڕۆژی جومعەدا بمرێت،ئەوە خوای گەورە لە تاقی کردنەوەی ناو گۆڕ دەیپارێزێت.

**شەشەم**:مردن لەکاتی پاسەوانی کردن لە پێناوی خوادا.

سـەنگەر نـشینی یـان پاسـەوانی کـردن لـەپێناوی خـوادا ئەگەرچـی بۆماوەیـەکی

(١) رواه مسلم (٢٠١٤) .

(٢) رواه احمد والترمذي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٥٧٧٣) .

کـەمیش بێت،لـەکارە خۆشەویـستە کانـەلای خـوای گەورەومیهرەبان،وەسـوننەتی پێغەمبەری خواوهاوەڵەبەڕێزەکانیەتی،پێغەمبەری خواﷺدەفـەرموێت:(كُلُّ الْمَيِّتِ يُخْتَمُ عَلَى عَمَلِهِ إِلَّا الْمُرَابِطَ فَإِنَّهُ يَنْمُو لَهُ عَمَلُهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَيُؤَمَّنُ مِنْ فَتَّانِ الْقَبْـرِ)(١) واتـە:هـەموو مردووەیـەك کـەمرد کۆتـایی بـە کردەوەکـانی دێـت،مۆر دەدرێـت لەسـەری،ئیلا کەسـێك نـەبێت کـە لـەپێناوی خـوادا سەنگەرنـشینی گرتبێـت لەبەرامبەردوژمنانی خوادا یان پارێزگـاری لەموسـوڵمانان کردبێت،ئـەوە بـەردەوام ئـەو کردەوەیـەی گەشـەدەکات وپاداشـتی زیاددەکـات تـاڕۆژی دوایی،وەپارێزراووئەمینیش دەبێت لەسزای ناو گۆڕ.

**حەوتەم**: شەهید بوون لەپێناوی خوای گەورەدا.

شـەهیدی پلەیـەکی زۆر بـەرزە خـوای گەورەتایبـەتی کـردووە بـە خۆشەویـستانی خۆی،وەپاداشتی نەبڕاوەوفیردەوسی بەرزی بۆداناون،جـا ئەوشـەهیدیەش دەبێـت تەنها لـەپێناوی خـوای گەورەدابێت،جاهەرکەسـێك لـەدونیادا جـەنگی کـرد لەگـەڵ دوژمنی خواداو بەردەوام بوو لەسەر ئەو جەنگەو پـشتی هـەڵ نەکردولـەپارێزگاری موسوڵمانان ودینی خوادابوو،بەوشێوەیە خـوێنی ڕژاو کـوژرا ئـەوە پێـی دەوترێـت شەهید، واتە شـاهیدی دەدات لەسـەرئەو حاڵەتـەی کەلەسـەری مـردووەو کۆتـایی بەژیانی هاتووە،کەواتە ئێستا ناتوانرێت بەهەمووکەسێك بوترێـت(شـەهیدلەپێناوی خـوادا)، هـەروەك بـەردەوام دەبیـستین و دەبیـنین کەسـێك چـووە بـۆ تـالأنی و فـەرهوود لـەوێ کـوژراوەو نەهاتۆتـەوە لێـرە ناویـان ناوەشـەهید،بەڵێ شـاهیدە لەسـەرئەوەی کـە لەسـەردزی وڕاوو ڕووت کۆتـایی بەتەمـەنی هاتووە،بـەڵام ئـەوە هەرگیز شەهیدی ڕێی خوانیە.پێغەمبەری خـواﷺدەفـەرموێت: (لِلشَّهِيدِ عِنْدَ اللَّـهِ

---

(١) رواه احمد ابو داود والترمذي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٤٥٦٢) .

ستُّ خِصَالٍ يُغْفَرُ لَهُ فِي أَوَّلِ دَفْعَةٍ وَيَرَى مَقْعَدَهُ مِنْ الْجَنَّةِ وَيُجَارُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ وَيَأْمَنُ مِنْ الْفَزَعِ الْأَكْبَرِ وَيُوضَعُ عَلَى رَأْسِهِ تَاجُ الْوَقَارِ الْيَاقُوتَةُ مِنْهَا خَيْرٌ مِنْ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا وَيُزَوَّجُ اثْنَتَيْنِ وَسَبْعِينَ زَوْجَةً مِنْ الْحُورِ الْعِينِ وَيُشَفَّعُ فِي سَبْعِينَ مِنْ أَقَارِبِهِ)[١]

**واتە:شەهید لای خوای گەورە شەش تایبەتمەندی بۆهەیە:**

**١-بەڕشتنی یەکەم دڵۆپەخوێنی خوای گەورە لەتاوانەکانی خۆش دەبێت.**

**٢-یەکسەر شوێنی خۆی لەناوبەهەشتدا دەبینێت.**

**٣-لەسزاو ناڕەحەتی ناوگۆڕ پارێزراودەبێت.**

**٤-وەسەلامەت وئەمین دەبێت لەترسەگەورەکە کە قیامەتە.**

**٥-وەتاجێکی زێڕین دەخرێتە سەرسەری وەك ڕێزلێنانێك بۆی کەپێك هاتووە لەدووڕومەرجان کەباشترە لەدونیاوئەوەشی لەدونیادایە.**

**٦-وەحەفتاودووخێزانی حۆری بۆئامادەکراوە،وەشەفاعەت دەکات بۆحەفتاکەس لەنزیکەچاکەکانی خۆی.**

**هەشتەم:مردن بەنەخۆشی سك چوون.**

**نەخۆشی سك چوون یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کەهەرکەسێ بەهۆیەوەبمرێت هیوا وایە لەسزای ناو گۆڕو تاقی کردنەوە قورسەکان دەربچێت،جائەم نەخۆشیە بریتیە لەوەی کەسی نەخۆش سك ئێشەیەکی تووش دەبێت وپاش کەمێك سکی پێی دەچێت،بەوهۆیەوەناوسکی وشك دەبێتەوەوهەرئەمەشە دەبێتەهۆی مردنی،ئەمیش ئارامی لەسەرگرتووە،هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:**(وَمَنْ مَاتَ فِي الْبَطْنِ فَهُوَ شَهِيدٌ)[٢] **واتە:هەرکەسێك بەنەخۆشی سك ئێشە بمرێت**

---

(١) رواه احمد والترمذي وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٥١٨٢) .

(٢) رواه مسلم (٥٠٥٠) .

شەهیدە.یان لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرمویت:(مَن قَتَلَ بَطنه لَم يُعَذَب فِي قَبرِه)(١) واتە: هەرکەسێك بمرێت بە نەخۆشی(ناوسك)سك ئێشە،ئەوە سزانادرێت لەناوگۆڕەکەید.

**نۆیەم**:مردن بەنوخۆشی گاعون(کۆلێرا).

نەخۆشی گاعون یەکێکی ترە لەو نەخوشیانەی کەمرۆڤ دووچاری ئازارو ناخۆشی دەکات وجاهەرکات نەخۆش توانیتی ئارام بگرێت لەسەری وشوکرانە بژێربێت،ئەوەخوای گەورە پاداشتی تایبەتی بۆداناوە،جازانایان ئەم نەخۆشیەیان چوواندوە بەنەخۆشی کۆلێرا لەم سەردەمەدا پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:(الطَّاعُونُ شَهَادَةٌ لِكُلِّ مُسْلِمٍ)(٢) واتە:مردن بەنەخۆشی تاعون پلەی شەهیدیە بۆ هەموو موسوڵمانێك.هەروەها دایکمان خاتووعَائِشَةَ (خوالێی ڕازی بێت)دەفەرموێت پرسیارمان کرد لە پێغەمبەری خواﷺدەربارەی نەخۆشی تاعون ئەویش هەواڵی پێداین وفەرمووی: (أَنَّهُ عَذَابٌ يَبْعَثُهُ اللَّهُ عَلَى مَنْ يَشَاءُ وَأَنَّ اللَّهَ جَعَلَهُ رَحْمَةً لِلْمُؤْمِنِينَ لَيْسَ مِنْ أَحَدٍ يَقَعُ الطَّاعُونُ فَيَمْكُثُ فِي بَلَدِهِ صَابِرًا مُحْتَسِبًا يَعْلَمُ أَنَّهُ لَا يُصِيبُهُ إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَهُ إِلَّا كَانَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِ شَهِيدٍ)(٣) واتە:ئەوە نەخۆشیەکە خوای گەورە سزای کەسێکی پێ دەدات کەخۆی ویستی لەسەربێت،وەخوای گەورەش بەڕەحمەت گێڕاویەتی بۆباوەڕداران،جاکەسێك نیە لەشارەکەی خۆیدابێت و تووشی ئەونەخۆشیەببێت وئارام بگرێت لەسەری،ئیلا پاداشت دەدرێتەوە لەلایەن خواوە،وەزانراویشە هەرکەسێك تووشی ببێت و بمرێت ئیلا بەوێنەی شەهیدێك پاداشتی هەیە لای خوا.

(١) رواه احمد والترمذي وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٦٤٦١) .
(٢) رواه البخاري (٢٨٣٠) ومسلم (٥٠٥٣) .
(٣)رواه البخاري (٣٤٧٤) .

**دەیەم**:مردن بە هۆی نەخۆش( ذات الجنب)لاتەنیشت ئێشە یان کەلەکە٠

نەخۆشی ذات الجنب لاتەنیشت بریتیەلەو نەخۆشیەی کەمرۆڤ دووچاری دەبێت و هەمیشەو بەردەوام هاواری لاتەنیشتی دەکات و ئازاری زۆری هەیە،جا پزیشکەکان ئێستا بە نەخۆشی کەلەکە دەیناسێنن،ئەویش ئەوەیە کەمرۆڤ تووشی ئاوسانێك دەبێت لەنێوان سەرووی سکی تاکو پەراسووەکانی لایەکی،ابن الحجري عسقلاني(ڕەحمەتی خوای لێبێ)دەفەرموێ:ئەم جۆرە نەخۆشیە (بریتیە لە وەرمێکی گەرم وئاوساویەك،وەبەهۆیەوە بایەکی ڕەق دروست دەبێت لەنێوان سکی تا سەرووی پەراسووی،کەئەمەش نەخۆشیەکی ترسناکە)[1] هەروەها پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:(الشَّهَادَةُ سَبْعٌ...... صَاحِبُ ذَاتِ الْجَنْبِ شَهِيدٌ)[2]واتە:شەهیدی حەوت جۆری هەیە.......یەکێك لەوانە تووشی نەخۆشی ژات الجنب بووبێت و هەربەهۆی ئەونەخۆشیەوە کۆچی دوایی بکات.یان دەفەرموێت :( المَيتُ مِن ذاتِ الجَنبِ شَهيد)[3]واتە: مردن بە هۆی نەخۆشی **ژات الجنب** ەوە پلە شەهیدی هەیە.

**یانزەیەم**:مردن لەسەر کاری خێرو چاکە.

خێروچاکەکردنی بەردەوام یەکێکە لە هۆکارەکانی سڕینەوەی تاوانەکان ورزگاربوون لەسزای بەئێشی دۆزەخ،هەروەها دەبێتە هۆی دروست بوونی خۆشەویستی لەنێوان بەندەکانی خوای گەورەداوسەرفرازی دواڕۆژیشی لەدوایە،پێغەمبەر خواﷺدەفەرموێت: (ان الصَدَقَةَ لَتُطفيءُ عَن اَهلُها

(١) **بڕوانە:** فتح الباري كتاب الطب (١٧٢/١٠)

(٢) رواه احمد وابوداود والترمذي وابن ماجة والنسائي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٣٧٣٩) .

(٣) رواه احمد والطبراني وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٦٧٣٨) .

حرّالقبور)[1] واته:خێروچاکەکردن گەرماووهەڵاوی ئاگری ناوگۆڕەکان لەسەر بەندەی خێرکەردەکوژێنێتەوە.

**دوانزەیەم**:مردن بەهۆی ڕوخانی شتێك بەسەریدا.

ڕوخانی شتێك بەسەردا یان کەوتنە بن خانوو یان دیوار یان هەرشتێك لە جۆری ڕوخان کە ببێتە هۆی مردنی بەڵام کەسەکە باوەڕداربێت،ئەوە لەوکاتەدا هیوا وایە لەو جۆرەکەسانەبێت کە لەسزای ناوگۆڕ ڕزگاربووە،پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:(الشَّهَادَةُ سَبْعٌ ... وَالَّذِي يَمُوتُ تَحْتَ الْهَدْمِ شَهِيدٌ)[2] شەهید حەوت جۆری هەیە...یەکێك لەوانە ئەوکەسەیە کەدەمرێت بەهۆی ڕووخانی شتێك بەسەریدا ئەوە پلەی شەهیدی هەیە لای خوای گەورە.

**سیانزەیەم**:مردن بەهۆی سوتانەوە.

سووتاوی یەکێکی ترە لەو جۆرە بەخششانەی کە خوای گەورە بە دیاری دەیدات بەبەندەکەی،بەهۆیەوە دەمرێت،ئەویش بەوەی کەخۆی کەسەکە دەستی نەبێت لەو سوتانەدا واتە خۆی خۆی نەسوتانبێت،یانە نەبووبێتە هۆی خۆسوتانی ئەوە لەسزای گۆڕ ڕزگاربووەو هەربۆیە پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:(الشَّهَادَةُ سَبْعٌ.... وَصَاحِبُ الْحَرِيقِ شَهِيدٌ)[3] واتە:شەهیدی حەوت جۆری هەیە.........یەکێك لەوانە کەسێکە بەهۆی سووتانەو گیان لەدەست دەدات بەبێ ئەوەی دەستی هەبێت لە سوتانی خۆیدا.

**چواردەیەم**:مردن بەهۆی خنکانەوە.

واتە هەرکەسێکی باوەڕدار بچێتە سەفەرێك یان جێگەیەك و بەو هۆیەوە لەئاوێك

---

(١) رواه والطبراني وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (٨٧٣) .

(٢) رواه احمد وابوداود والترمذي وابن ماجة والنسائي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٣٧٣٩) .

(٣) رواه احمد وابوداود والترمذي وابن ماجة والنسائي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٣٧٣٩) .

نزیك بێتەوە،بەهەرهۆیەك بێت پاشان خوای گەورە گیانەکەی لێ بسێنێتەوەو بەو هۆیەوە بکەوێتە ئاوەکەوە یان مەلە بکات بەمەرجێك دەستی خۆی تیانەبێت،واتە نەبووبێتە هۆی کوشتنی نەفسی خۆی ئەوا لەپلەی شەهیداندایەولەسزای گۆڕ پارێزراوە.هەروەك پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:(الغَريق في سَبيلِ الله شَهيد)[1] یان لەفەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت:(الشُّهَدَاءُ خَمْسَةٌ... وَالْغَرِيقُ... الشَّهِيدُ)[2] واتە: شەهید پێنج جۆری هەیە یەکێك لەوانە کەسێکە بەهۆی خنکانەوە بمرێت ئەوە پلەی شەهیدی هەیە.

**پانزەیەم**:مردن بەهۆی نەخۆشی سیلەوە.

نەخۆشی سیل بریتیە لەو نەخۆشیەی کە بە هۆی وشك بوونەوەی ڕیخۆڵەکانەوە لەلای تەنیشتی مرۆڤەوە دروست دەبێت،یاخود وەك دەڵێن:بریتیە لەو نەخۆشیەی کەپێی دەوترێت کۆکەڕەشە کە بەدرێژایی تەمەنی لەگەڵیایەتی و تایەکی گەرمیشی پێوەیە،وەهەرکات منداڵ توشی بێت جۆری دەنگە ژێیەکانی دەگۆڕێت و دەنگی گڕدەبێت.پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:(السّيلُ شَهيدُ)[3] واتە:هەرکەسێك بەهۆی ئەو جۆرە نەخۆشیەوە بمرێ کەپێی دەڵێن سی ئەوە پلەی شەهیدی هەیە.

**شانزەیەم**:مردنی ئافرەت بەسەر منداڵەکەیەوە

بێگومان ئافرەتانیش پشکی خۆیان هەیە لەو پلانەدا کەباس کران بەڵام بەتایبەتی تر خۆشەویستمانﷺباسیانی کردووەولەکاتێکدا کەبەهۆی نەخۆشی منداڵ بوونەوە گیان لەدەست دەدەن وبەسەر ئەوە منداڵەوە دەچن،وەك دەفەرموێت:

---

(١) صححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٤١٧٣) .

(٢) رواه البخاري (٦٥٣) ومسلم (٥٠٤٩) .

(٣) صححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٣٦٩١) .

( وَالْمَرْأَةُ تَمُوتُ بِجُمْعٍ شَهِيدٌ)[١] واتـە:ئافرەتێك كـە بـەهۆی بـوونی منداڵەكەيـەوە دەمرێت پلەی شەهيدی هەيە.هەروەها دەفـەرموێت:( النُفَساءُ يَجرها وَلَدها بِسروها الى الجَنَة)[٢] واتە:ئەو ئافرەتەی كە بەهۆی ڕاكێشان و بـڕينی نـاوكی منداڵەكەيـەوە دەمرێت ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە.

**حەڤدەيەم**:مردن بەهۆی بەرگری كردن لەدين ونەفس .

هــەركات موسـوڵمان بەتــەواوی خــۆی مـل كەچـی فەرمانــەكانی خـوا كرد،ئـەوە چەندبەرپرسياريەك ڕووی تـێ دەكات،جايـەكێك لەوانـە بـەرگری كردنـە لـە ديـن و بەرنامەكــەی ئيـسلام بــە گيــان و ماڵ،هــەوەها بــەرگری كردنــە نەفــسی خــۆی بەهەمووجۆرەكانيەوە،پێغەمبــەری خــواﷺدەفــەرموێت:(مَـــنْ قُتِـــلَ دُونَ دينِـــهِ فَهُوَشَهِيدٌ)[٣] واتە هەركەسێك لەپێناوی دينەكەيدا بكوژرێت ئـەوە پلـەی شـەهيدی هەيە. هەروەها لەفەرمودەيەكی تردا دەفـەرموێت:(مَنْ قُتِـلَ دُونَ مُــضلِمَته فَهُــوَ شَهِيدٌ)[٤] واتە:هەركەسێك لـەپێناوی نەفـسيدا لەكاتێكدا كـە سـتەمی لـێ دەكرێت وئەميش غيرەتی بەكاردێنێت و دەست دەكاتـەوە لەسەرحەقيـشە بكوژرێـت ئـەوە پلەی شەهيدی هەيە.

**هەژدەيەم**:مردن لە پێناوی ماڵ و منداڵيدا.

بەرگری كردن لە ماڵ و منداڵ بۆئەوەی ژێردەستە نەبن وبەناهەقيش داگير نەكرێن لەلايـەن دوژمنەوە،وەئــەو مافــەی كــە خــواپێی داوە لێــی زەوت نەكرێت،چــونكە بــەرگری كــردن لەوانــە مــافی تــەواوی خۆيــەتی و ئــەركی شەرعيــشە،وەئەگەر هــاتو لەسەريشی كوژرا ئەوە لای خوای گـەورە پلـەی شـەهيدی هەيـە،وەك پێغەمبـەری

---

(١) رواه ابوداود وابن ماجة والنسائي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (١٣٩٨) .

(٢) رواه احمد وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٤٤٣٩) .

(٣) رواه احمد وابن حبان وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٦٤٤٥) .

(٤)رواه ابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٦٤٤٧)

خواﷺدەفەرموێت:(مَن أريدُ مالَهُ بغَيرِحَق فقاتَلَ فَقُتل فهوَشَهيد)[1] واتە:هەرکەسێك بیەوێت ماڵەکەت داگیربکات بەبێ ئەوەی مافی ئەوبێت،ئەوە کاتێك تێکۆشا لەپێناویداوئەمیش کوژرا ئەوەپلەی شەهیدی هەیەلای خوا،هەروەهاپێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:(مَنْ قُتِلَ دُونَ مَالِهِ فَهُوَ شَـــهِيدٌ)[2] واتە:هەرکەسێك لەپێناوی ماڵیدا بکوژرێت پلەی شەهدی هەیە.

**نۆزدەیەم**:مردن لەکاتی خوێندنی سورەتی(**الملك**) یان دوای خوێندنەکە .

یەکێك لەو سورەتانەی کە هەرکات مرۆڤ بتوانێت بیخوێنێ وبەوەش کۆتایی بەتەمەنی بێت ئەوە دەبێتە هۆی پاراستنی لەسزای ناو گۆڕ،پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:(سورَةَ تَبارَكَ هِيَ الْمَانِعَةُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ)[3] واتە:خوێندنەوەی سورەی تەبارەك دەبێتە هۆی پاراستنی خوێنەرەکەی لە سزای ناو گۆڕ.

**بیستەم**:زۆر پەناگرتن بەخوای گەورە لەبەڵاکان.

پاڕانەوەو داواکردن بۆلای خوا بەم پاڕانەوانەی کەلەسوننەتدا هاتوون بەتایبەتی ( أَنَّ رَسُولَ اللَّهِﷺكَانَ يَدْعُو اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ التَّرَدِّي وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ يَتَخَبَّطَنِـي الشَّيْطَانُ عِنْدَ الْمَوْتِ وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ أَمُوتَ فِي سَبِيلِكَ مُدْبِرًا وَأَعُـوذُ بِـكَ أَنْ أَمُـوتَ لَـدِيغًا)[4] واتە:هەرکاتێك پێغەمبەری خواﷺبپاڕایاتەوە لەخوای گەورە دەیفەرموو:خوایەگیان بۆخلتری هەموو ناوەجوانەکان و سیفەتە بەرزوپیرۆزەکانت،پەنات پێدەگرم لە:هەڵگەڕانەوەوپاشگەزبوونەوە لەدین،وەپەنات پێدەگرم لە فڕوفێڵ و هەڵخەڵەتاندنی شەیتان لەکاتی سەرەمەرگدا،وەپەنادەگرم بەتۆ لەمردنێك کە لەپێناوی تۆدابێت و پشتی تیا هەڵبکەم وە پەنا بەتۆدەگرم لە مردنێك بە هۆی پێوەدراوی و گەستنەوە بێت.

---

(١) صححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٦٠١١) .

(٢) رواه البخاري (٢٤٨٠) ومسلم (٣٧٨) .

(٣) صححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٣٦٤٣) .

(٤) رواه الحاكم والنسائي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (١٢٨٢) .

# کۆتایی هاتنی تەمەن بە خراپە

دووەم–**کۆتایی هاتنی تەمەن بەکاری خراپە**: واتە ئەو بەندەیەی خوای گەورە دوای ئەوهەموو هەوڵ و تێکۆشانەی لە خزمەتی دینداری و خواناسیدا،بەلاّم بەردەوامی نابێت و زوو کوڵ دەدا واتە ناگاتە دوا مەنزڵی چاکان،هەربۆیە بەوانە دەوترێ(ئاخرشەڕ)کە بەڕاستی زۆرن ئەو هۆکارانەش کە بەندە وا لێ دەکەن بەرەوە ئەوئاقارە هەنگاو بنێ وخۆی لێ ون بێت.بۆیە مرۆڤ باهەمیشە ئاگادارو وریا بێت،خۆی مل کەچی شەیتان ودارودەستەکەی نەکات(يُبْعَثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلَى مَـا مَاتَ عَلَيْهِ)[1] واتە:هەموو بەندەیەك لەسەرئەو حاڵەتە زیندوو دەکرێتەوە کەلەسەری مردووەو کۆتایی بەژیانی هاتووە.کەواتە پێویستەمرۆڤ ژیرانە بڕوانێتە سەرەنجام و دواڕۆژی خۆی،لەبەرئەوەی بەردەوام لە ئامادە باشیدا بێت وەبەهیچ شێوەیەك ساردبوونەوەودابڕان ڕووی تێ نەکات،ئەی بەندەی خوا ئامۆژگاری بۆخۆم پاشان بۆتۆش نەکەی تەوبە دوابخەیت یان ساردی لەبەرامبەریدا بنوێنی! !ئەزانی بۆ؟؟لەوانەیە بڵێی بۆچی؟منیش پێت دەڵێم:لەبەرئەوەی یەکەم: تۆنازانی کەی دەمری؟وایە،دووەم:تۆنازانی کۆتایی تەمەنت بەچی دێت؟وایە،سێیەم،تۆنازانی لەسەرچی کردەوەیەك دەمری؟ئێ وایە،دەکەواتە مادام هەردەڵێی وایە! ! ئەوە بزانە خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٣١)﴾واتە:تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای خوای گەورە ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە،تابەهۆی ئەوتەوبەیەوە ڕزگاربن و سەرفرازی دواڕۆژبن وپارێزراویش بن لە سزای خوای گەورەومیهرەبان.شێخ حەسەنی

---

(١) رواه مسلم (٧٤١٣) .

بەصری(ڕەحمەتی خوای لێبێ)دەفەرموێت:دڵی مرۆڤ بەشەش شت خراپ دەبێت:...(یەکێك لەوانە کەسێکە کە تاوان دەکات بەتکای ئەوەی کە تەوبە بکات و بەردەوامە لەسەری و بەڵام هەر تەوبەکەی دوا دەخات تا وای لێدێت مردن یەخەی دەگرێت و ئەویش فریای تەوبە ناکەوێت).هەروەها یەکێکی تر لەوهۆکارانەی کۆتایی تەمەن بەخراپە دەهێنێت بریتیە لەهیوابوون بەدونیاوپشت کردنە قیامەت هەروەك عبداللەی کوڕی عومەر(ڕەزای خوای لێبێت)دەفەرموێت:پێغەمبەری خواﷺدەستی خستە سەرشانم وفەرمووی:(كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يَقُولُ إِذَا أَمْسَيْتَ فَلَا تَنْتَظِرْ الصَّبَاحَ وَإِذَا أَصْبَحْتَ فَلَا تَنْتَظِرْ الْمَسَاءَ وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ لِمَرَضِكَ وَمِنْ حَيَاتِكَ لِمَوْتِكَ)(١)

واتە:لەژیانی دونیادا وابژی بەوێنەی کەسێکی نامۆ یان ڕێبوارێك، وە عبداللەی کوڕی عومەر(ڕەزای خوای لێبێت) فەرمووی: ئەگەر ئێوارەت کردەوە چاوەڕوانی بەیانی مەکە، وە ئەگەر بەیانیت کردەوە چاوەڕوانی ئێوەرە مەکە، وەسوود لە لەش ساغیت وەرگرە بۆکاتی نەخۆشیت، وەسوود لە لەدونیات وەرگرە بۆکاتی سەرە مەرگ.کەواتە: زۆر بەئاگابە لە دوو هۆکاری سەرەکی کە کۆتایی تەمەن بەخراپە دەهێنن،کە بریین لە:

**یەکەم**–مردن لەسەرتاوانێك کەبەهەمیشەیی لە دۆزەخدا بتهێڵێتەوە:

هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای تاك و بێ هاوبەش یەکێکە لە تاوانە زۆر گەورەکان و مرۆڤ بۆ هەتا هەتایی لە دۆزەخدا دەهێڵێتەوە،جائەمەش بەوە دەبێت کە مرۆڤ کەسێك یان بەردێك یان دارێك یان مانگ یاخود پێغەمبەرێك یان هەرشتێکی دی بکاتە هاوەڵی خواو لە پەرستن و هاوار بۆکردن و پەنا پێگرتن و داواکردندا

(١) رواه البخاري(٦٤١٦) .

**هاوشێوەی خوای لێ بکات،جا هەرکەسێك بەم شێوەیە بکات و تەوبەی لەسەر نەکات و بمرێت ئەوە بەهەشتی لێ حەرام کراوەو بۆهەتا هەتایش دۆزەخیە،هەربۆیەش ئەم هاوەڵ بڕیاردانە دوو جۆری هەیە کە ئەوانیش:(**الشرك الاكبر**)هاوەڵ بڕیاردانی گەورە:ئەم جۆرە بریتیە لەو شیرکەی کە خاوەنەکەی بێ باوەڕدەبێت وپێی لە ئیسلام دەردەچێت(دوای ئەوەی پێی ڕادەگەیەنرێت و بەڵگەی پێویستی لەسەر دەکرێت)ئەویش چەند جۆرێکی هەیە لەوانە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا لە: پەروەردگاریەتیدا ، وەلەپەرستندا ،وە لە ناووسیفەتدا.(**الشرك الاصغر**)هاوەڵ بڕیاردانی بچووك:ئەم جۆرەیان ئەوەیە کە خاوەنەکەی پێی لە ئیسلام دەر ناچێت بێ باوەڕیش نابێت،بەلاَم تاوانێکی زۆر گەورەی ئەنجام داوەوکردەوەش هەڵدەوەشێنێتەوە،وە مەترسی چوونە دۆزەخیشی لێ دەکرێت،لەوانە هاوەڵ بڕیاردان لە :نیەتدا وە لە ووتەو زماندا، وەلە شێوازی کردەوەدا .خوای گەورەش دەفەرموێت:**﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا (٤٨) ﴾النساء **واتە خوای گەورە لە کەسێك خۆش نابێت کە هاوەڵی بۆ بڕیاردابێت،بەلاَم بە ویستی خۆی دەتوانێت لە کەسانێك خۆشبێت،وەهەرکەسیش هاوەڵ بڕیار بدات ئەوە بەڕاستی تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوە.** إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ٧٢(المائدة) **واتە هەرکەسێکهاوەڵ بڕیاربدات بۆ خوا ئەوە بە دڵنیاییەوە خوای گەورە بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات.وە بۆ هەتا هەتایش شوێنی ئەو ناو ئاگرە.هەروەها پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:** (مَنْ مَاتَ وَهْوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ نِدًّا دَخَلَ النَّارَ وَقُلْتُ أَنَا مَنْ مَاتَ وَهْوَ لَا يَدْعُو لِلَّهِ نِدًّا دَخَلَ الْجَنَّةَ)[1] **واتە هەرکەسێك**

---

(١) رواه البخاري(٤٤٩٧) .

مردبێــت و لــە حاڵەتێکــدا هــاواری لــە غــەیری خــوا کردبێــت دەچــێتە ئاگرەوە،وەهەرکەسێکیش مردبێت و هاواری لە غەیری خوا نەکردبێت ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە.

**دووەم**:مردنی کەسی نوێژ نەکەر:

نوێژ بریتیە لە خواپەرستیەکی گەورە کە بە کردارو دەربڕین و خوێندنی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزو چەند پاڕانەوەیەکی دیاری کراوە لە سوننەتی صەحیحدا، هەر لە دابەستنی الله اكبر تاکو سەلام دانەوەنوە نوێژکردن لە دینی ئیسلامدا گرنگیەکی تایبەتی پێدراوە،هەرنوێژیشە کۆڵەکەی دینەوهیچ خواپەرستیەکی تری ناگاتیٚ،وە تەنها نوێژیشە دەبێتە هۆی ڕۆشن کردنەوەی دڵان و بەرچاو ڕوونی چاوان و پاك بوونەوەی دەروون،وەپشوودانێکیشە بە ڕوح و لاشە،وە سەر لە نویٚ تازە کردنەوەی پەیوەندیە لەگەڵ پەروەردگاری بەرزو بیٚ وێنە،کەوتە پێویستە ئاگاداری نوێژەکانمان بین ولەکاتی خۆیدا ئەنجامی بدەین وە پەنا بەخوای گەورە لە کەسانی نوێژنەکەر خوای گەورەش دەفەرموێت: فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا (٥٩) إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ شَيْئًا (٦٠) مريم واتە:لەدوای پێغەمبەران و پیاوچاکان نەوەیەك هاتن بە دوایاندا نوێژەکانیان دەفەوتاندو شوێنی هەواو ئارەزووەکانیان کەوتن،جا ئەوانەش بەهۆی ئەو نوێژ فەوتان و نەکردنەیانەوە تووشی ئازاروزیان دەبن و دەگەن بە تۆڵەی خۆیان و بەسزای شیوێك لەشیوەکانی دۆزەخ وەك خوای گەورە دەفەرموێت:کاتێك کە هەندێك کەس دەچنە ناو سەقەرەوە کە ناوێکە لە ناوەکانی دۆزەخ پرسیاریان لیٚ دەکرێت مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ (٤٢) قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ (٤٣) المدثر واتە ئەوە هۆی چی بوو ڕاپێچی دۆزەخ کران ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن:چونکە ئێمە لە گرۆی نوێژ

کەران نەبووین.وە پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت: (خَمْسُ صَلَوَاتٍ كَتَبَهُنَّ اللَّهُ عَلَى الْعِبَادِ فَمَنْ جَاءَ بِهِنَّ لَمْ يُضَيِّعْ مِنْهُنَّ شَيْئًا اسْتِخْفَافًا بِحَقِّهِنَّ كَانَ لَهُ عِنْدَ اللَّهِ عَهْدٌ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ وَمَنْ لَمْ يَأْتِ بِهِنَّ فَلَيْسَ لَهُ عِنْدَ اللَّهِ عَهْدٌ إِنْ شَاءَ عَذَّبَهُ وَإِنْ شَاءَ أَدْخَلَهُ الْجَنَّةَ)[1] واتە:پێنج نوێژ هەن ئەوانەی کە خوای گەورە لەسەر بەندەکانی نووسیوە،جا هەر کەسێك جێ بەجێی بکات وە هیچ شتێکی لێ نەفەوتاندبێ،بەهۆی کەم تەرخەمی و گوێ پێنەدانەوە،ئەوە لای خوای گەورە بەڵێن و پەیمانی هەیە کە بیخاتە بەهەشتەوە،بەلاَم ئەگەربەپێچەوانەوە بوو،کەسەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجامی نەدابێ و نوێژەکانی فەوتاندبێ،یان هەر نەیکردبێ،ئەوە مافی خوایەکە هیچ بەڵێن و پەیمانێکی نەداتێ بەوەی کە بیخاتە بەهەشتەوە،ئەگەر ویستی ئەوە سزای دەدات وەئەگەر ویستیشی لێ بێت ئەوە دەیخاتە بەهەشتەوە.

**سێ هەم**:مردن لە سەر کاری داوێن پیس :

کاری داوێن پیسی(الزينا)بریتیە لەوەی کە دوو کەس لەدوورەگەزی جیاواز لە جێگەیەکدا کۆببنەوەو ئەو کارە بەد ڕەوشتیە ئەنجام بدەن،ئەو کارە دزێوو پیس و گلاَوەیە کە دەبێتە هۆی خراپ کۆتایی هاتنی تەمەن،وەدەشبێتە هۆی تێك چوون و شیرازە پساندنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو بلاَوبوونەوەی نەخۆشی و نەمانی شەرم و ڕێزو پلەو پایە،بۆیە هەرکەسێك پیشەی ئەم کارە بێت و بەردەوام بێت لەسەری وهەر لەسەر ئەوەش بمرێت،ئەوە بێگومان دواڕۆژێکی ترسناك چاوەڕوانی دەکات،خوای گەورەش دەفەرموێت: وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا (٣٢) الاسراء واتە:نزیکی زینا مەکەون ،چونکە بەڕاستی ڕەوشتێکی

---

(١) رواه احمد وابوداود وابن ماجة والنسائي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٣٢٤٣) .

بەدو خراپ و ناشیرینە وە ڕێگەیەکی تا بڵێی دزێوو بێزراوە.(نەك هەر مەیکەن بەڵکو نزیکیشی مەکەون هۆکارەکانی نزیك کەوتنەوەش زۆرن لەوانە:تێڕوانینی حەرام،تەوقەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر،بەتەنها مانەوەی ئافرەت وپیاولەشوێنێکدا،........هتد هەروەها پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت: ( لَا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ )[1] واتە:ئەو کەسەی کە کاری زینا کردن ئەنجام دەدات ئەوە لەکاتی زیناکەدا باوەڕەکەی لە لاشەی دەردەچێت و بێ باوەڕدەبێت (پەنا بەخوا ئەگەر لەو کاتەدا ملك الموت بێتە سەری و گیانی بکێشێت ئەوە بە بێ باوەڕی دەمرێت)یاخودخەمخۆری مرۆڤایەتی پێشەواوڕێ نیشاندەرپێغەمبەری خواﷺلەفەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت: ( إِذَا زَنَى الرَّجُلُ خَرَجَ مِنْهُ الْإِيمَانُ كَانَ عَلَيْهِ كَالظُّلَّةِ فَإِذَا انْقَطَعَ رَجَعَ إِلَيْهِ الْإِيمَانُ)[2]**واتە:هەرکات بەندەیەك لەبەندەکانی خوا** زینابکات لەکاتی زیناکردنەکەدا باوەڕ لە لاشەیدا دەردەچێت ولەسەر سەری دەوەستێت،جا هەرکات وازی لە زیناکردنەکەدا هێنا ئەوە باوەڕەکەی دەگەڕێتەوە لاشەی.

**چوارەم**:خۆ کوشتن :

خۆکوشتن ئازاردانی لاشە بەهەرشتێك کە ببێتە هۆی لەناوچوون و مردنی ئەوە حەرامەو لەکارە بێزراوەکانە ، جائەم خۆکوشتنە ئەگەر لەبەر ئازارو ئەشکەنجەی لاشە بێت یان لەبەر خەم و خەفەت و ئێش بێت کەکەسێك بەرامبەری دەیکات ، بۆیە بەندەی خوا پێویستە هەمیشە ئارامگرو لەسەر خۆبێت لەکاتەدا ،چونکە هەرکات توشی خەم و خەفەت و نارەحەتی و نەهامەتی بوو پێویستە ئارام ولەسەر خۆبێت لەبەرامبەر ئەو ئازارانەدا نەك پەنا بباتە بەر (خۆکوشتن) خوای

(١) رواه البخاري (٣٤٧٥) ومسلم(٥٧)

(٢) رواه ابوداود والترمذي والبيهقي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (٢٣٩٤) .

گەورە دەفەرموێت :﴿ وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا ﴾ **(النساء٢٩)** واتە: نەكەن نەفسی خۆتان بكوژن و لەڕەحمەتی خوا بێ ئومێدبن ،چونكە بەڕاستی خوای گەورە زۆربەبەزەییە بەرامبەر بەئێوە ،پاشان دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ عُدْوَانًا وَظُلْمًا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا ﴾ (النساء) ٣٠ واتە:هەركەسیش كاری ناڕەوای ئاوا بكات بەهەر نیازێك بێت ،ئەوە لەئایندەدا دەیخەینە ناو ئاگری گەورەوە تاكو بسوتێ و سزا بچێژێت، ئەم كارەش بۆخوای گەورە زۆرئاسانە .هەروەها پێغەمبەری خوا دەفەرموێت:( مَنْ قَتَلَ نَفْسَهُ بِحَدِيدَةٍ فَحَدِيدَتُهُ فِي يَدِهِ يَتَوَجَّأُ بِهَا فِي بَطْنِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا وَمَنْ شَرِبَ سَمًّا فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ يَتَحَسَّاهُ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا وَمَنْ تَرَدَّى مِنْ جَبَلٍ فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ يَتَرَدَّى فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا)[1] **واتە: هەركەسێك خۆی بكوژێت بەئاسنێك (لێرەدا بەمانای ئەوانە دێت كە لە ئاسن دروستكراون ( فیشەك،چەقۆ ، شمشێر ، شیش ، چەكوش ،....)ئەوا بەوئاسنەی كە خۆی پێ كوشتووە لەناو دۆزەخدا بەردەوام لە خۆی پێ ئەداتەوە و بە نەمری و هەتاهەتایی تێیدا دەمێنێتەوە ، وەهەركەسیش خۆی ژەهر خوارد بكات جابەهەرجۆرە دەرمانێك بێت یان بەهەر جۆرە خواردن و خواردنەوەیەك بێت ئەوە ئەو ژەهلرەی خۆی پێ كوشتووە بەردەوام لەدەستیدایە و لەناو دۆزەخدا خۆی پێ دەكوژێت و بۆ هەتا هەتایی تیایدا دەمێنێتەوە ، وە هەركەسیش خۆی لەشاخێكی بەرزەوە فڕێ بداتە خوارەوە بەمەبەستی خۆكوشتن یان لەسەر دیوارەوە یان لەهەرشەێنێكی بەرزەوە ئەوە بەردەوام لەناو دۆزەخدا لەو شوێنە بەرزەوە هەڵدەدرێتە خوارەوە بۆ هەتا هەتایی لەدۆزەخدایە . یاخود**

---

(١) رواه البخاری(٥٧٧٨)مسلم(١٠٩) .

لەفەرمودەیەکی تردا دەفـەرموێت : (الَّذِي يَخْنُقُ نَفْسَهُ يَخْنُقُهَا فِي النَّارِ وَالَّذِي يَطْعُنُهَا يَطْعُنُهَا فِـــي النَّـــارِ)[1] واتـە/ئـەو کەسـەی کـە هەناسـە لـە خـۆی دەبڕێـت و خـۆی دەخنکێنێـت ئـەوە دەچـێتە ئـاگری دۆزەخـەوە و لـەوێش بـەردەوام خـۆی دەخنکێنێـت،وەهر کەسـێکیش بـە هـەر شـنێك نەفسی خـۆی بکوژێـت دەچـێتە دۆزەخەوە .

**پێنجەم** :خۆشویستنی تاوان و بەردەوام بوون لە سەری:

هەرکاتێك لەناو خەڵکیدا تـاوان زۆر بـوو وەشـوێن کەوتـە و جـێ بـەجێ کـەری زۆر بوو،وەبە شێوەیەکی سانایی و سوکی تەماشاکرا هـەروەها ئـەنجام دانیـشی بـووە شتێکی بەردەوام،ئەوە بێگومان چاوەڕوانی خەشم و قینی خـوا دەکرێـت بـۆ سـەر زەوی،جا خووگرتن بەتاوان وپەشیمان نەبوونـەوە لێـی کردارێکـی ناپەسـەندوجێی خۆشحاڵی شەیتانە،هەروەها شوێنی گرتنەوەی تاوانیش زیاتر ناو دڵەکانە،هەرکات جێی خۆی کردەوە لەناو دڵدا ئیبلیس ودارودەستەکەشی لە پیلاندانانـدان بۆی،تـا بـەوەی ڕاپێـچی نـاو دۆزەخـی بکـەن و کۆتـایی تەمـەنی بەخراپـە بهێنن،کەواتـە ئیستاباهەریەك لەخۆمان بپرسـین ئەوەبۆچـی دڵ هەنـدێك جـار بـە (قلـب)هـاتووە بێگومان وەڵامەکەی زۆرئاسانە،زانایان ڕەحمـەتی خوایـان لێبێـت دەفـەرموون:دڵ سـیفەتێکی هەیەئـەویش ئەوەیـەزوو هەڵدەگەڕێتـەوە بۆیـە پێـی دەوترێـت قلب.پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت:( دڵی نـەوەی ئـادەم لـەو شـلەیەی کـە لـەناو دەفرێکدایـە دەکوڵێـت و ئـەم دیـوو دیودەکات،تونـدترو خێراتـر ئاوەژوودەبێـت و هەڵدەگەڕێتەوە)[2]تاوان بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم چوونەبەهەشـت وکۆتـایی هـاتنی تەمـەن بەچـاکە،بۆیە پێغەمبـەری ئازیزمـانﷺلەفەرموودەیـەکی تـردا

---

(١) رواه البخاري (١٣٦٥)

(٢) **بڕوانە:** سلسةاحاديث الصحيحة (١٧٧٢).

**دەفەرمویت:** (إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا أَخْطَأَ خَطِيئَةً نُكِتَتْ فِي قَلْبِهِ نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ فَإِذَا هُوَ نَزَعَ وَاسْتَغْفَرَ وَتَابَ سُقِلَ قَلْبُهُ وَإِنْ عَادَ زِيدَ فِيهَا حَتَّى تَعْلُوَ قَلْبَهُ وَهُوَ الرَّانُ الَّذِي ذَكَرَ اللَّهُ{ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ )[1] **واتە: هەرکاتێك بەندە کەوتە ناوتاوانەوە،ئوە یەکسەر خاڵێکی ڕەش لەسەر دڵی دروست دەبێت،جا ئەگەر لەوتاوانە پەشیمان بووەوداوای لێ خۆشبوونی لە خوا کردوگەڕایەوە ئەوە خاڵە ڕەشەکەش لەسەر دڵی دەسڕێتەوەو نامێنێ،بەلاّم ئەگەر هەر بەردەوام بوو لەسەر تاوان و دەگەڕایەوە سەری ئەوە وردە وردە ئەو خاڵە گەورە دەبێت و تاوای لێدێت هەموودڵی داگیر دەکات وئیتر ئەو پەردەیە دەدرێت بەسەر دڵیدا کە خوای گەورە دەدەفەرموێت:** كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ (١٤)المطففين **واتە:نا وانیە،بەڵکو ئەوەی دەیانکرد لەخراپەو تاوان هەر بەوهۆیەوە خوای گەورە پەردەی هێنا بەسەر دڵیاندا** (قال الحسن: هو الذنب على الذنب حتى يموت القلب. قال ابن عباس: "ران على قلوبهم" طبع عليها)[2] **پێشەوا حەسەن(ڕەحمەتی خوای لێبێت)دەفەرموێت: واتە تاوان لەسەر تاوان ئەنجامی دەدەن تاکو مردن دەگاتە سەریان، پێشەوا ابن عباس(ڕەزای خوای لێبێت)دەفەرموێ:** "ران على قلوبهم" طبع عليها **واتە مۆر دەدرێت لەسەر دڵیان .جا بەبێ گومان هەرکەسیش مۆر بدرێت لەسەر دڵی بە هۆی تاوانەوەیە وەئەمەش دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ وێتایی هاتنی تەمکەن بە خراپە.**

**شەشەم-هیوا درێژی بەژیانی دونیا:**

**هیوابوون بەژیانی دونیاوکەوتنە ژێرباری ئەو خەمەوە یەکێکە لەو تاوانانەی کە خوا پەنامان بدات مرۆڤ بەرەو هەڵدێرولەناوچوون دەبات و هۆکارێکی گرنگیشە بۆ**

(١) رواه الترمذي وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (١٦٢٠) .

(٢) **بڕوانە:** البغوي تفسيرسورة المطففين: (٩ / ٢٥٣-٢٥٤ ) .

کۆتایی هاتنی تەمەن لەسەرئەوخراپەیە،جا هەرکەسێك کەوتەنیو ئەم گێژاوەوە ئەوە دەبێت دوا ڕۆژی خۆی بهێنێتە پێش چاوکە دوایی خۆی پەشیمانە لەسەر ئەوەی بۆچی هەمووغەم و پەژارەی دونیاو کارکردن بووە بۆژیانی دونیاو دواڕۆژی فەرامۆش کردووە،بەڕاستی ئەم ژیانی دونیایە کە چاوی زۆرێك لە مرۆڤەکانی کوێر کردووە لەئاست بینینی پاداشت و نازو بەخششەکانی خوای گەورە لەو ژیانەی تر کە دوڕۆژەوبەردەوامیش هەڵی خەڵەتاندون وتەنها سەرقاڵی سەروەت و سامان و جوانی و ڕازاوەییەکەی کردوون،ئەویش بە هاوکاری و دەست بارگرتنی شەیتانی لێزان و فێڵباز ئیبلیس ی نەفرەت لێکراو،خوای گەورەو میهرەبانیش دەفەرموێت: ﴿ مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ (١٥) أُولَئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ إِلَّا النَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا فِيهَا وَبَاطِلٌ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾هود١٥-١٦واتە:هەرکەسێك تەنهاژیانی ئەم دونیایەوجوانی وڕازاوەییەکەیی وبەرق وبریقی ئەوی بویٚ،وەپاشەڕۆژی پشت گویٚ بخات،ئەوەئێمەش هەرلەدونیادا بەتێروتەسەلی هەموئەوهەوڵ وکۆششەی کەکردویەتی وەك سەردانی خزمان وچوون بۆلای نەخۆش وقسەی زل کردن تیایدا .دەدوینەوە بەتەندروستی وڕۆزی پێدانی ودەرکردنی ناووشۆرەتی دونیایی بەمەرجێك هیچیی لێکەم ناکەینەوە وەك خۆی پاداشتی دەدەینەوە بەڵام ئەوانەی لەدواڕۆژدا جگە لەئاگری دۆزەخ هیچ بەشێك و بەهرەیەکیان نییە ؟!وەهەر هەوڵ و چاکەیەك کەلەدونیا کردبێتیان هەمووی بەفیڕۆ چووە هەر لە دونیادا ،وەبەناڕەواو پەچ ڕۆیشت ، هەروەها پێغەمبەر خوا ( ﷺ )دەفەرموێت ( فَوَاللَّهِ مَا الْفَقْرَ أَخْشَى عَلَيْكُمْ وَلَكِنِّي أَخْشَى أَنْ تُبْسَطَ عَلَيْكُمْ الدُّنْيَا كَمَا بُسِطَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ فَتَنَافَسُوهَا كَمَا تَنَافَسُوهَا

وَتُهْلِكَكُمْ كَمَا أَهْلَكَتْهُمْ)(١) واتە:سوێندبەخوا لە هەژاری ناترسم کە توشی ئێوە بێت، بەڵام دەترسم دونیا بڕژێت بەسەرتانداو دەرگای خۆشیەکانتان بۆ بکاتەوە وەك چۆن کرایەوە بۆگەلانی پێشوو ، وەئێوەش پێشبڕکێی لەسەر بکەن وەك چۆن ئەوان پێشبڕکێیان لەسەرکرد،وەلەناوتان بەرێت وەك چۆن ئەوانی لەناو برد.ڕەحمەتی خوا لەزاناوپیاوچاك شێخ حەسەنی بەصری کەدەفەرموێت:( لاتخرج نفس إبن ادم من االدنيا إلابحسدات الثلاث: إنه لم يشبع مما جمع و لم يدرك ما أمـل ، و لم يحسن الزاد لما يقدم عليه )(٢) واتە:گیانی نەوەی ئادەم دەرناچێ لەلاشەی لە دونیادا مەگەرسێ ئاخ هەڵدەکێشێت:تێرناخوات لەوەی کۆیکردوەتەوە،وەنەگەیشتووە بەوەی کەهیوایەتیەتی، وە زادو توێشووی باشی هەڵنەگرتووە بۆ ئەو ڕۆژەی لەسەر پێیەکانی دەوەستێت .

**حەوتەم**- دواخستنی تەوبە :

تەوبە کردن و گەڕانەوە بۆ لای خوا پێویستە لەسەر هەموو بەندەیەك ، جاتەوبە کردن لەسەرئەنجامدانی هەموو تاوانێك پێویستە وە پەیوەست نیە بە تەنها کاتێك یان شوێنێك تاوانێك ، بەڵکو هەمیشە پێویستە بگەڕێیتەوە بۆلای خوای گەورە و داوای لێخۆشبون و لێبوردنی لێ بکەیت ، جا تەوبە کردن خۆی لە خۆیدا گۆڕان و دیواو دیو کردنی بەندەیە لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر ، بۆیە ئەم جۆرە تەنها بە وتەو قسەی سەر زار نابێت ، بەڵکو دەبێت کۆچ بکەی لە تاوانەوە بەرەو بەندایتیەکی ڕاستەقینە ،هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ النور(٣١) واتە /ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بگەڕێنەوە بۆ لای خواو تەوبە بکەن،هەمووتان وە لەهەموو ئە تاوانانەی

---

(١) رواه البخاري(٤٠١٥)مسلم(٧٦١٤) .

(٢) **بڕوانە**: حلية الأولياء (٢٧٢/٦) و ذم الدنيا ٢٧٥) .

کــە گــەورەو بــچوکن بــۆ ئــەوەی ڕزگارتــان بێــت لــە ســزای خــواو ســەرفرازی دواڕۆژبن.هەر بۆیە قەدەغەیە دواخستنی تەوبە وە خۆ هەڵخەڵەتاننە پـێش هـەموو شتێك وە بە گوێ کرتن لە شەیتانیشە لە هەمان کاتدا ، بۆیە خوای گەورە بەزەیی بێتەوە بە حـاڵی مـن و تۆشـدا، ئـەی بەنـدەی خـوا نەکـەی تەوبـە دوا بخـەیت ؟! ئەزانی بـــۆ ؟؟ چونکە تۆ نازانیت کەی دەمریت لەوانەیـە زۆر نزیـك بێـت کـاتی گەڕانەوەی یەکجاریت بۆلای خوا،بۆیەزووتەوبەبکە،پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت : ( إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَيَقْبَلُ تَوْبَةَ الْعَبْدِ مَا لَمْ يُغَرْغِرْ )(١)واتــــە: خــوای گــەورە تەوبـەی بەندەکەی وەردەگرێت پێش گەیشتنی بە غەرغەرەی گیان کێشان ، واتە تاپییێش ئەوکاتــە وەردەگیرێــت دوایــی ســودی نیـــە . هــەروەها لــە فەرمودەیــەکی تــردا دەفەرموێت :( التَّائِبُ مِنْ الذَّنْبِ كَمَنْ لَا ذَنْبَ لَهُ)(٢) واتــە: ئـەو کەسـەی کـە تەوبـە دەکات لە تاوان ، وەك ئەوو وایە کە هیچ تاوانێکی نەکردبێت .

**هەشتەم**- ئافرەتانێك بەپـۆشـکی تەسـك وتەنـك وکورتــەوە بمرێت.

بەڕاستس چینی ئافرەتان تەنها مافیان لە ژێرسایەی دینی ئیسلامداپارێزراوەورێزو پلـەو پایـەیان هــەر لەوێـدا بۆدیـاری کراوە،هــەر بۆیــە ئــافرەتیش وەك هــەموو دروستکراوەکانی خـوای گـەورە خـاوەن سـیفەت و جـوانی و ناسـکی و لاشـەیەکی تایبەتیە کە تەنها خوای گەوورە خۆی دەزانێت چۆن دەبنە جێی سەرنجی پیاوان، جا دوژمنانی ئیـسلام و بەرنامـە پیرۆزەکـەی خـوا بـەردەوامن لـە سیلان گێـڕان و بەرنامە بـۆ دارڕشـتن تـا وا لـەو ئافرەتانـە بکـەن کـە ببنـە هـۆی لەخـشتە بـردن و ترازاندنی ڕەگەزی بەرامبەر ئەویش بە لەکەدار کردن و ناو زڕانـدن وبلاوکردنـەوەی جۆرەهــا جــل و پۆشــاکی ناشــەرعی و ســەرنج ڕاکێــشەر تــا ئافرەتــانی پــێ

(١) رواه احمد والترمذي وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (١٩٠٣) .

(٢) رواه ابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٣٠٠٨) .

هەڵبخەڵەتێنن و لەو ڕێگایەوە مەرازە گڵاوەکانی خۆیـان بهێننـە دی،هەربۆیـە بـەم جل و بەرگە بەناو داپۆشەرەوە کەوتوونەتـە نـاو زۆنگـاوو ڕەشـاوی چـاولێ کـەری ڕۆژئاواو دوژمنانی خوا،وەبەداخیشەوە دەڵێم لە وڵاتی خۆشمان دەستەو تـاقمێکی چاوچنۆك و بەچکە جولەکەو شوێن کەوتوانی هەن کە شەوو ڕۆژیان خستۆتە سـەر یەك بۆ دوورین و بڵاو کردنەوەی ئەم جۆرە جلانەسەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێکیش هــەن خــەریکی ڕازاندنــەوەو نمــایش کردنــی ئافرەتــانن و شــەرم و شــکۆیان نەماوەوئافرەتانی نیـوە ڕووت بەرهـەم دەهێـنن لـە کاتێکدا کۆمەڵگـە چـاوەڕوانی شتی باشترو چاکتر دەکات لەوانە،بۆیە لێرەوە ئەو فەرموودەیە دەدەین بـە گـوێی هەموو خوێنەروگوێگرێك کە خۆشەویستمان ﷺ دەفـەرموێت: ( صِنْفَانِ مِنْ أَهْـــلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّـــاسَ وَنِـــسَاءٌ كَاسِـــيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ لَا يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلَا يَجِــدْنَ رِيحَهَا وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا)(١) واتە: دوو کۆمەڵ هەن کە من نـەیانم بینیوە ئەوانـە لـە ئـەهلی ئـاگرن و دوەچـنە دۆزەخەوە،کۆمـەڵێکیان بـریتین لـە و کەسانەی کە پیشەیان ئازاردانی خەڵکی یە بە قامچی کە لە شێوەی کلکی مانگـا دەچێت و لـە خـەڵکی پێـدەدەن،وە کۆمـەڵی دووەم ئافرەتـانێکن کـە پۆشـاکیان لەبەردایـە بـەڵام ڕووتیـشن،(پۆشـتە ڕووتـەکان)وە ئەوانـە بـەوە ناوەسـتن کـە هــەرخۆیان وابــن بــە ڵکــو هــانی ئافرەتــانی تــریش دەدەن کــە بێنــە پێڕیانەوە،وەبـەڕێگادا بەلەنجـەو لار دەڕۆن تـا سـەرنجی بەرامبـەر ڕابکێـشن،ئەو جۆرە ئافرەتانە قژیان دەبەستن و گلۆڵەی دەکـەن و لـەبان سـەریان دەیبەسـتن و کـۆی دەکەنـەوە هـەروەك کۆپـارەی بـان پـشتی حوشـتر،جا ئەمانـە ناچـنە

---

(١) رواه مسلم (٧٣٧٣) .

بەهەشتەوە،وەبۆنی بەهەشتیش ناکەن،کەبۆنی خۆشی بەهەشت چەندەها ساڵە ڕێ دەڕوات.یاخود لەفەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت: (ثَلَاثٌ لَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يَنْظُرُ اللَّهُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الْعَاقُّ وَالِدَيْهِ وَالْمَرْأَةُ الْمُتَرَجِّلَةُ الْمُتَشَبِّهَةُ بِالرِّجَالِ وَالدَّيُّوثُ)(١) واتە: سێ جۆر لە خەڵکی ناچنە بە هەشتەوە وەخوای گەورەش لەڕۆژی دوایدا تەماشایان ناکات،ئازاردەری دایك و باوك،ئافرەتانێك کە کە ڕووتن و لە پۆشاکدا لاسایی پیاوان دەکەنەوە،وەکەسانێك کە دەیوپن واتە پیاوانێکن کە بەتەنگ ئافرەتان وخێزانەکانیانەوە نایەن،لەڕووی ڕەوشت و هەڵسوو کەوتەوە.

**نۆیەم**:چوونە لای جادووگەران و بڕوابوون پێیان

جادووگەران و فاڵچی و ئەستێرە گرەوەکان هەموویان دەکەونە بر هەڕەشەی خوای گەورەومیهرەبان،وەتۆڵەو سزای بە ئازاۆیان هەیە لە دوا ڕۆژدا،چونکە ئەوانە بێ بڕوابوون بەو خوایەی کە تەنها دەسەڵات وزانینی شتە نادیاروپەنهانەکان شایستە بە خۆیەتی ،وەهیچ کەیسش ناتوانێت غەیب بزانێت تەنها خوای گەورە خۆی نەبێت،وەهەر خۆشی بڕیاردەرو ژیێنەرو مرێنەرو دروستکەرە،وەك دەفەرموێت:عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَى غَيْبِهِ أَحَدًا (٢٦) الجن واتە:تەنها خوای گەورەو میهرەبان خۆی زانایە بە شتە نادیارو غەیبەکان،وە بە هیچ جۆرێك شتە نادیارو غەیبیەکان بۆ هیچ کەسێك دیار ناخاتو ئاشکرا ناکات،جگە لە پێغەمبەرانی خواﷺجا کەسانێك هەن دەچنە لای ئەو جادووگەرانەوبڕوایان پێ دەهێنن وخۆیان لە دینی ئیسلام بێ بەری دەکەن (پەنا بەخوا) بەوەی کە گوایە شتە نادیارەکانیان پێ دەڵێن و دڵیان خۆش دەکەن بەڵام خۆی لە ڕاستیدا وانیە بەڵکو قورئان دەفەرموێت سَحَرُوا أَعْيُنَ النَّاسِ وَاسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَاءُوا بِسِحْرٍ عَظِيمٍ (١٦)

---

(١) رواه أحمد والنسائي والبزار والحاكم وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (٢٠٧٠)

الاعـراف واتـه:جادووگـەران بـەو جـادووەی دەیکـەن خـەڵکی پـێ هەڵدەخـەڵتێنن، وەخەڵکی پێ چاوبەست و چەواشە دەکەن،وەخەڵکانیش دەترسن و ترس دەچێتە دڵیانەوە، هەروەها پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت: (مَنْ أَتَى كَاهِناً أَوْ عَرَّافاً فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ)[1]واتە: هەرکەسێك بچێتە لای جادووکـەرێك یان فاڵچیەك یـان کاهینێك،وەبـاوەڕی پـێ بکـات وە بـەوەی کـە دەیڵـێ بەڕاسـتی بخاتەوە ئەوە بێ باوەڕبووە بەو قورئانەی کـە دابەزیوەتـە سـەر پێغەمبـەری خـوا موحەممەدﷺ یان لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: (مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَـنْ شَيْءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً)[2] واتە:هەرکەسێك بچێتە لای فاڵچیەك و پرسیاری لێ بکات دەربارەی شتێك و باوەڕیشی پێی هەبێت،ئەوا بۆ ماوەی چل شەو نوێژی لێ وەرناگیرێت،واتە ئەگەر لەو ماوەیەدا بمرێت ئەوە بەبێ باوەڕی سەر دەنێتـەوە پەنا بە خوا.کەوتە چوونە لای فاڵچی و جادوو گەر هۆکان بۆ کۆتایی هاتنی تەمەن بە خراپە.

**دەیەم**:باوەڕنەکردن بەقەزاو قەدەری خوا و ڕق لێ بوونەوەی.

بێگومان قەدەر یەکێکە لە بنچینەکانی بـاوەڕبوون بـە خـوا وەبەشـێکی گرنگیـشە لەشەش پایەکە لەلای پێشەوایانی ئەهلی سوننەو جەماعە وە بەبێ باوەڕبوون بـەو پایەیـە باوەڕدانامەزرێت،وەباوەڕبوونـە پێـی بـە خـەیرو شـەڕیەوە،وەك ئـەوەی پێویـستە مـرۆڤ لەهـەمووکات وسـاتەکاندا خـۆی تەسـلیمی قـەدەری خـوا بکات،هـەروەك قـەدەر خـۆی بریتیـە لـەو یاساوڕێساو بەرنامـە تۆکمەیـەی خـوای گەورە خۆی دایڕشتووەو بوونەوەری لێ دروست کردووە،وە مرۆڤ و جـن و هـەموو

---

(١) رواه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (٣٠٤٧).

(٢) رواه مسلم (٥٩٥٧) .

دروستکراوەکانی بەو بەرنامەیە دەڕۆن بەڕێوە،،خوای گەورەش دەفەرموێت: إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ (٤٩) القمر واتە:ئێمە هەموو شتێکمان بەقەدەر ئەندازە ڕێژی دروست کردووەیاخود دەفەرموێ: وَكُلُّ شَيْءٍ عِنْدَهُ بِمِقْدَارٍ (٨) الرعد واتە:هەموو شتێك کەلای ئێوەیە بەئەندازەو قەدەری خوایە (ثَلاثَة لايَقْبَلُ اللَّهُ مِنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ صَرْفًا وَلَا عَدْلًا عاق وَمَنان وَمَكذُبُ بِالقَدَر)[١] واتە:سێ جۆرە کەس لە ڕۆژی دوایدا خوای گەورە نەتەوبەیان لێ وەردەگرێت وەنەفیدیەیان لێ وەردەگرێت :ئازار دەری دایك وباوك،منەت کەر بەسەر خەڵکیدا،وەبەدرۆخەرەوەی قەدەرهەروەها پێغەمبەری ئازیزمانﷺدەفەرموێت: (إِنَّهُ سَيَكُونُ فِي أُمَّتِي أَقْوَامٌ يُكَذِّبُونَ بِالْقَدَرِ)[٢] واتە: بەڕاستی لە دوای من کەسانێك دێن کە قەدەری خوا بەدرۆ دەزانن و بڕوای پێناکەن ئیمامی مناوی لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا فەرموویەتی:( أي لا يصدقون بأنه تعالى خلق أفعال عباده كلها من خير وشر وكفر وإيمان)[٣]، واتە: باوەڕیان بەوە نیە کە خوای پەروەردگار بەدیهێنەرو خالقی کردەوەی بەندەکانە لە خێرو شەڕو کوفرو ئیمان، وە پێغەمبەری خواﷺ لە فەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی: (لَوْ أَنَّ اللَّهَ عَذَّبَ أَهْلَ سَمَوَاتِهِ وَأَهْلَ أَرْضِهِ لَعَذَّبَهُمْ غَيْرَ ظَالِمٍ لَهُمْ وَلَوْ رَحِمَهُمْ كَانَتْ رَحْمَتُهُ لَهُمْ خَيْراً مِنْ أَعْمَالِهِمْ وَلَوْ كَانَ لَكَ جَبَلُ أُحُد أَوْ مِثْلُ جَبَلِ أُحُد ذَهَباً أَنْفَقْتَهُ فِى سَبِيلِ اللَّهِ مَا قَبِلَهُ اللَّهُ مِنْكَ حَتَّى تُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ وَتَعْلَمَ أَنَّ مَا أَصَابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ وَأَنَّ مَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ وَإِنَّكَ إِنْ مِتَّ عَلَى غَيْرِ هَذَا دَخَلْتَ النَّارَ)[٤] ئەگەر بهاتایە خوای گەورە هەموو ئەهلی ئاسمانەکانو ئەهلی زەوی

---

(١) رواه الطبراني وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٣٠٦٥) .

(٢) رواه احمد وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٣٦٦٩) .

(٣) **بڕوانە:** فيض القدير شرح الجامع الصغير (١٣٣/٤) .

(٤) رواه احمد وابوداود وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٥٢٤٤).

ئەشکەنجەبدایە، ئەوا ئەشکەنجەی دەدان و ستەمیشی لێ نەدەکردن، وە ئەگەر ڕەحمیشی پێ بکردنایە ئەوا ڕەحمەتەکەی ئەو باشتر بوو بۆ یان لە کردەوەکانی خۆیان، وە ئەگەر هێندەی کێوی ئوحد یش ئاڵتون لە پێناوی خوای گەورەدا سەرف بکەیت خوای گەورە لێتی قەبووڵ ناکات هەتا باوەڕ بە قەدەریش نەهێنن، وە بزانێت ئەوەی کە توشت دەبێت هەرگیز نە دەبوو توشت نەبێت وە ئەوەی کە توشت بووبێت هەر گیز نەدەبوو توشت ببێت، وە ئەگەر لەسەر هەر بیرو باوەڕێکی تر جگەلە مە بمریت ئەوا دەچیتە ئاگرەوە. وە بێگومان ئەم تاقم و دەستانە هاتنە دی وبوونیان هەبوو وەهەشە کە لەوانەن بڕوایان بە قەدەری خوا نەبە ە، لەوانەکۆمەڵی قەدەریەکان( القدرية ) کە یەکەم کۆمەڵی گومڕابوون لەدوای چینی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمانە دەرکەوتن و کەسانێك بوون کە بڕوایان بەوە نەبوو کە هەر شتێك ڕوودات قەدەری خوایە وەقەزاو قەدەریان بە ڕاست نازانی و دەیان ووت هەموو شتێك کە لە گەردووندارشوودەدات بە قەزاو قەدەری خوانیە بەڵکو ئەمانە هەمووی بە هۆی پیسی و چەپەڵی بەندەکانەوەیە،هەربۆیە ئەمانە لای ئەهلی سوننەو جەماعە لە دین دەرچوونەو ئەوانە مەجوسی ئەم ئومەتەن،هەروەك يحيى بن يعمر بە عبدالله ی کوڕی عومەری ووت:ئەی باوکی عبدالرحمن خەڵکانێك پێش ئێمە هەبوون قورئانیش دەخوێنن بەڵام گومڕان بەوەی کە دەڵێن:هەرچیەك ڕوودەدات(انـف)واتە:پێشتر تەقدیر نەکراوەو بەرنامەی بۆ دانەڕێژراوە،لەلایەن پەروەردگارەوە،وەدەڵێن خوا زانیاری پێی نەبووە بەڵکو کاتێك شتەکە ڕوویدا ئینجاخوای گەورە زانیاری پێی دەبێت،جا ابن عمر(خوالێی ڕازی بێت) فەرمووی:دەی ئەگەر تۆگەیشتی بەو جۆرە کەسانە پێیان بلێ:من لێیان بەریم وەئەوانیش لەمن بەرین،پاشان فەرمووی:سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر هەر یەکێکیان بەئەندازەی کێوی

ئوحودئالّتوونی هەبێت و لەپێناوی خوادا بیبەخشێت ئەوە خوای گەورە لێی وەرناگرێت،تاکو باوەڕی بە قەدەری خوا نەبێت بە خێرو شەڕیەوە،پاشان فەرمووی:( ان مجوس هذه الامة المكذبون بالقدر ان مرضوا فلا تعدوهم وان ماتوا فلا تصلوا عليهم وان لقيتم فلا تسلموا عليهم )(١) واتە:مەجووسی ئەم ئوممەتەئەوانەن کەقەدەری خوا بۆشتەکان بەدرۆ دەزانننجا ئەگەرئەوانەنەخۆش کەوتن مەچن بۆسەردانیان،وەئەگەر مردن نوێژیان لەسەر مەکەن،وەئەگەر لە ڕێگەیەکدا بەئەوان گەیشتن سەلامیان لێ مەکەن کەواتە زۆر کارێکی ترسناکە ئەگەر کەسێك لەسەر ئەم حاڵەتە بمرێت و بگەڕێتەوە بۆلای خوا چونکە بێ بەشە لە بەهەشتی خوا.

**یانزەهەم**:مردن لەسەر کاری داهێنراو(بدعە) زیادکردن لە دیندا.

بدعە کاری زیادکراو لەدیندا وەداهێنانی شتێك کە بنچینەی نەبێت و بەهەواو ئارەزووو بخرێتە ناو دینەوە،یان شتێك هەڵببەستی بەدەم خواو پێغەمبەری خواوەوەﷺئەوە لەدینی خوادا جێی نابێتەوەو دەدرێتەوە بەسەر خاوەنەکەیدا،سەرەڕای ئەوەش سزای خوای بۆهەیە لە دواڕۆژدا،وەهەرکەسیش لەسەرئەوکارە کۆتایی بەتەمەنی بێت ئەوە لەسەرگومڕایی مردووەوهەموو گومڕاییەکیش بۆناو ئاگری دۆزەخە(خوا پەنامان بدات)هەروەك پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت: (كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ)(٢) واتە: هەموو زیادکردنێك لە دیندا گومڕاییە وە هەموو گومڕاییەکیش بۆ ئاگری دۆزەخە. وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە پێشەوامانﷺدەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ احتَجَرَ التَوبَةَ عَلَى كُل صاحِب بِدعَة)(٣)واتە: بەڕاستی خوای گەورە تەوبەی قەدەغەکردووە

(١) **بروانە**: لمحة عن الفرق الضالة (الشيخ الدكتور صالح بن فوزان الفوزان ص ٣٢ ) .

(٢) رواه احمد ابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (١٣٥٣).

(٣) رواه البيهقي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (١٦١٩) .

لەسەر هەمووخاوەن بیدعەیەك واتەخوای گەورەومیهرەبان ڕێنمایی ئەو کەسە ناکات تا تەوبە دەکات و لەوتاوانە پەشیمان دەبێتەوە ودەست لەکاری بیدعە هەڵدەگرێت .هەربۆیە خاوەن بیدعەو زیادکەر لەدیندا هەمیشە لە خەمی زیادکردن وبەرەو پێشبردنی بەرنامە دەستکردەکەی خۆیەتی بەبێ ئەوەی گوێ بداتە هەڕەشەی خواو پێغەمبەری خواﷺدەربارەی ئەو زیادکردنانەی کە بە ناوی دینەوە دەکرێن.بۆیە ئەم کەسانە تازیاتر لەو بوارەدا هیلاك و ماندوو بن زیاتر هۆکارن بۆ ئەوەی لە خوای گەورە دوور بکەونەوە.وەمردنیش لەسەر ئەم کارە هۆکارە بۆ کۆتایی هاتنی تەمەن بە خراپە. خوای گەورەو میهرەبان هەمووان بپارێزێت و بەدوورمان بخات لە کارە بێزراوە.

**توێشووی سبەینێت هەڵگرە کە ڕێبواری سەر سەفەری**
**بەس دونیا بە کۆڵتا بدە کە نازانی بۆ کوێی بەری**
**کۆکردنەوەت بۆ خەڵکی یەو بۆ ئەوانیش تۆ کوڵ بەری**
**ڕێی توێشوودارانت دەوێ و بەتەماش نی توێشوو بەری**

**ئیمامی شافعی( ڕەحمەتی خوای لێبێت )**

# لەم چیرۆکانە پەند وەربگرە!!!

## ئەوموجاهیدەی ئافرەتێك کردی بەگاور

پێشەوا ابن الجوزي(ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت:کاتێك موسوڵمانان هێرشیان کردە سەر قـەڵای ڕۆمەکان،قەڵایـەکی زۆر گـەورە و سـەخت بوو،ئیتر ئەوەبوو گەمارۆی قەڵاکەیان دا بۆماوەیەکی زۆر وەڕێگایان لیٚ گـرتن .... لەکاتی گەمارۆکەدا ئافرەتێکی ڕۆمی لە قەڵاکەوە سەری دەرهێنـا..جـا ئـەوە بـوو کابرایەکی موسوڵمان بەناوی ابن عبدالرحیم ئەوی بینی و یەکسەر دڵـی بـۆی چـوو سەرسام بوو پێی....بۆیە ئـەمیش نامەیـەکی بۆئافرەتەکـە نـارد و نوسـیتی چـۆن دەمەوێت بتبینم ؟؟ئـەویش ووتـی زۆر ئاسـانە بـە مـەرجێك ببیتـە گـاور و پاشـان سـەرکەویتە سـەرەوە بـۆلام.....ئـیتر ابـن عبـدالرحیم چـونکە بـاوەڕی دامـەزراو نـەبوو(پـەنا بـەخوا)هـەرزوو مـل کـەچ بـوو بڕیـاری خـۆی داو بـوو بەگاوروچـووە سەرەوە،ئای چەندکەسێکی هەژارو ساویلکەیە وادەزانێت هەموو بەختـەوەری لـەو ئافرەتەدایە،جا ئـەوە بـوو موسـوڵمانان وایـان زانـی بـزر بـووەو زۆر بـۆی غـەمبار بوون....بەلاَم پاش ماوەیەکی زۆر کە موسـوڵمانان نـەیانتوانی قەڵاکـە ڕزگاربکـەن ....ڕۆیـشتن...ئـیتر هـەوالیان بۆهاتـەوە کـە ابـن عبـدالرحیم لەبـەر خـاتری فلاَنـە ئافرەت بـووە بـە گـاور....ماوەیـەکی پـیٚ چـوو ڕۆژێك موسـوڵمانان بـە تەنیـشت قەڵاکـەوە ڕۆیـشتن ابـن عبـدالرحیم یـان کەوتـەوە یـاد.....بۆیـە پرسـیاریان کـردو کەوتنە بانگ کردنی بەناوە کۆنەکەی خۆی ابن عبدالرحیم ووتیان ئەوە ئێستا ابـن عبدالرحیم چـی دەکـات ؟خـەریکی چیە؟ئەویش کـە گـوێی لەوبانگـە بـوو سـەری دەرهێنـاو ووتـی:چـیتان دەویٚ؟ئـەمانیش ووتیـان هـا ئـەوەی ویـستت دەسـتت کەوت؟ئەی کوا ئەو هەموو قورئانەی کە لەبەرت بوو؟ئەی کوا ئەو هەموو زانست و

زانیاریەت؟ئەی نوێژەکانت ؟....

ئەویش وەلأمیانی دایەوەو ووتی:هەموو قورئانم لەبیر چوٚتەوە،وەزانیاریەکەشم ڕوٚیشت،وەهیچ ئایەتێکم لە بیر نەماوە تەنها یەك ئایەت نەبێت ئەویش ئەوەیە کە دەفەرموێت:﴿ رُبَمَا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْ كَانُوا مُسْلِمِينَ (٢) ذَرْهُمْ يَأْكُلُوا وَيَتَمَتَّعُوا وَيُلْهِهِمُ الْأَمَلُ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ (٣) ﴾ **الحجر** واتە ئەوکەسانەی کەلەدینی خوا هەلگەڕانەوەوبێ باوەڕبوون خوٚزگەو ئاوات دەخوازن کە هەرموسولٌمان بوونایە،جا ئەی موحوممەدﷺ جارێ لێیان بگەڕێ و وازیان لێ بهێنە با بەئارەزووی خوٚیان ڕابوێرن وبخوٚن وبخوٚنەوە،وە سەرەنجام خوٚیان دەبیننەوەوکە چیان بەسەر دێت.

## ئەو پیاوەی بەردەوام دەیووت من لە( سەقەر ) دام

ئەم ڕووداوە ڕاستە قینەیەو لە شاری ریاز لە سەر یەکێك لە شەقامە گشتیەکانی ئەو شارە بینراوە،کە لەسەر زاری سێ گەنج ی شاهیدحالٌ گێڕدراوەتەوە کە لەو کاتەدا ئامادەبوونەو کەدەڵێن: ئێمە کاتێك لەو بەری شەقامەکەوە ڕاوەستابووین کاتێکمان زانی دوو ئوٚتوٚموٚبێل بەیەکیانداداو ڕووداوی لێکدان وتێکشکان ڕویدا،جاکاتێك ئێمەش چوینە سەر ڕوداوەکە برایەکی مرووریش گەیشتە ئەوێ،بوٚیە کە بینیتمان ناو سەیارەکە سێ گەنجی تێدا بوو دوانیان دەست بەجێ گیانیان لە دەست دابوو، بەلأم یەکێکیان مابوو لە کاتی گیاندانـدا بوو،جا ئێمەش بەردەوام ئاموٚژگاریمان دەکرد بەوەی کە بلێ لاالـة الاالله،بەلٌکو سەرفراز بێت ،بەلأم ئەو گەنجە بێ گوێدانە قسەکانی ئێمە هەردەیووت:أنا في السقر..أنا في السقر...واتە من لە سەقەردام... من لەسەقەردام ( سەقەر ناوێکە لەناوەکانی دوٚزەخ تایبەتە بەوانەی کە نوێژیان نەکردووە ) جا بەردەوام بوو تاکو مرد،دوای ئەوە برا مروورەکە لە ئێمەی پرسی ئەرێ سەقەر چی یە،ئێمە ش لە وەلأمدا وتمان ( پەنا بە خوای گەورە) لەسەقەر ئەوە شوێنێکە لە ناو دوٚزەخدا

تایبەتە بەوانەی کە نوێژیانەکردووە یان هەر لەکاتی خۆیشیدا نەیان کردووە،وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ (٤٢) قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ (٤٣) وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ (٤٤) وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ (٤٥) وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّينِ (٤٦) حَتَّى أَتَانَا الْيَقِينُ (٤٧) ﴾ المدثر ٤٢ واتە: کاتێ بێباوەڕان و تاوان باران دەخرێنە دۆزەخەوە پرسیاریان لێ دەکرێت؟ئایا ئێوە بە هۆی چی یەوە خرانە سەقەرەوە ؟ئەونیش لە وەلآمدا دەڵێ:ئێمە لە گرۆی نوێژکران نەبووین،وە ناندەری هەژارانیش نەبووین،وە لەگەڵ ئەهلی هەواو ئارەزووادابوین و گاڵتەمان بە دین و شوێن کەوتوانی دەکرد،وە ڕۆژی دوایمان بە درۆ دەزانی و باوەڕمان پێی نەبوو، تا ئەو کاتەی مردن یەخەی گرتین و گەڕاینەوە بۆ لای خوا[1] .

## گە نجێك دەیووت من کافرم بە دینی خوا

یەکێك لە زانا بەرزەکان کە ناوی (عبدالعزیز بن أبی رواد) بوو دەفەرموێت : من ئامادەبووم لای پیاوێك کە لە سەرە مەرگدا بوو، منیش پێم ووت دەی ئێستا بڵێ لاله الا الله ئەویش هەر دەیووت من بێ باوەڕم بە دینی خوا بێ باوەڕم بەو ووشەیە((پەنا بەخوا)) پاشان بەردەوام بوو لەسەر ئەو ووتەیەو تاکو گیانی دەرچو مرد،ئینجا منیش زۆر سەرم سوڕما لەو ووتەیەو پرسیارم کرد لەبارەیەوە ؟پێیان ووتم یا شێخ ئەوە کەسێك بوو کە بەردەوام سەرخۆش بوو بە عارەق،منیش ووتم لەتاوانەکانتان بترسن بەڕاستی ئەمە ڕووداوێکی ترسناك بوو[2] .

---

(١) بڕوانە: حسن الخاتمة یوسف الحج احمد( ٢٧).

(٢) بڕوانە: حسن الخاتمة یوسف الحج احمد(١٨) .

## پێش ئەوەی لەوێ لە( قیامەت )خەمی پەشیمانی بچێژیت لێرە....
## لە( دونیادا )بەئاگا وەرەوە.؟!

ئەی برای خۆم........خوشکی بەڕێزم........

بەڕاستی ژەنگ وژاری دونیاوخۆشی وڕازەوەییە کاتیەکەی دڵ ودەروون وبیرکردنەوەوژیانی مرۆڤەکانی بەتەواوی داگیرکردووە،هەورەهابیگومانین لەوەی کەسزاوتوڵەی سەخت وبەئێش لەدواڕۆژدائامادەکراوە بۆتاوان باران ویاخی بووان لەخوای گەورە،جا بەبینینی ئەوسزایە یەکسەرپەشیمان بوونەوەوپەنجەگەستن دەبێتە پیشەی ئەوانەی کەهەمیشە لەدونیادا گاڵتەیان بەباوەڕداران دەکردوبەدرۆو فڕوفێڵ وجاسوسی کردن لەسەرگەنجانی خواناس وشوێن کەوتەی بەرنامەو ڕێبازی پێغەمبەری خواﷺوەهەمیشە لەئازاردان وچاوسوورکردنەوە لەموسوڵمان کەم تەرخەمیان نەدەکرد،لەوێدا هیچیان بۆنامێنێتەوە جگە لەوەی ڕیسواوسەرشۆڕن وهەرچاوبەرەوخوارن،بەڵام داخۆ لەوێ ئەوپەشیمان بوونەوەوچاو بەرەوژێریە سوودی هەیە؟!!نەخێر نەك هەرسوودیان پێناگەیەنێ بەڵکو زیاتر شەرمەزاردەکرێن و ئینجا فەرمان دەکرێت بە ئەندامەکانی لاشەیان کە شاهێدیان لەسەر بدەن ئەو چاوەی کەتاوانی پێ ئەنجام داوە ئەودەست وپەنجەیەی کەبەنوسینە ژەهراویەکانی موسوڵمان وشوێن کەوتەی پێشەوایﷺ پێ ئازارداوە،یان هەرئەندامێك لەلاشەی بەهەرشێوەیەك ئیشارەتێکی پێ کردبێ بەمەبەستی ڕق بوونەوە لە موسوڵمانان،وەبەردەوامیش لەناڵەو هاواروشیوەندان،بەڵام هیچ لەسزاکەیان سووك نابێت،وەبەردەوام گلەیی لەهاوەڵەخراپەکانیان دەکەن کە لە ژیانی دونیادا ڕێگای ڕاستیان لێ ون کردن و ڕاپێچی ڕێگای خوارو شەڕو بەرەو هەڵدێریان بردن،جاکەواتە پێش ئەوەی لەوێ

پەشیمان ببیتەوە لێرە بەئاگا وەرەوەو پەلەبکەو تەمەنیش کەمی ماوە خێراکەو بگەبەکاروانی پڕسەروەری پێغەمبەران و هاوەڵان وشوێن کەوتوانی ئەم بەرنامە پیرۆزو پڕبەرەکەتە،نەکەی سەرمایەی ژیانی دونیات بگۆڕیتەوە بەچەند خۆشیەکی کەمی بڕاوە،وەبشزانە ئەی ئەوکەسەی تاکو ئێستا لەسەرپێچی خوای گەورەدایت وبەردەوامیت لەسەرئەنجام دانی تاوان ئاخرنازانی تۆ بەندەی خوایەکی کەهەموو ژیانت بەدەست ئەوە ؟ئەی نازانی ڕۆژی بەیانی و ئێوارەت هەرلەسەر ئەوە ؟بڕوانە دەورووبەرت توخوا چەندکەس لە هاوڕێ نزیکەکانت کە لە گەڵتا بوون یان هەرنەبێت ناسیارت بوون یان خزمت بوون ماڵئاواییان لێ کردی؟؟!!ئەی چیان لێ هات؟؟دەکەواتە بەئاگا وەرەوەچونکە هیچ کەسێك نیە لەدونیادا هەڵەنەکات،بەڕاستی هەمووکەسێك شایەنی هەڵەیە،بەلأم باشترین کەس ئەوانەن کەدان بەهەڵەکانیاندا دەنێن و پاشگەزدەبنەوە لێی و بۆ هەتاهەتایی ڕوودەکەنەوە ئاینی پیرۆزی ئیسلام،وەبشزانە تەوبە کاتێکی دیاری کراوی هەیە ئەویش تاکاتی سەرەمەرگە.کەواتە ئێستاهەمووان لەچاوەڕوانی مردندا ژیان بەسەر دەبەین،خوای گەورەش دەفەرموێت:﴿ وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنْصَرُونَ (٥٤)﴾(الزمر)واتە:بگەڕێنەوە بۆلای خواو مل کەچ بن بۆفەرمانەکانی،پیش ئەوەی تووشی سزای خوایی بن،پاشان کەسێك نەتوانێت سەرتان بخات وبەرگریتان لێ بکات.کەواتە تەوبەو گەڕانەوە بۆباوەشی ئیسلام باشترین هۆکارە بۆئەوەی مرۆڤ دڵنیابێت لە کۆتایی تەمەنی،پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێت: (جَعَلَ بِالْمَغْرِبِ بَابًا عَرْضُهُ مَسِيرَةُ سَبْعِينَ عَامًا لِلتَّوْبَةِ لَا يُغْلَقُ مَا لَمْ تَطْلُعْ الشَّمْسُ مِنْ قِبَلِهِ وَذَلِكَ قَوْلُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ)[1] واتە:خوای گەورە دەرگای تەوبەی کردۆتەوە بۆبەندەکەی تاکو تەوبەبکات لەڕۆژئاواوە کەپانیەکەی ٧٠ساڵە ڕێ

---

(١) رواه الترمذي وابن ماجه وصححه الشيخ الالباني في صحيح مشكاة المصابيح (٢٣٤٥) .

یە،ئەودەرگایــە داناخرێــت وبــەردەوام کراوەیــە تائەوکاتــەی ڕۆژلــەڕۆژئاواوە هەڵنــەیات.ئــەوەش وتــەی بــەڕێزی خــوای گەورەیــە.هــەورەها باشــترین سەرمایەودەستکەوتێك کەمرۆڤ هەیبێت بۆدواڕۆژ بریتیە لەپەشیمان بوونەوە،پێش ئەوەی کۆچبکات بۆئەویێ،وەکەسی تێگەیشتووژیرئەوکەسەیەکە نامەی کردەوکانی دەڕازێنێتەوە بەکردەوەی چاك و جوان،چونکە ڕۆژێك دادێت کەنامەی کردەوەکـان ئاشـکرا دەکرێـت ،کەسـی عاقـڵ و ژیـر ئەوکەسـەیە کـە بەردەوامـە لەسەرزەنـشت کردنی نەفسی،وەکردەوەش ئەنجام دەدەات بۆ دوای مردنی،وەکەسی بێ عـەقڵ و کەم فامیش ئەوکەسەیە کە شوێن هەواو ئارەزووەکانی کەوتووەو هیچ کردەوەیەك ئــەنجام نــادات و بەتــەمای خــوای گەورەشــە ڕزگــاری بکــات.پێغەمبــەری خواﷺلەفەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت: خوای گەورە دەفـەرموێت:( قَـالَ اللَّهُ يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ مَا دَعَوْتَنِى وَرَجَوْتَنِى غَفَرْتُ لَكَ عَلَى مَا كَانَ فِيكَ وَلاَ أُبَالِى يَا ابْنَ آدَمَ لَوْ بَلَغَتْ ذُنُوبُكَ عَنَانَ السَّمَاءِ ثُمَّ اسْتَغْفَرْتَنِى غَفَرْتُ لَكَ وَلاَ أُبَالِى يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ لَوْ أَتَيْتَنِى بِقُرَابِ الأَرْضِ خَطَايَا ثُمَّ لَقِيتَنِى لاَ تُشْرِكُ بِى شَيْئًا لأَتَيْتُكَ بِقُرَابِهَا مَغْفِرَةً)[1] واتـە: ئەی نەوەی ئادەم تاکو تۆ هاوارم بۆبکەیت و داوام لێ بکەیت، ئەوە منیش لەوەی کەردووتە لێت دەبوورم وەباکیشم پێی نیە،وەئەی نەوەی ئادەم ئەگەر تاوانەکانت هێندە زۆربێت کە بگاتە ناو هـەورەکانی ئاسمـان و،بـەڵام دان بنێـی بەتاوانـەکانت وزووتەوبەبکەیت وبگەڕێیتەوە بەتەواوی وەداوای لێخۆشبوونم لێ بکەیت ئەوە لێت دەبوورم،ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر پڕبەپڕی زەوی تاوان ئـەنجام بدەیت،بـەڵام زوو بگەڕێیتەوەو پەشیمانی دەربڕیت زوو،ئەوە من لێت خـۆش دەبم،بەمـەرجێك هـیچ شەریك وهاوەڵێکت بۆبڕیارنەدابێتم.

(١) رواه الترمذي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٤٣٣٨) .

**ئەی خوشك وبرا نامۆو غەرییەكان﴿ موژدەی بەهەشت ﴾ ی خوا بۆ ئێوەیە.**

ئـەی ئەوكەسـەی لەسـەر دینی خـوای گـەورە بـەردەوامن و لەمپـەرو ڕێگرەكـانی ڕۆژگاری سەردەمی نەفامی و شـوێن كەوتنـە ئارەزووەكـان ناتـان خەڵەتێنیّ،ئـەی ئـەو كەسـانەی خۆشـبەختی ونـازو بەخشـشی كۆتانـەهاتووی دوا ڕۆژ ناگۆڕنـەوە بەژیانێكی كاتی وپڕ لەئازارو كێشە،ئەی ئەوانەی سەرفرازی و بەختەوەریتان پێش هەموو لایەنە ماددی و شتە دونیاییەكان خستووە،موژدە بۆهـەمووان ئـارام بگـرن لەسـەر هـەموو ئـەو بـەلاّو ناهەموارییانـەی كـە دێنـە ڕێگـا دڵنیـابن دواڕۆژ هەربۆئیسلامەوهەرموسوڵمانان شایەنی باشتر بەڕێوەبردنی یاساو دەستووره بـیّ هەڵەو بـیّ كـەم و كوڕیركـەن كـە ئـەویش(( قورئـانی پـیرۆزە ))بۆیـە بـزانن خـوای گەورەو میهرەبـان دەفـەرموێت:﴿ يَا عِبَادِ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ وَلَا أَنْتُمْ تَحْزَنُونَ (٦٨) الَّذِينَ آمَنُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا مُسْلِمِينَ (٦٩) ادْخُلُوا الْجَنَّةَ أَنْتُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ تُحْبَرُونَ (٧٠) يُطَافُ عَلَيْهِمْ بِصِحَافٍ مِنْ ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنْفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ وَأَنْتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (٧١) وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٧٢) لَكُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِنْهَا تَأْكُلُونَ (٧٣) ﴾ الزخـرف واتـە ئـەی بەنـدەكانم ئەمڕۆئیترخـەم وترس وبیمێكتان نابێت ودڵ گرانیش نابن،جائێوە ئەوانە بوون كەموسوڵمان بـوون و بڕواتـان هێنـابوو بـە نیـشانەو بەڵگـەكانی خـوای گـەورە،دەی فـەرموو بڕۆنـە بەهەشـتەوەو خۆتـان و هاوسـەرەكانتان خۆتـان و ئەوانـەتان كـە هاوبـاوەڕبوون و خواناس بوون،جا بخۆن و بخۆنەوەو لەسەر سینی و سفرەی ڕازاوەی ناو بەهەشت و كـوپی ئـاڵتوونی وئـەوەی خۆتـان ئـارەزووی دەكـەن و دڵتـان داوای دەكـات وەئەوەی كە چاو ئارەزووی بینینی دەكات وە بۆ هەتا هەتایش تیایـدا بمێننـەوەو پیرۆزتانبێت،ئا ئەو بەهەشتەی كە ئێستا ئێوە بوونەتە خاوەنی وە بووەتە میراتی شایستە ئێوە،ئەویش بە هـۆی ئـەو كـارو كـردەوە چاكانەی كـە خۆتـان لەسـەری

ماندوو دەکرد و بەردەوام بوون لەسەری، دەبخۆن لەو میوەهاتە هەمەجۆرانەی کە بۆتان ئامادەیەو بەردەوامە بۆتان بەبێ کەم بوونەوەو تەواو بوون.بەڕاستی تەنها خوای گەورە دەتوانێت ئا بەو شێوەیە وەسفی ڕازاوەیی بەهەشت وخواردن و خواردنەوە بەتام وخۆشەکانی بکات،وە مرۆڤیش تامەزرۆی ئەو دیدارە خۆشە بکات،کەواتە زۆر پێویستە ئاگاداربین چونکە ئەو نازو خۆشیە هەروا بە سانایی نایاتە دەست و مرۆڤ لێی بەهرەمەند نابێت،ئەوە بۆ نامۆکانە ئەوە بۆ غەریبەکانە کام غەریب و نامۆ؟؟ئەوانەی کە پێغەمبەری خواﷺلەوەسفیاندا دەفەرموێت: ( بَدَأَ الإِسْلاَمُ غَرِيبًا وَسَيَعُودُ كَمَا بَدَأَ غَرِيبًا فَطُوبَى لِلْغُرَبَاءِ)[١] واتە: دینی ئیسلام سەرەتا بە نامۆیی دەستی پێ کرد، وە هەر بەنامۆیش دەگەڕێتەوە، جا موژدە بۆ هەڵگرانی ئەم دینە لە کاتێکدا کە نامۆشن.بەڵێ بەڕاستی جوانە سبحان الله موسوڵمانان سەرەتای دینداریان نامۆ بووەوهەربەوەش دەستیان پێ کرد،وەهەرواش هات تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان کە بەچاوی سەر دەیبینین و بە گوێمان دەیبنیستین،لێرەو لەوێ جیاوایان زۆرە چونکە ئەوان شوێن ئارەزوو کەوتوون و موسوڵمانیش خۆی لێ دەپارێزێت،ئەوان فەرمان بەخراپەدەکەن و موسوڵمان بەچاکە،ئەوان حەرام دەخۆن ودەخۆنەوەوموسوڵمان پێچەوانەیان دەکات،ئەوان گوێ بیستی مۆسیقاو گۆرانی چاوشە بێ نرخەکان دەبن و موسوڵمان گوێبیستی قورئان وسوننەت و وانە شەرعیەکان دەبێت،ئەوان ڕادەبوێرن وماڵ و سەروەتی دونیاوریباودزی پیشەیانە موسوڵمانیش نامۆو دوور لە مانە ژیان دەبەنە سەر،جا ئێستا گرنگ نیە،بەڵکو دواڕۆژگرنگەو ئەوێ ڕۆژی جیاکەرەوەی ڕاستی و ناڕاستیە،نامۆکان بەرەو بەهەشت و ئارەزوو پەرستانیش بەرەو دۆزەخ.هەروەها پێغەمبەری

---

(١) رواه مسلم (٣٨٩) .

خواﷺدەفەرموێت: (فَإِنَّ مِنْ وَرَائِكُمْ أَيَّامًا الصَّبْرُ فِيهِنَّ مِثْلُ الْقَبْضِ عَلَى الْجَمْرِ لِلْعَامِلِ فِيهِنَّ مِثْلُ أَجْرِ خَمْسِينَ رَجُلًا يَعْمَلُونَ مِثْلَ عَمَلِه، قِيلَ يَا رَسُولَ اللَّه: أَجْرُ خَمْسِينَ رَجُلاً مِنَّا أَوْ مِنْهُمْ قَالَ: بَلْ أَجْرُ خَمْسِينَ مِنْكُمْ)[1] واتە: لەپاش ئێوە ڕۆژگارێك دادێت بەسەر نەوەكەمدا كە ئارام گرتن لەو ڕۆژەدا وەكو ئەو كەسەوایە كە پشكۆیەكی سوورەوە بوو بگرێت بەناو دەستی،وەئەو كەسەی لەو ڕۆژگارەدا كرداری چاكە ئەنجام بدات خێرو پاداشتی پەنجا كەسی هەیە،ئەگەر وەك ئەوكارەی ئەوبكات واتە ئارامی لەسەر بگرێت،وتیان ئەی پێغەمبەری خواﷺخێری پەنجا كەس لە ئێمە یان لە خۆیان ،فەرمووی بەڵكو خێری پەنجا كەس لەئێوەی هاوەڵان

**ئایا تاكو ئێستا بەم شێوەیە لەنەفسی خۆت پرسیوەتەوە؟**

١–ئایا لەو تەمەنە زۆرەی ژیانت كەبەسەرت بردووەبۆتەنهاجارێكیش لەنەفسی خۆت پرسیوەتەوە؟

٢–ئایا لەوبەرنامەیەی كەهەڵت بژاردووەوكردوتە سەرمەشقی خۆت تائێستا قوربانیت لەپێناویداداوە؟

٣–ئایا لەخوا ترسانەكەت وای لێ كردووی كە لەنهێنی وئاشكرادا وەك یەك خواپەرستی؟

٤–ئایاڕۆژێك لەڕۆژان لەیەكێك لەئەندامەكانی لاشەت پرسیوەتەوە لەكاتی ئەنجام دانی تاوانێكدا پێی؟

٥–ئایاهەوڵت داوە لەزانستی شەرعیدا پشت بەسەرچاوەی پاك و بێگەرد ببەستی؟

٦–ئایاخۆت لەریزی كام لەمانە دەبینیتەوە(دەوڵەمەندێكی دڵ تێر،هەژارێكی قرچۆك،نەخۆشێكی ئارام گر)؟

---

(١) رواه أبو داود وابن ماجه والترمذي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب( ٣١٧٢) .

٧–ئایا لەخۆت پرسیوەتەوە کە لـەڕۆژی دواییـدا خەسـارەتمەندترین کـەس لـەکردەوەدا کێیە؟

٨–ئایابانگەوازەکەت بەگوێرەی سوننەتی پێغەمبەری خواﷺ بووە؟

٩–ئایاخۆشەویستی ورق لێبوونەوەت(الولاء والبراء)ت تەنها لەپێناوی خوادا بووە؟

١٠–ئایا کاتێك شتێکت بەخشیبێت هەستت نەکردووە پێت خۆشبێت باست بکرێت؟

١١–ئایا چەند جار پەنات گرتووە بەخوا لـە فیتنـەی هەڵگەڕانـەوە لەسـەر دینی خـوا و بەرنامە پیرۆزەکەی ؟

١٢–ئایابەتەواوی خۆت ئامادەکردووە کـە لـەناو گـۆڕدا ڕووبـەڕووی هـەردوو مەلائیکـەی بەڕێز(نەکیرومونکەر)بیتـەوە،یان چیت ئامـادەکردووە بۆئەوکاتـەی لێـت دەپرسـرێتەوە دەربارەی باوەڕبوون؟

١٣–ئایا تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەت خوێندوّتەوە﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ آَمَنَّا بِاللَّهِ فَإِذَا أُوذِيَ فِي اللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ النَّاسِ كَعَذَابِ اللَّهِ وَلَئِنْ جَاءَ نَصْرٌ مِنْ رَبِّكَ لَيَقُولُنَّ إِنَّا كُنَّا مَعَكُمْ أَوَلَيْسَ اللَّهُ بِأَعْلَمَ بِمَا فِي صُدُورِ الْعَالَمِينَ (١٠).

١٤–ئایا بەدوای هۆکارەکانی بەردەوام بوون لەسەردیندا گەڕاوی تاکو ئێستا؟

١٥–ئایا تۆی ئەوکەسەی کە ناتەوێ بچیتە دۆزەخەوە؟

١٦–ئایا بۆتەنها یەك جاریش بێت ژیاننامەی ئەم پیاوو ئافرەتە بەڕێزانەت خوێندوّتەوەو لە ژیان و بەسەرهاتیان خۆت شارەزا کردووە،(ئیبن تەیمیە و ئیمـامی ئەحمـەد و خـاتوو ڕابیعەی عەدەوی ) ؟

١٧–ئایا زانیوتە نیشانەکانی دووڕووچین؟وەسزای دووڕووان چین لە دواڕۆژدا؟

١٨–ئایا لەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خواﷺ تێ گەیشتووی کە دەفەرموێ: ( اللَّهُمَّ لَا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ وَلَا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ )[1]

١٩ –ئایازانیوت بەختەوەری مرۆڤەکان لـە کوێـوە سەرچـاوەی گرتـووەو بەچـی بەدەسـت

---

(١) رواه البخاري (٨٤٤) ومسلم (١٣٦٦) .

دێت و لەکوێشەوە تەواو دەبێت؟

٢٠-ئایا بەخوێندنەوەی ئـەم پەرتووکـەی بەردەسـتت بڕیـارت دا ئـیتر تەوبـە دوا نەخـەیت وبەردەوام بیت لەسەر دینی خوا وەساردبوونەوەو بێ تاقەت بوون ومانـدووبوون ڕووت تـێ نەکات،تائەگەیتە ناو گۆڕە تەنگ و تارەکەت.

پێشەوا شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێبێت)دەفەرموێت:

كُلُ العُلُومِ سِوى وَالقُرانُ مَشغَلَةُ     الاّ الحَديثَ وَالاّ الفِقهَ فِي الدِّينِ

أَلعِلمُ ماكانَ فيهِ قالَ حَدَثَنا     وما سِوى ذاكَ وَسواسُ الشَياطِينِ

واتە/ هەموو زانستەکان بۆفێربوون و فێرکردن خۆخەریك کردنە

تەنها فەرموودەوشارەزابوون لەدین نەبێت مایەی خۆڕزگارکردنە

زانست بریتیە لەوەی کە بتوانی بلێیت پێغەمبەری خواﷺوای فەرموو

جگە لەمانەش ئەوانی تر هەمووی وەسوەسەو ختورەی شەیتانەکانە

(کە پێشەوا زیاتر مەبەستی علم الكلام و فەلسەفەو مە نطقـــە کـە مرۆڤـەکان دوور دەخەنەوە لە فێربوون وبەدواداچوونی قورئان و سوننەت،وەهەمیشە فێری قيل وقال یان دەکەن ).

**لەکۆتایی ئەم باسەدا.......**

بۆهەمووکەسێکی خاوەن ویژدان وبەئاگا،لەکۆتایی ئەم نامەیەدا،پێت دەڵێم شەیتان خەوی لەخۆی قەدەغەکردووە تاکوتۆی بەندەی خوا لەسەر ڕێگای ڕاست لاببات وگومڕاوسەرلێشێواوت بکات،وە هەمووئاوات وئامانجی ئەوەیە کە شوێن کەوتوانی زۆربن ولەدواڕۆژیشدا لەناوەڕاستی دۆزەخەوە گاڵتە بەشوێن کەوتوانی بکات، وەبەتایبەتی لە هەموو سات و کاتەکاندا بەتایبەتی تر لەکاتی سەرەمەگدا،جاتۆش هوشیارو بەئاگابە نەکەی لەدونیاداخەمی گەورەت ڕازی کردنی شەیتان و شوێن کەوتوانی بێت، بەردەوام زمانت پاراو بکە بەیادی خوای گەورە،چونکە بەڕاستی گەورەترین و پەناگاترین شوێنە بۆپاراستنی تۆ لەشەیتان.وەبزانەهەرگیزخۆت ڕامەهێنە لەسەرتاوانی بچووك،چونکە هەردەوەنەو دەبێت بەدار،کاتێك ئەبوگالب مامی پێغەمبەری خواﷺگەیشتە سەرە مەرگ لەوکاتەدا ئەبوجەهل وعبداللەی کوڕی ئوبەی لەلای بوون،پێغەمبەری خواﷺهات بۆلای فەرمووی:ئەی مامە بڵێ﴿لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ﴾ئەمە وتەیەکە ئەگەر بیڵێی شاهێدیت بۆ دەدەم لەلای خوای گەورە لەڕۆژی دوایدا،جا یەکسەر دوژمنانی خوا ئەبوجەهل وعبدالله ڕوودەکەنە ئەبو تالیب و پێی دەڵێن:ئەوە چی دەکەیت ئەی ئەبو تالیب؟ئایا پشت لەدینی باب وباپیرانت هەڵدەکەیت؟جا پێغەمبەری خواشﷺ(بەردەوام لێی دووبارە دەکردەوە تا ئەو وشەپیرۆزە بڵێ وسەرفرازی دواڕۆژبێت)،بەڵام هاوڕێکانی وازیان لێ نەهێناو بەردەوام پێیان دەوت ئەی ئەبو گالب نەکەی! !ئیتر ئەوەبوو ئەبو گالبیش ووتی:من لەسەر دینی باب و باپیرانم دەمرم،وەڕازی نەبوو بڵێ:(لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّـهُ)(١) کەواتە: ئەی ئەوکەسەی دەتەوێ

(١) رواه البخاري (١٣٦٠) مسلم (٣٤) .

کۆتایی تەمەنت بە بەردەوام بوون لەسەردینی خوابێت،بزانە هاوڕێ و دۆستەکانت کێن و لەسەر کام بەرنامەو یاسا دەڕۆن،چونکە کێت خۆش بوێت یان هاوڕێی کێ بیت لەدونیادا لە دوا ڕۆژیشدا لەگەل ئەوکەسەدا کۆدەکرێییتەوەوڕاپێچی دوا مەنزڵی خۆت دەکرێیت،لەکۆتایدا داواکارم لەخوای گەورە کارەکانمان لێ وەربگرێت وبەگوێرەی قورئان و سوننەتی خۆشەویستەکەی ﷺ بڕۆین بەڕێوە.

(( وە داوایەکی برایانەش بۆ هەموو خوشك و برایەکی بەڕێز هەرکات لەدوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە هەستتان بە هەڵەو کرچ و کاڵی پێنووس کرد تیایدا ئاگادارم بکەنەوەو خۆشتان ڕاست کەرەوەی هەڵەکەبن،چونکە بێگومان هیچ مرۆڤێك نیە هەڵەو لەبیرچوونی نەبێت، تەنها خوای گەورە و میهرەبان بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەڵاتەو هەر خۆشی شایانی بێ هەڵەو بێ کەم وکوڕیە))

براتان

م.فەرەیدون موحەممەد ( ناحیەی تەکیە )

ژ.مۆبایل ( ٠٧٧٠١٤٣١٧٧٩)

﴿ أللّهُمَ يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ ﴾

﴿ وَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى لَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ شَرِيكٌ فِى ٱلْمُلْكِ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ وَلِىٌّ مِّنَ ٱلذُّلِّ ۖ وَكَبِّرْهُ تَكْبِيرًۢا ﴿١١١﴾ ﴾ الإسراء: ١١١

## سەرچاوەکان

**١- قورئانی پیرۆز.**

٢- تفسير القران العظيم / أبي فداء اسماعيل ابن كثير.

٣-مختصر تفسير الطبري/أبي يحي محمد بن صمادح التجيبي

٤- صحيح البخاري/شرح غريب صحيح البخاري لابن الحجر العسقلاني

٥- صحيح مسلم/شرح صحيح مسلم يحيى بن شرف النووي

٦- صحيح الجامع الصغير/الشيخ المجدد محمدناصرالدين الالباني

٧- صحيح الترغيب والترهيب/الشيخ المجدد محمدناصرالدين الالباني

٨- أحكام لجنائز وبدعها / الشيخ المجدد محمدناصرالدين الالباني

٩- صحيح وصايا الرسول/سعد يوسف أبوعزيز

١٠- الاستقامة/ للشيخ أحمد بن عبدالحليم ابن تيمية

١١-أحياء علوم الدين /الامام الغزالي

١٢_ جامع العلوم الحكم/ابن رجب الحنبلي

١٣_ الزهد / الامام احمد بن حنبل

١٤- الاخلاق الاسلامية/سعد يوسف ابو عزيز

١٥- حسن الخاتمة/يوسف الحاج احمد

١٦-كتاب التعريفات/علي بن محمد الجرجاني

١٧- معلومات مهمة من الدين لايعلمهاكثيرمن المسلمين/ محمد بن جميل زينو

١٨- الثبات على الاسلام /سليم بن عيد الهلالي

١٩- الثبات في الدين واثره في حياة الامة /محمد بن احمد سيداحمد

**٢٠- مردن و ژیانی ناو گۆڕ/ م.محمد مەلا فائق**

**٢١- هۆکارەکانی دامەزراوی / سەعدی عەلی حەسەن**

**٢٢_ بەهەشتی تامەزرۆیان /م.عبدالمجید عبدالحمید**

**٢٣- گۆڤاری ڕێگای ڕاست/ ژمارەکانی ١،٣،٩،١١**

# پێڕستی بابەتەکان

بابەت — ژمارەی لاپەڕە

١- پێشەکی ........................................ (٧)
٢- پێناسەی بەردەوام بوون ........................................ (٩)
٣- بەردەوام بوون لەسەر کام ڕێگا؟........................................ (١١)
٤- موژدەیەك بۆ ئەوانەی بەردەوامن لەسەر دین........................................ (١٤)
٥- ڕاڤەی ئایەتەکان دەربارەی بەردەوام بوون........................................ (١٦)
٦- گوڵبژێریێك لە فەرموودەکان دەربارەی بەردەوام بوون........................................ (٣٣)
٧- بەردەوام بوون لە ڕاو بۆچوونی هاوەڵانەوە........................................ (٤٤)
٨- ئایا باوەڕ جێگیرە یان زیادو کەم دەکات؟........................................ (٤٧)
٩- گرنگترین هۆکارەکانی بەردەوام بوون لەسەر دین........................................ (٥٩)
١٠- بەردەوامی و دامەزراوی هەڵگرانی دینی خوا........................................ (٩٤)
١١- کۆتایی هاتنی تەمەن بە چاکە یان بە خراپە........................................ (١١٠)
١٢- نیشانەکانی کۆتایی هاتنی تەمەن بە چاکە........................................ (١١٣)
١٣- کۆتایی هاتنی تەمەن بە خراپە........................................ (١٢٠)
١٤- نیشانەکانی کۆتایی هاتنی تەمەن بە خراپە ........................................ (١٢٧)
١٥- لەم چیرۆکانە پەند وەربگرە ........................................ (١٤٦)
١٦- پێش ئەوەی لە قیامەت پەشیمان بیتەوە ئاگاداربە........................................ (١٤٩)
١٧- مژدەیەك بۆ نامۆکان لە دونیادا........................................(١٥٢)
١٨- ئایا تاکو ئێستا لە خۆت پرسیوەتەوە؟........................................ (١٥٤)
١٩- لە کۆتاییدا ........................................ (١٥٧)
٢٠- سەرچاوەکان........................................ (١٥٩)
٢١- پێرستی بابەتەکان........................................ (١٦٠)